خالید نیر توغرول

رومان

دوایین هەناسە لە سوجدەدا

www.iqra.ahlamontada.com

دواین هەناسە
لە سوجدەدا

دوایین هەناسە لە سوجدەدا

خالید ئیرتوغرولّ

ناوی ڕۆمان: دوایین هەناسە لە سوجدەدا

نووسینی: خالید ئیرتوغرولّ

وەرگێڕانی: تارا محمد

تیراژ: (٢٠٠٠) دانە

نۆبەی چاپ: یەکەم

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە(١٧٨٦)ی ساڵی ٢٠١٢ی پێ دراوە

ناوەندی ڕاگەیاندنی تارا

بنکەی سەرەکی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ناوەندی ڕاگەیاندنی تارا – سلێمانی / شەقامی پیرمێرد

0770 358 7100 - 0750 106 9589 - 0748 013 4669 ara.m@hotmail.com

© سەرجەم مافەکانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕاگەیاندنی تارا

ناوەندەکە ڕێگە نادات بە لەچاپدانەوەو کۆپی کردن یاخود دابەزاندنی لە سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، یاخود خستە سەرشێوازی دەنگۆ میدیاکان بەهەر شێوازێك بێت. سەرپێچیکارێش توشی سزای یاسا دەبێتەوە.

دواین هەناسە
لە سوجدەدا

نووسینی

خالید ئیّرتوغرولّ

وەرگێڕانی

تارا محمد

نۆبەی چاپ

یەکەم - ٢٠١٣

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

ڕۆژانە لە خوێنەرەکانمەوە دەیان نامەو پەیامم پێ دەگات... بەڵێ، بابەتەکانی ناو ئەم کتێبە کە هەڵگرزاوی بەسەرهاتەکانی ژیانی کەسێکە، وەك ئەوانی تر وایە. ئەم چیرۆکی ژیانە بەجۆرێك پڕ لەوانەی بەپەند بوو هەر لەبەکەمین خوێندنەوەیدا بەتەواوی مانا کاری تێ کردم! لەدڵی خۆمدا وتم: بەدڵنیاییەوە دەبێت بکرێت بە کتێب. یەکسەر پەیوەندیم بەو خوێنەرەمەوە کرد کە نامەکەی بۆ ناردبووم و، بەتەواوی گوێم بۆ بەسەرهاتەکەی گرت، سەرسوڕمان و پەرۆشیم زیادی کرد..." خودایە چۆن شتی وا دەبێت!"....، ئیتر ئەو ڕووداوە سەرسوڕهێنەرەی کە مرۆڤ سەرسام دەکات بەشێوەی کتێب هاتە بەرهەم.

" دوایین هەناسە لە سوجدەدا"...

ئەم بەرهەمەی کە لەو بەسەرهاتە ڕاستەقینانە دروست بووە سەرتاپا یادەوەری و سەرگوزشتەی پڕپەندە، بەمەبەستی هۆنینەوەی ئەدەبیات یاخود بانگەشەی شابەرهەمیی نەنووسراوە، لەبەر ئەوە ناکرێت ئەم کتێبە" دوا هەناسە لە سوجدەدا" بەپێوەرە بەرزە ئەدەبیەکانی چیرۆك و ڕۆمان هەڵبسەنگێنرێت.

ئەو کۆمەڵەی ئامادەمە ئەم کتێبەیان پێ بگات، بەتایبەت چینی گەنجانن، لەبەر ئەوە تێگەیشتنی ئاسانەو بە شێوازێکی سادە داڕێژراوە و ڕستەی کورتی تیادا بەکارهاتووە، هەر لێرەوە دەمەوێت ئەوەش ڕوون بکەمەوە، کە بۆچی باس و بابەتی هاوشێوە لەناو کتێبەکانماندا کاریان لەسەر دەکرێت؟! ئەمە دوو هۆکاری بنچینەیی هەیە:

یەکەم: ڕووداوە باسکراوەکان ڕۆمانێك، چیرۆکێك، یاخود کارێکی مۆنتاژ کراو نین، بەتەواوی چیرۆکێکی وەرگیراوە لە ژیان و بەسەرهاتی ڕاستەقینەی کەسێك، لەبەر ئەوە دەبێت وەك خۆی بگێڕدرێتەوەو هەرگیز لەبەر فەنتازیاو جوانی، ڕووداوەکان ناگۆڕێن.

دووەمیش: ئەو بابەتانەی دەوروژێنرێن، بۆ پتەو کردنەوەی بەها ڕەوشتییەکانی کۆمەڵ و بەتایبەت چینی لاوانە، ئەمانە ئەو بابەتانەن کە وا دەکەن خوێنەرەکان بەژیانی خۆیاندا بچنەوەو ڕووداوەکان هەڵسەنگێنن و لە وردو درشتی هەڵەکانی خۆیان بپرسنەوە.

گومانمان نییە لەوەی هەر لەگەنجانەوە تا پیرەکان، لە هاوسەردارەکانەوە تاکو زگوردی و تاکەکان، لە سەرۆکەکانەوە تا کرێکارەکان بەگرنگیەوە ئەم کتێبە دەخوێننەوە، بۆ هەموشیان ئەوەندەی پێویست وانەو پەندی مەعنەوی هەیە...ئەوانەی بەرگەی فرمێسکەکان دەگرن...! فەرموون.....

خالید ئێرتوغرول

بەشی یەکەم

هەموو شتێك لەئاگرێکەوە دەستی پێکرد

بازاڕی گیان..

لە هۆڵەکانی بەشی ناوخۆیی کچاندا.. لەپڕێکدا دەنگ و هاوار بەرز بووەوە، ئەوەی گوێی لەو دەنگە بوایە ڕۆحی دەهاتە لووتی.

– ئاگر کەوتووەتەوە، ئاگر!

– هەستن، هاوڕێکانتان بەئاگا بهێننەوە!

– خێراکەن، گیانی خۆتان ڕزگار بکەن!

– دەسوتێن! دەسوتێن!

لەناو ئەم کابوسی هاوارو پەشۆکانەدا بەترسەوە لەجێگاکانمان ڕاپەڕین!

لەناو دووکەڵی خنکێنەرو بێ ئاماندا کە قوڕگ و سیەکانمانی ئاخنی بوو واقمان ورمابوو، نەماندەزانی تووشی چی بووین.. ئەو

کچە خوێندکارانەی کە هاوارو نالەیان گوێیەکانی کاس دەکرد، دەتوت لە بازاڕی گیاندان و تۆزێکی تر گیانی ئەوانیش هەڕاچ دەکرێت.

لەوەش ترسناك تر، کارەبا بڕابوو، دونیا تاریك و نوتەك چتاو چاوی نەدەبینی.

هەمووان لەناو ئەو تاریکاییە ئەنگوستە چاوەدا کە زیاتر لە چاڵێکی جەهەننەم دەچوو لەترس و پەشۆکانی خۆمان باوەشمان بەیەکتردا دەکرد، لە هەموو گەردەکانی لەشمانەوە هەستمان بەبەرکەوتنە ترسناکەکانی مەرگ دەکرد.

وەك ئەوەی (ئیزرائیل) بە تەوقێکی پۆڵایی تونند قوڕگمانی گرتبێت و مێشکمان بە ترسی مەرگ بتاخنێت!

هەموو خوێندکارەکان کە بەژاوەژاوە بەرزەکە بەئاگا هاتبوون، لەناو دووکەڵە خنکێنەرەکەدا تا لێواری مەرگ دەکۆکین، دوای هەڵگرتنی چەند هەنگاوێك بەرگەیان نەدەگرت و دەکەوتن بەزەویدا، تەنانەت لەمانەش سەیرتر لەپێناو بەرەنگار بوونەوەداو، بۆ دۆزینەوەی ڕێگای دەرباز بوون، پاڵیان بەدەرگاکانەوە دەنا هێرشیان بەرەو پەنجەرەکان دەبرد، تەنانەت لە نهۆمی چوارەمەوە پەنجەرەیان دەشکاندو خۆیان دەخستە خوارەوە، ئەم کردەوە پڕ لە ناچاریی و بێ بیرکردنەوەیەش هەموو ئومێدەکانی ژیانیانی سفر دەکردەوە.

– دایه گیان، خەریکە دەخنکێم!..

– بابە گیان، وادەمرم..!..

– کەس نیە یارمەتیمان بدات؟!..

– بەفریامان بگەن..!

نالەو هاواری بەسوێی ئەو کچە نازدارانەی دایکیان کە بەخەیاڵە ئەرخەوانیەکانیان ژیانیان لە ئامێز گرتبوو، دڵی دادەچڵەکاند جگەری پارچە پارچە دەکرد، بەڵام دیوارە کەپەکانی بەبەزەیی نەدەهێنا! لەو شەوە سامناکەدا کە ئەو ڕۆحە گەنجانەی تیا لەناو دەچوو، کەس قسەی کەسی نەدەبیست، کەس یارمەتی کەسی نەدەدا . لەو کارەساتە پەرێشانکەرەدا کە لەو بەشە ناوخۆییەی کچاندا دەگوزەرا، گەنجەکان بەسەریەکدا دەڕێشتن و شەپی ئەوەیان دەکرد خۆیان پێش ئەوانی تر فڕێ بدەنە دەرەوە، بۆ ڕزگاربوون لەو فڕنە کڵپەسەندووە، بە کێشەکێش خۆم بەسەر ئەو خوێندکارە بێهۆشانەی سەر زەوییەکەدا ڕادەکێشاو بۆ شوێنی دەرباز بوون دەگەڕام. ئەوە یەکەمین جار بوو لە ژیانمدا بەو شێوەیەو بەو پەشۆکانەوە هەوڵ بدەم لە مردن ڕابکەم، نازانم چۆن بوو، بەڵام پاش کەمێك خۆم لەدەرەوە بینیەوە، ئیتر بەهۆی بەرگەنەگرتنم بەو دووکەڵەی لەناو سیەکانمدا دەسوڕایەوەو وەکو چەقۆ هەناسەکانمی دەبڕی، کەوتمە سەر ئەو شەقامەی شەختە سەهۆڵ داپۆشیبوو، هەوای دەرەوە هێندە ساردبوو مرۆڤ دەیبەست، منیش هەر لە ملمالانێی ژیاندابووم.

" ئـاه بـۆ هەناسـەیەك .. خـەریکم دەخنکـێم.. خـودای مـن هەناسـەیەك.."، لەوکاتـەدا تێگەیشتم کـە بەشـی هەناسـەیەك هـەوا چـەندە گرنگـە بـۆ مرۆڤ...مەگـەر لەوکاتـەدا بـۆ یـەك هەناسـە چـیم نەدەبەخشـی...! مـن و دەیـان هـاوڕێم لەسـەر نیـو مـەتر بـەفر کەوتبووین و بۆ هەناسەیەك گیانمان دەدا. ئەوێ لە شۆستەی شـەقام نەدەچوو، بەڵکو لەناو سەرمای بێ ئامانی ئەو شەوەدا دەتوت بازاڕی هەڕاج کردنی گیانی ئەو مرۆڤە گەنجانەیە.

خودایـە... ئـەوە چ نەگبەتیـەك بـوو! ئەوانـەی لـە نهۆمـەکانی سەرەوە خۆیان فرێ دابوو، ئەوانەی لە نهـۆمی خـوارەوە دەشـێلران، ئەوانەی ترنجابوونە سوچ و گۆشە تاریکەکانەوە، ئەوانەی دەستیان، قاچیان، سەریان شکابوو، لەشیان سوتا بـوو... ئەوانـەی بـە دوایـین هەناسەی سوتاویانەوە هاواری مالئاواییان لەدایك و باوکیان دەکرد...

ئەو تابلۆ بەسوێیە هەناوی ئاگر تێ بەردەدا، وەکو خەنجەر لەدڵی دەدا، کۆتـایی بـە هـەموو ئومێـدەکان دەهێنـا و خەیاڵـەکانی دەبڕاندەوە... ویژدان و دڵەکان بەرگەیان نەدەگرت..!

ئـەوە فیلمێکـی ڕاستەقینەی ئەوەنـدە پـڕ ئـازار بـوو کـە بـاس نەدەکرا.. مەگەر کەسێك بەسەری هاتبێت تێ بگات...

ماوەیـەکی زۆر تێنەپـەڕی ئـەو شـوێنە وەك سـەرای مەحشـەری لێهـات. ئـاگر کۆژێنـەرەوەکان، ئـەمبولانس و دەستەی فریاکـەوتن،

هاوڵاتیانی ئەو دەوروبەرەو ئەو کەسانەی کە بەهەڵەداوان بۆ یارمەتی هاتبوون...

شڵەژاویەکی زۆر بەدی دەکرا. هەرکەسەو شتێکی دەوت بەڵام دیار نەبوو کێ چی دەڵێت..! کە ئەو تۆپەڵە ئاگرو گڕەی لە سەقف و پەنجەرەکانەوە دەکەوتە خوارەوە دەستی کرد بە ڕۆشن کردنەوەی چواردەور، ئەو دیمەنە تۆقینەرە هێندەی تر بە ئاشکرا دەرکەوت.

لەناو ئەو بارودۆخە سامناکەدا، نازانم چەند جار دایك و باوکم لە پێش چاومدا هاتن و چوون، چەند جار خەیاڵەکانی گەنجیم لەگەڵ زەویدا یەکسان بوون، چەند جار حەسرەت و خۆزگەکانم سوتان و بوونە خۆڵەمێش.

ئەو تابلۆی ماڵئاواییە سات لەدوای سات ژیانمی دەسوتاندو، وەکو پشکۆ دەچزا بە ڕۆحمداو لەناوی دەبردم.

دوور لە خێزانەکەم کە وەك چاویان پارێزگاریان لەمن دەکرد، لەناو دەستی گەورەی بێ چارەییدا بە شوێن تیشکی ئومێدێکدا دەگەڕام، بەجل و بەرگی ماڵەوە خۆم هەڵدا بووە دەرەوە و بە پێخاوسی لەناو نیو مەتر بەفردا بەشوێن تروسکاییەکدا وێڵ بووم، پێم پەتی بوو، بەڵام سەیر بوو چونکە هەستم بەسەرما نەدەکرد، بەتەواوی تووشی شۆك بوو بووم! هەوڵم دەدا دووریکەرمەوە لەو بەشی ناوخۆیی کچانەی لە گەڕەکێکی قەراغ شاردا دروست کرابوو، لەپێناو ئەوەی بگەمە جێگەیەکی باوەڕ پێکراو، ڕاست بەرەو ناو ئەو

خەڵکە غەریبانەو ئەو مالانەی کە لە گڵ دروست کرابوون دەستم بەڕاکردن کرد، ناتوانم وەسفی بکەم چەندە لەترس و شپرزەییدا بووم! بەجۆرێك وام دەزانی ئەگەر ئاوڕێك بەرەو دواوە بدەمەوە، ئەو کڵپە تۆقێنەرانەی لەبەر چاومدا وەك ئەژدیهایان لێ هاتبوو منیش وەکو هاوڕێکانم قووت دەدەن.

کاتێك کەوتمە ناو ئەو ڕیزە خانۆچکە گڵە یەك نهۆمیە بچووکانەوە بۆ ئەوەی ئامانجێك بۆ خۆم دیاری بکەم پاڵم بە ستونێکی کارەباوە دایەوەو دەستم کرد بە بیرکردنەوە. بۆئەوەی بتوانم هەناسە بدەم خێرا خێرا هەوام هەڵدەمژی، ئەو کاتە هەستم کرد کە چەندە لەحاڵێکی پەرێشاندام.

ئای خوایە گیان...

ڕێك لە کەسێکی داماوی شێواو دەچووم کە لە جەنگ گەڕابێتەوە، قۆڵی ڕاستم لە ئازاردا هاواری دەکرد، کە کەوتبووم بەزەویدا زۆر بریندار بوو بوو، قاچەکانم بریندار بوو بوون و خوێنیان پێدا دەهاتە خوارەوە. کاتێك لەناو قەرەباڵغیەکەدا کەوتبوومە سەر زەوی، چەناگەم زامدار بوو بوو، تا دەمسڕێ زیاتر خوێنی لێ دەهات، سوتاویەکانی پشتیشم ئازارەکەی هەر باس نەدەکرا، کە دەهاتمەوە هۆش خۆم زیاتر هەستم بەئازار دەکرد.

جلەکانی بەرم شڕوشیتاڵ بووبوون، توانام نەبوو یەك هەنگاوی تر بێنم، چۆن خۆمم بشاردایەتەوە لەوانەی کە لەو حاڵەمدا دەیانبینم!؟

ئازاری سەختی برینەکانم و سەرما تەزێنەرەکەی ئەو شەوە وەک چەقۆ کاری لەگیانم دەکرد بەجۆرێك بەرگەی نەدەگیرا، دەمزانی ئەگەر جێیەکی گەرم نەدۆزمەوە، نیو کاتژمێری تر بەرگە ناگرم و هەموو لاشەم دەیبەستێ، لەناو جەرگەی ئاگرەوە پزگارم بوو بوو بەڵام وەکو بەرخێك کە لەناو قوڕگی شێردا بێت، لە سەرمای بێ بەزەیی زستاندا چاوەڕوانی مەرگ بووم.

سوپرایزی ژیانم:

دانیشتوانی ئەو گەڕەکەی کەناری شار هەندێکیان لە پێشی دەرگاکەیان وەستا بوون تەماشای ئەو دیمەنە دڵتەزێنەیان دەکرد، هەندێکیشیان بە خاکەناز سەتڵ و هەر شتێکەوە کە دەکەوتە بەردەستیان بۆ یارمەتی ڕایان دەکرد، هەستێکی سەیر لەناو ناخمدا دروست بوو بوو کە ئازارەکانمی بیردەبردەوە، لەبەرامبەر ئەو خەڵکەی ئەنادۆڵدا کە پێشبڕکێی هاوکاری کردنیان دەکرد، هەوڵ و تەقەلای ئەو کەسە غەریبانە بۆ چارە دۆزینەوە بۆ ئەو بێ چارانە، بەدرێژایی ژیانم وێنایەکی نەسڕاوەی لەمێشکمدا جێ هێشت بوو.

کاتێك هەستم کرد سڕ بوونی پەنجەکانم زیاد دەکات و بەرەو قاچم و هەموو گیانم پەل دەکێشێت، زۆر ترسام بەخێرایی بەئومێدێکی زۆرەوە بەرەو مااڵێکی بچووکی یەك نهۆمی نزیك خۆم ڕاپشتم، خانمێکی پیر کە هەر لەپەنجەرەی ئەو ماڵەوە حاڵی پەرێشانی منی

بینی بوو دەرگاکەی کردەوە و بەپەلە هاتە دەرەوە وەکو چۆلەکە بالەکانی بۆکردمەوە لەئامێزی گرتم:

- ڕۆلەکەم... بەرخەکەم..سەیری حاڵی بکە، خۆ بوینە سەهۆڵ، خێراکە وەرە ژوورەوە، بەقوربانت بم باڵا بەرزەکەم، ئێرە جێگەیەکی باوەڕ پێکراوە، دەتوانی وەکو ماڵی خۆت ئاسوودەبیت فریشتەکەم...

ئەو خانمەی کە لە هەستەکانیدا هێندەی سەدان دایک خۆشەویستی و میهری لێ دەباری، بەئامێز گرتنەوە منی بردە ماڵەکەی، لەناو زۆپایەکی تەنەکەدا کۆمەڵێك وردە دار دەسوتا، دۆشەك و سەرینی کۆن کە بەپیز دانرا بوون، بەچوونە ژوورەوەم بۆ ناو ئەو خانووە گڵە یەك نهۆمە بچووکە، ڕووبەڕووی دیمەنێکی باوەڕ پێنەکراو بوومەوە، ڕێکو پێکی و خاوێنی ناو ژوورەکە بەجۆرێك سەرنج ڕاکێش بوو، کە دەتوت جوانی ناو ناخی ئەو خانمە پیرە لەناو ماڵەکەشدا ڕەنگی داوەتەوە.

منی لەسەر قەنەفەیەکی بچوك و بەڵام سەرنج ڕاکێش پاڵ خست، لەدایکێك دەچوو کە نەوەیەکی خۆی لەکارەساتێك گەڕابێتەوە، باش دیاربوو لە ناخەوە خەمی بۆ دەخواردم، هەروەك ئەو وشە پڕ خۆشەویستی و سۆزانەی لەزمانیشی دەباری، وەکو چارەسەری دەروونی کاری لەدەروونم دەکردو مەست دەبووم پێی.

لەناو ئەو ئازارە زۆر و سەرما بەرگە نەگیراوەدا، ئەگەر ئەو خانمە میهرەبانەم نەبینیایە، حاڵم چی بەسەر دەهات، نەمدەتوانی بیریشی لێ بکەمەوە، لەتەنیشت ئەو زۆپایەدا کە کەش و هەوا ساردەکەی گۆڕی بوو بەگەرمای مانگی ئاب، ئەو پزیشکە میهرەبانەش دەستی کرد بە گۆڕینی جلە دڕاو و تەپەکانم، لەلایەك دەست و قاچی دەشۆردم بۆ ئەوەی ئەو لەرزینەم بوەستێنێت کە نەمدەتوانی بەسەریدا زاڵ بم، لەلایەکی تریش وەکو پەرستار برینەکانمی پاك دەکردەوە.

زۆر سەرسام بووم کە لەو ماڵە هەژارەدا تیمارکەرێکی بەئەزموونی وەك ئەم خانمەو هەموو پێویستییەکی برینپێچی هەبوو! سەرسام بووم بەلێزانی و ئەزموون و میهرەبانییەکەی.. ئەی دڵی بۆ نالێی؟! سۆزی ئەو چارەسەری ڕاستەقینەی من بوو، چونکە هەموو تەمەنم لەشوێنێك بەسەر بردبوو کە نەمدەزانی پێویستی چییە، هەموو شتێکم بە پارە دەکڕی، ئاواتی هەر شتێکم بخواستایە بەدەستم دەهێنا، بەڵام تا ئەوکاتە نەمزانیبوو چەندە موحتاجی خۆشەویستیم، لەنێو ئەو خزمەتکارانەی لەمندااڵیمدا بەدەممەوە بوون نە ئەو میهرەبانیەم بینیبوو و، نەهەستم بەو گرنگی پێدانە کردبوو.

خانمی پیر کە دەستی بە برینەکانمەوە بوو لەلایەك دەیوت:" قوربانت بم کچم، زۆر ئازارت هەیە؟!" دەستی بەسەرمدا دەهێنا، لەلایەکی تریش بۆ گەرم کردنەوەی دڵە سڕپووەکەم میهرەبانی و

قسەی خۆشی بە گوێدا دەچرپاندم. ئەو نزیکییە بێ هاوتایەو ئەو فیداکاری و هاوکارییەی لە ژیانە پڕ بریق و باقە دەوڵەمەندانەکەمدا کە خزمەتکارەکان بەیەکدا دەهاتن و هەمووانی ئەبڵەق دەکردو زۆرکەس ئێرەیی پێ دەبرد نەمبینیبوو، لەناو ئەم ماڵە گڵە بۆن خەڵوزە بچکۆلەیەی ئەنادۆڵدا کە کەلوپەلەکانی ناوی بە پەنجەی دەست دەژمێردران دۆزیمەوە.

لەپشت سەرمەوە ئەو خانمە پیرە وەستا بوو، هەر لەدایکێك دەچوو کە چەندین ساڵە چاوەڕێی ڕۆڵەکەیەتی، وەك ئەوەی من تاکە سەروەتی ئەو بم لەدنیادا، چاوەکانی لەسەر لانەدەبردم و وەکو ڕۆڵەی خۆی بۆنی پێوە دەکردم.

– ڕۆڵەکەم، شتێکی وات نیە، من بە دەستەکانی خۆم تیمارت دەکەم، ئێرە باشترە لە نەخۆشخانە، هیچ کەس وەکو من ئاگادارت نابێت!

ئەو دەریای سۆزەی کە لە چاوەکانیدا دەمبینی تەواو سەرسامی کردبووم، نەمدەتوانی دڵنیابم کە ئەم خانمە بەڕاستی مرۆڤە، یان فریشتەیە.

وادیار بوو لە نیگاکانمەوە خەیاڵمی خوێندەوە" ئێوە کێن؟" کە وەڵامی دایەوە : ڕاستە لەپەرۆشیما نەپرسیاری ناوی تۆم کرد، نەخۆیشم ناساند. بە هەستێکی گەرم و میهرەبانییەکی زۆرەوە قسەی بۆ دەکردم.

– ڕۆڵەکەم، من پەرستارێکی خانەنشینم، ناوم فاطمەیە. چەند ساڵێك بەر لەئێستا هاوسەرەکەم لەدەست دا، لەدوای ئەوەش خەڵکی بێ ئینساف هاتنە سەرسەرم و بەناوی ئەوەی" هاوسەرەکەت قەرزی ئێمەی لایە"..... هەرچیمان هەبوو بردیان، لەگەڵ منداڵە تاقانەکەم ڕووبەڕووی ئەو ژیانە سەختە بوینەوە، لەکڕتاییدا ئەم خانووە بچوکەم دەست کەوت ئێستاش لەگەڵ کوڕەکەم دەژین و سوپاسگوزاری خوایین.

دیسان لەناو چاوانی منداً خۆی ون کرد، چی لە چاوەکانمدا دەبینی نازانم، کە سەری ڕاوەشاند بەخەمبارییەوە پاش کەمێك برژانگەکانی بە نەرمی جوڵاندو بە هەستێکی شیرینەوە:

– ئێرە جێگەیەکی زۆر پڕ متمانەیە، لەگەڵ گەڕەکەکەشدا وەکو یەك خێزانین، لێرە هیچ کەس زیانی پێ ناگەیەنرێت، هەمووان چاکە خوازن و حەزیان بەیارمەتییە، پشوو بدەو ئاسوودە بە ڕۆڵەکەم، تا چاك دەبیتەوە میوانی ئێمەیت.

ئەمە دەبێت فریشتە بێت:

ئێتر دەمزانی ئەو خانمە فریشتەیەی ئەو هەموو ترس و دڵەڕاوکێ و ئازار و ناڕەحەتیەی لەبیربردمەوە کێیە، ئەو جۆرە کەسانەی لەناخەوە بۆ ئەوانی تر دەسوتێن وەك حەزەتی خضرن، وەك

ئەولیان چ بەختەوەری و ڕێزێکی زۆر بوو بۆ من کە ببمە میوانی کەسێکی لەو جۆرە.

لەناو دەریای میهری ئەو خانمەدا خۆم ون کردبوو لەناخی خۆمدا دەموت: خودایە! مرۆڤێك دەتوانێت بەم جۆرە کاریگەریی لەسەر دەروونی ئەوانی تر هەبێت! دەکرێت بەم سادەییە مرۆڤ بتوانێت لەناخەوە هەستی خۆشەویستی و هاوسۆزی و دۆستایەتی دەربېڕێت!

مرۆڤ بە سەیرکردنیشی ئاسوودە دەبوو، وەك چارەسەرێکی ئەفسوناوی هەموو دەردو خەم و نەخۆشیەکانی ڕەواندەوە.

- ڕۆڵەکەم ئەی تۆ کێیت؟

ئەوەندە لەدڵەوە ئەو پرسیارەی کرد سەرسام بووم وەك ئەوەی چەندین ساڵ لەچاوەڕوانی کەسێکدا بووبێت کە لە دەرگاکەی بدات. ئەو ڕوخسارە پڕ میهرەشی وەك ئەوە بوو لەپەرۆشی چاوەڕوانیەکەیدا ئەو کەسە من بم! چەند شەرم بوو، بەرامبەر ئەو مرۆڤە باش و ناوازەیە، وەڵامم پێ نەدرایەوە ئەو شوێنەی لێوەی هاتووم و ئەو ژیانەی تیایدا ژیاوم شایەنی ئێرە نییە بەخەمبارییەوە ڕووم وەرگێڕاو تەنها توانیم بڵێم:

- ناوم (ئیلکای)یە..

دوای ئەوە قسەم پێ نەکرا، بێ گومان ئەو خانمە تێگەیشتوەش وای بیرکردۆتەوە ئەوە هۆکارێکی هەیە بۆیە لەسەری نەڕۆیشت.

بیرم له هەموو ئەو پووداوانە کردەوە کە بەسەرمدا هاتن، خەیاڵم ڕۆیشت، باوەڕم بەو شتانە نەدەکرد کە هاتنە ڕێم، من کچی بازرگانێکی بەناوبانگ بووم، کە لە ژیانمدا نەبوونی و بێ چارەیی و قەدەری ناخۆشم نەدیبوو، ژیانم لە دەوڵەمەندیدا بەسەر بردبوو ئەوەی بمویستایە هەبوو، ئەوەی داوام بکردایە بۆم دەکرا، بەنازداری گەورەکرا بووم، لەخوێندنگەی تایبەت خوێندبووم لای مامۆستای تایبەت وانەم وەرگرتبوو، هەر بەمندالّی سکرتێرو شۆفێری خۆم هەبوو کە خۆم پێم دەوتن چی بکەن و چی نەکەن. شار نەمابوو گەشتم بۆ نەکردبێ و وڵات نەمابوو سەردانم نەکردبێت و هیچ شوێنێکی گەشتیاری نەمابوو سەرم پیانەکردبێت. لەمالّی باوکی دەوڵەمەندمدا بە ڕۆحێکی سەردەمی و سەربەستەوە هەڵسوکەوتم دەکردو، کەسێکی بێ بەندوباروگوێنەدەر بە عەیبەو سەرکەشم لێ دەرچووبوو. کەسێکی لووتبەرزو لەخۆباییم لێ دەرچوو بوو کە نەمدەزانی لەخوارەوە چی دەگوزەرێ، تەنها لەخەمی خۆشیەکانی خۆمدا بووم.

باوکم لەوەتەی هەبوو دین و کەسانی دینداری هیچ خۆش نەدەویست، ئەو بارە ڕۆحیە خراپەی ئەویش کاریگەری لەسەر هەموو خێزانەکەمان بەجێ هێشت بوو، لەوانەیە ئەویش لەژێر کاریگەری ئەو دەورو بەرەیدا بووبێت کە مولحیدی بە ڕەچەڵەک جولەکەبوون، بەڵام لایەنی کەم ئەگەر ئەوان لەڕۆژانی بۆنە و

جەژنەکاندا لەکلتوری خۆیان لایان نەدەدا و ڕێزی یادەکانیان دەگرت ئێمە بەرامبەر جەژن و یادەکانی خۆشمان هیچ ڕێزێکمان پیشان نەدەدا.

لەناو ئەو پارەیەی کە وەکو لافاو لەبەردەستمدا دەڕۆیشت و لەو دونیایەی کە چاوی ئەبڵەق دەکرد، بەردەوام لە حەسرەتی نەبوونی دوو شتدا بووم: خۆشەویستی و وەفا.... لەناخی ئەو مرۆڤانەدا کە بوبوونە بەندەو کۆیلەی پارە هیچ نیشانەیەك لە ئاسوودەیی و خۆشەویستی پاك و وەفا نەدەبینرا، لەبەر ئەوە زۆر زوو لەو دونیا ساردو سڕە پڕ لە بەرژەوەندییە بێزار بوو بووم.

باوکم لەدوای ئامادەیی، بۆ خوێندن منی دەنارد فەرەنسا بۆ خوێندنی ئەکادیمی و بوون بەکەسێکی زانست دۆست. بەڵام من ئەمەم ڕەت کردەوە چونکە لەکەسانی گیرفان پڕو ڕۆح بەتاڵ و دوور لەهەست بێزار بوو بووم ، لەبەر ئەوە لەسەر داوای هاوڕێیەکم بڕیارم دا بۆ ناسینی کەسانی هەژارو غەریب بچینە شارێکی بچوکی ئەنادۆڵ چونکە ئەو هاوڕێیەم پێی دەوتم لەوێ دۆستایەتی ڕاستەقینەو ژیانێکی دروست و خۆشەویستیەك لەناخەوە هەست پێ دەکەیت، منیش هەر لە حەسرەتی ئەمانەدا بووم.

خۆشەویستی ئەم خاکە:

ئەم خۆشەویستیە منی هێنایە ئێرە، کە بەم جۆرە منی لەو نازو نیعمەتانەوە، لەخوێندنی تایبەت و ژیانی تایبەت و ئۆتۆمبێلی تازە مۆدیلەوە، فڕێ دایە ناو ئەم ڕووداوانەوە سەرەڕای ئەوەی کە باوکم پێی وتم:" ئەگەر گوێ لەمن نەگریت، لەمنالّی خۆم بێ بەریت دەکەم"..... بەلاّم من هەر لەسەر قسەی خۆم سوور بووم.

سالّێك دەبوو هاتبوومە ئێرە لە کۆلێژی کارگێڕی دەمخوێند لەڕاستیدا لەژێر پەردەی خوێندندا، بەدوای ئەو دونیا ئەفسوناوییەدا دەگەڕام کە چەندین سالّ بوو بە حەسرەتەوە لە هەرێمی ڕاستگۆیی و سەر ڕاستی دا عەودالّی بووم. بۆ ئەوەی بچمە ناو ناخی خەلّکانی ئەو شارەوە، بڕیارم دا لەبەشی ناوخۆیی حکومی زانکۆکەم بمێنمەوە ڕازیش نەبووم بەو پارەیەی باوکم ویستی لەپێویستیەکانمدا خەرجی بکات، ویستبووی خانووی تایبەت و خزمەتکارم بۆ دابین بکات.

ئارەزووم دەکرد لەناو کچەکانی ئەنادۆلّدا بەتێکەلّی و ناسینی ئەوان لەکەش و هەوایەکی دوور لە بەرژەوەندی دنیاییدا هەست بە نزیکی دۆستی ڕاستەقینە بکەم.

هەر ئەوەشم کرد....

زۆر بەخێرایی کەوتمە تێکەلّاوی لەگەلّ ئەو کچە هەژارانەی کە لە زانکۆ ناسیم بەجیهانی خاوێن و ساکاری ئەوان ئاشنا بووم، لەوانەیە

ئەوان هیچ توانـاو دەسـەلاتێکی ماددیـان نـەبوبێت بـۆ ژیـانێکی دەوڵەمەندانەی پڕلە نیعمـەت، بـەڵام نیـەت پـاکی لەپێکـەوە بـوون و هاوڕێیەتی ڕاستەقینەیان کە لەدونیای خۆیاندا ژیانێکی ئەفسـوناویان دروست کردبـوو زۆر کاریگـەری لەسـەرم هـەبوو... ئـیتر بـەر لـەوەی منیش چێژی ئەو ژیانە خۆشەو ئەو دنیا پاکەی ئەوان تام بکـەم، لـەو سەرما سڕکەرەی زستاندا خۆمم لەسەر شـەقام بینییـەوە. لەوکاتـەی بە جەستەکی سوتاوەوە لەسەر شەقام کەوتبومە ژێر چنگی سـەرمای سڕکەری زستان و خەریك بـوو ڕەق دەبوومـەوە، لەگـەڵ فریشتەیەك ڕوو بەڕووبوومەوە، کە خانمی پیری پەرستار" پورە فاطمە"بوو

هـەموو ئەمانـە خـەیاڵ بـوون! یـان خـەونم دەبینـی؟ بـۆ ئـەوەی تێبگەم ئەمانە تاچەند ڕاستن! دەستم لە پوورە فاطمەدا، ئەو خانمـە پیرە کە باشترین خانمی دنیا بـوو، لەناخیـدا جگـە لەخۆشەویستی و یارمـەتی شـتێکی تـر جێـی نـەدەبوەوە، بـۆ ئـەوەی دڵنیـا بێـت کـە دەمـەوێت شـتێك بڵـێم خێـرا ڕووی بـەرەو لای مـن وەرگێـڕاو هـەموو میهرەبانی خۆی خستە کار:

– قوربانت بم، شتێکت دەوێت؟

خۆم فڕێ دایە ناو نیگا ئەفسوناویەکانیەوە، کـە هـەموو هەسـت و هۆشی مرۆڤی بەئاگا دەهێنایەوە، خودایە چیم نەدەبەخشی بۆئەوەی هەموو ژیانم لە سایەی ئەو میهرەبانیەدا بمێنمەوە!!

بۆ یەك ساتیش بێت جێی نەدەهێشتم، وەکو پەروانە لەدەورم بوو یارمەتی دەدام.

– ئێستا برسیت بووە ئەزیزەکەم دەی پێم بڵێ چی دەخۆی؟ شۆربایەکی گەرم.. ناوساجیشم ئامادەکردووە لەگەڵ دۆشاوی تری، دەی پێم بڵێ حەز بەچی دەکەیت؟ سەرەتا هەندێ بەڕووت بۆ ببڕژێنم، دواییش تێکەڵەیەکت بۆ ئامادەبکەم کە إن شاء الله ببێتە شیفا بۆت، بەیانی بەلەشی ساغ هەڵدەستیت، هیچ خەمت نەبێت.

ئەمانە چی بوون خودایە!

لەژیانمدا نزیکی و دۆستی و گرنگی پێدانی لەو جۆرەم نەدی بوو چیت پێ بڵێم پوورە فاطمە چی؟! تەنها شت کە دەتوانم بیڵێم ئەوەیە چی دەبێت ئەوانەی کە بەناوی دڵخۆشییەوە باوەشیان بە مادەدا کردووە بابێن و لەم دوورگە فراوانەی ڕۆحی تۆدا شیفا وەربگرن!

نەیدەزانی چۆن پەرۆشی خۆیم بۆ بەیان بکات.

– گەرم بوویتەوە شیرینەکەم.

– گەرم بوومەوە پووری، زۆریش گەرم بوومەوە.

بەڕاستی زۆر گەرم بوو بوومەوە بەجۆرێك ئەو گەرمیە بەناو هەموو لاشەمدا بەرەو ناخم پەلی کێشابوو تەنانەت ڕۆح و دەروونی ماندوشمی لەجیهانی مەعنەویاتدا حەساندبووەوە، ئازارەکانمی کەم کردبوەوەو تیماری برینەکانمی کردبوو.

– ئازارەکانت سوك بوون ڕۆڵەکەم؟

– زۆر باشم پووریٚ، تۆ هیچ خەمت نەبێت.

ڕووخساری کە لە وەفاو خۆشەویستیدا دەدرەوشایەوە، دلٚ و دەروونی کە بەمیهرەبانی فەتح کرابوو، منی بەرەو جیهانێکی ئەفسوناوی پڕ خۆشەویستی هەڵدەفڕاند ، کە چەندین سالٚ بوو بۆی دەگەڕام... ئەوە بوو دۆستی ڕاستەقینە.

ئەمە بوو کە خێزانەکەم بەتایبەتی باوکم نەیدەزانی و تێی نەدەگەیشت چونکە ئەوان بۆچوونیان وابوو کە خۆشی لەپارەو هێزو سەروەتدایە، بەڕاستی لەو درەنگانەی شەودا و لەو خانووە دارینە بچوکەداو لەتەنیشت ئەو زۆپا تەنەکەیەوە ژوورەکەی گەرم کردبوو هەموو ئازارەکانم سارێژ بوو بوون.

ئەو نزیکەی کە پووره فاطمە لەماڵەکەیدا نیشانی دام، ئەوەندە دۆستانەو بە چێژ بوو کە من لەو دەوڵەمەندیەمەوە هاتبووم لە ئەنادۆڵ ببینم، لە ماڵێکی دوو ژووری دا دۆزیمەوە.

تا لەبەیانی نزیك دەبوینەوە ئازارەکانم زیادیان دەکرد، لەبەر ئەوەی تەداوی برینەکانم لەلایەن پووره فاطمەوە زۆر سەرەتایی بوون و لەگەڵ تێپەڕ بوونی کات کاریگەری دەرمانە ئازار شکێنەکان کەمدەبوونەوەو هەموو گیانم کەوتە ئازار. ئەگەر باوکم ببیستایە لە ج حاڵێکدام هەموو شارەکەی هەڵدەستاند لەبەرئەوە بە نیازنەبووم باوکم ئاگادار بکەم، ئەو برین و ئازارانەی بەهۆی ئاگر کەوتنەوەکەوە لەجەستەمدا دروست بوو بوو، ئێستا هەستم پێ دەکردن و ئازارەکانم

دەچەشت، کاتێك پووپە فاطمە هەستی بەو حاڵەم کرد خەمخۆری و پەرۆشی زۆر زیادی کرد:

– هەرئێستا دەبێت بتگەیەنینە نەخۆشخانە ڕۆڵەکەم، لە ڕوانەتدا شتێکی وات نیە، بەڵام لانی کەم ئازار شکێنێکت پێ دەدەن بۆئەوەی کەمێ ئارامت بکاتەوە.

ئەو گەنجەی خاوەنی هەموو ئەدەبێك بوو:

مستەفای من کە هەوالی ئاگرەکەی بیست خێرا چووە دەرەوە، خەمت نەبێت بەپەلە دەتگەنینە نەخۆشخانە هەرچەندە زۆر قەرەبالغە بەڵام کێشە نیە، هەموویان دەناسم یارمەتیمان دەدەن چونکە تەمەنێك لەوێ خزمەتم کردووە.

خودایە ئەمە چ مرۆڤ دۆستیەك و چ ڕۆحێك بوو؟! دەستی لێ بەرنەدەدام، فرمێسکی چاوەکانمی دەسڕی کە لە بەر ئازار لەچاوم دەهاتنە خوار، شتێك نەمابوو لەدەستی بێت و بۆم نەکات.

لەو ساتەدا نازانم چۆن بوو چاوم لە دیوارەکەوە کەوتە سەر کتێبخانەیەکی بچوکی ناو ژوورەکە کە کتێبی عەرەبی و ئەڵمانی و ئینگلیزی و ڕووسی تێدا بوو، ئەو کوڕە تێگەیشتووە دەبوو کەسێکی خوێندەوار بێت، مەگەر دەکرێت لەم ماڵوچکەیەدا کە تەنها لە دوو ژوور پێکهاتووە گەنجێك هەبێت ئەو چەند زمانە بزانێت؟! لەڕاستیدا سەرەتا بەمە زۆر سەرسام بووم، من واتێگەیشتبووم ئەو کەسانەی لە

ماڵوچـکەی وەهـادا دەژیـن تـەنها بڕوانامـەی سـەرەتاییان هـەبێت لەگەڵیشیدا ئیشـی سـەر پێی بکـەن، پێشـتر واگومـانم دەبـرد، بـەڵام کاتێك هاتمە ئەم ماڵە، تەنها لەبەرامبەر ئەمان و ئەم گەڕەك و شارەدا نا، بەڵکو لەبەرامبەر ژیانـدا ڕوانینـەکانم گـۆڕان، ئـەم خانۆچکە یـەك نهۆمە گلە، ئەو دڵخۆشیەی تیایدا دەستت کەوت کە پاشاو گەورەکان لە جیهاندا بۆی دەگەڕێن کەلوپەلەکان ئەوەندە بـە شـێوازێکی جـوان ڕێکخـرا بـوون کـە ئـەو دوو ژوورە وەك بەهەشـتی سـەر زەمینیـان لێهاتبوو، پاش کەمێك لەدەرگا درا دەنگی پوورە فاطمـەم بیسـت کـە بەخۆشەویستیەوە بەڕەو کردنەوەی دەرگاکە دەچوو:

– کوڕم فەرموو.. میوانمان هەیە، وەرە ژوورەوە، دەزانیت خوشـکت بۆ پەیدا بووە، ئای خودایە ! چـەندە لەدڵـەوە ئـەو قسانەی دەکـرد، چەند دڵسۆزانەو بەڕێزەوە میواندارییان دەکـرد، دایـك و کـوڕ پێکـەوە چەند حەزیان بەیارمەتیدان بوو!

– سـەرمات بـووە ڕۆڵەکـەم.. وەرە زۆپاکـەم گـەرم کـردووە هـەوای ژوورەکە گەرمـە، خواردنیشم ئامـادەکردووە ئـەوەی کـە پێـی دەوت "کوڕم" هاتە ژوورەوە و چاومان بەیەك کەوت.

ئای خودایە ! چ ڕوویەکی بێگـەردو وەستانێکی ڕێك و ئـەدەبێکی بێ ئەندازەی تیا بەدی دەکرا.

لەڕاستیدا زۆر سەرسام بووم بە بینینی، بەڵام ئـەو کـە لـە شـەرما ڕووخسـاری سـوور هەڵگـەڕاو سـەری دانەواند، بەتـەنها بینینـی ئـەو

ئەدەبە زۆرەی ئەو منیشی شەرمەزار کردو هەموو لاشەم لەشەرمان ئارەقی دەکرد.

نازانم بەمە دەوترێت بروسکەی عەشق ...! کە من تێی کەوتم و، تیایدا ونبووم...

تەنانەت بۆ منێك کە بە ئازادی و لە خۆشگوزەرانیدا ژیابووم و تەمەنم لە نێوان کوڕاندا بەسەر بردبوو، ئەم دیمەنە بێ وێنەبوو.

لەگەڵ ئەوەی دەمتوانی لەنێوان کەسە هەڵبژێردراوەکاندا بم و بەدڵی خۆم هەڵبژاردن بکەم بەڵام هەرگیز حاڵەتی لەو جۆرەم نەبینی بوو، دەبوو بەوە بوترایە چی.. کە ئاوی خوێی دەوەستاندو عەقڵی سەراسیمە دەکرد بەوە بوترایە چی کە تەمەنێکی درێژی لە چەند چرکەیەکدا کۆدەکردەوە، ئەو گەنجێکی باڵا بەرزی، گەنم ڕەنگ بوو.. کە تەنها بە ڕوانینەکانی هەموو قسەو هەستە خاوێنەکانی ناخی دەدرکاند وەستانەکەی بۆ خۆی ئەدەبێك بوو کە مرۆڤ پێی سەرسام دەبوو... لەچاوەکانیشیدا هەموو شەرم و ڕێزو ڕاستییەك دەخوێنرایەوە.

خودایە! ئەکا ئەوەی من مەملەکەت بە مەملەکەت و شار بە شارو ناوچە بە ناوچە بۆی دەگەڕام ئێرە بێت!! ئەی ماناو عەشق و گەنجێتی ژیانیشم دەبێ ئەم لاوە بێت؟! لەو حاڵە پەرێشانەمدا خەریك بوو لەهۆش خۆم دەچووم، هەستەکانم دەفڕین و دڵم ئۆقرەی لێ ببڕابوو.

من خەریك بووم چیم دەکرد؟ بەخۆمم وت" پاوەستە""ئارام بەرەوە! تۆ کێیت و ئەمانە کێن؟ کچی پیاوێك کە دنیای لەبەردەستدایە خەریکە لەماڵێکی دوو ژووریدا ژیانی سەرەو ژوور دەگوزەێنت؟! بێ دەنگ بە بێ هۆش... واز لەم بیرکردنەوە سەیرانە بهێنە.... بەرلەوەی زیاتر خۆت بچوك بکەیتەوە، لەم ماڵە بچۆرە دەرەوە".

ئەو کاتەی من سەرقاڵی ئەو گەردەلوولانەی ناو خەیاڵی خۆم بووم، پوورە فاطمە :

– کوڕم، خێراکە دەبێت ئەم کچەمان بگەیەنینە نەخۆشخانە، بێ هیچ ناڕەزاییەك وتی:

– بەسەر چاو دایە گیان... هەر ئێستا...

مستەفا تەنانەت بێ ئەوەی سەیری ڕووخساریشم بکات، هەر ئەوەندە وتی" خودا شیفات بدات" و وەکو فریشتە بەئارامی لە ژوورەکە دەرچوو، چەند سەیر بوو سەرەڕای ئەو پێداگریەشم کەچی عەقڵ و هۆشم لەگەڵ ئەو ڕۆیشت.

ئەو گوێڕایەڵیەی مستەفاش بەرامبەر دایکی بەجۆرێکی تر منی سەرسام کرد، یەکسەر خۆم خستە جێی ئەو، ئەگەر من بومایە چەندە دایکم بەڕەخنەو ناڕەزاییەکانم تووشی ئازار دەکرد، ستەمم لێ دەکرد! بەڵام مستەفا بێ ئەوەی یەك وشەش بڵێت گوێڕایەڵی دایکی کرد. ئەو دەرچووی ئامادەیی زانستە ئیسلامییەکان بوو، دوای

تەواوکردنی ئەو خوێندنگەیە چووبووە " ڤیەنا" بۆ خوێندنی بەرزتر لە زانکۆ بەشی کارگێڕی خوێندبوو.... دواتریش زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و عەرەبی و ڕووسی وەک زمانی دایک فێربووبوو.

دوای ئەوەی گەڕابوویەوە بۆ تورکیاو ئاگاداری لەدەست دانی باوکی بووبوو، ئیتر دایکی بەتەنها جێ نەهێشتبوو و نەچووبوویەوە بۆ دەرەوەی وڵات، لەو بەشەی منی لێ بووم سەرقاڵی خوێندنی دکتۆرا بوو. واتە گەنجێك بوو چەند ئاستێك لەمن بەرزتر بەدەر لەوانەش لە مزگەوتی گەڕەکەکەیاندا ئیمامەتی دەکرد، کاتێك ئەو چیرۆکە کورتەی ژیانیم لە دایکیەوە بیست زۆر تێڕامام، ئەوانەی دەمبیست باوەڕ پێنەکراو بوون.

لەناو خانۆچکەیەکی گلێندا لەجێی کرێکارێك، خزمەتکارێك یان پیاوێکی هەژار، خوێندکارێکی دکتۆرا دەژی...لەگەڵ ئەوەشدا خوێندکارێکی زیرەك کە چوار زمان دەزانێت.

کە لە لێکدانەوەی ئەم خەیاڵانەدا بووم، لەدەرگا درایەوەو مستەفا هاتە ژوورەوە... باوەڕ بکەن، زۆر هەوڵمدا چاوم بکەوێتە سەری و هەست بەو کاریگەریە سەیرە بکەم کە لەسەر من جێی هێشت بوو، بەڵام ئەو بۆساتێکیش دەرفەتی نەدا چاوەکانی ببینم.

وەك ئەوەی تەقەلا بدات کە لەتەماشای من ڕزگاری ببێت وەکو منداڵێك سەری دانەواند:

– فەرموون... ئەمبولانس چاوەڕێمان دەکات.

هەستێکی نامۆ لەناخمدا چرۆی دەکرد:

لەو خانۆچکەیەی کە بەترسەوە چووبە ژوورەوە، بەئومێدو ئارامیەکی زۆرەوە هاتمەدەر، لەدەروونیشمدا ئەو هەستە سەیرانەم کەم کەم بەرەو گەردەلوولێك لە سۆز دەگۆڕان، لەکوێ بمزانییایە ئەو خانۆچکە دوو ژووریە دڵ و دەروونم سەرەو ژوور دەکات! ئەو ماڵە... ئەو هێلانە ئەفسوناویە..ئەو هەرێمی ئارامییە.. کاری لەهەموو گەردەکانی جەستەم کردبوو، ئیتر لەبیرکردنی ئەو جێیە بۆ من ئاسان نەبوو! . من لەوێ دا بەخانمێك گەیشتم کە سۆزی دایکایەتی پێ بەخشیم، هاوکات لاوێکم ناسی کە خەیاڵ و دڵ و میشکمی داگیر کرد ئیتر لەبیرکردنی ئەمانە کەی ئاسانبیە؟! سەرەڕای ئەوەی قەرزاری ئەو هەموو زەحمەتەیان بووم.

کاتێك سواری ئامبولانسەکە بووم، هاوارێك لەناخم هەستا:" من بەجێ مەهێڵن، من ئێوەم زۆر خۆشویست" بەڵام کەس ئەو هاوارەمی نەبیست.

ئەمە چ جیابوونەوەیەك بوو خودایە؟ هۆشم پەرت و بڵاو، هەستەکانم پارچە پارچە جەستەشم پڕ ئازار پەرێشان مابووم زۆد باش تێگەیشتم کە ئەم کارە لێرەدا کۆتایی نایەت، بەڵام ئاگاداری ئەو"سوپرایز"ە بەرگە نەگیراوانەش نەبووم کە چاوەڕێیان دەکردم.

که چووبوینه ناو نەخۆشخانەکەوە، ئەو پەرستارەی پێشوازی کردبوو پرسیاری لە ناوی من کردبوو، هەر ئەوەندەی وتبویان"ئیلکای" زۆر بەگرنگییەوە هەستابووە سەرپێ و هاواری لە بەڕێوەبەرەکەیان کردبوو:

– هات گەورەم...هات.

یەکسەر هەمووان گەیشتبوونە پشت سەرمان. لەبەرامبەر ئەو حاڵە چاوەڕوان نەکراوەدا سەرمان سوڕمابوو، دیارە باوکم هەر ئەوەندەی هەواڵی ئاگرکەوتنەوەکەی بیستووە خێرا بەدوای منـدا گەڕاوە، کاتێك منی نەدۆزیوەتەوە هەواڵی داوەتە شوێنە گشتیەکان، لەبەرئەوە لەنەخۆشخانەکەش وەك بڵێی هەموو لەچاوەڕوانی منـدا بوون، لەناو دەیان کچی گەنجدا کە چارەسەری پەلەیان بۆ دەکرا کاتێك لەچوونی من ئاگادارکران، پزیشکی تایبەت نێردراو لەژووری تایبەت دانرام، بەجۆرێك کچە هەژارەکانی ناو بەشە ناوخۆییەکە پەرستارەکان لەگەڵیان خەریك بوون و ژوورەکەی منیش پزیشکەکان بەکێك دەهات و ئەوی تر دەڕۆیشت. هەر ئەم جیاکردنەوەو دوور خستنەوەیەش بوو لەوانی تر کە منی والێکردبوو سەرپێچی ماڵەوە بکەم، زۆری پێ نەچوو سەرۆکی شارەوانی و بەڕێز پارێزگار هاتنە ژوورەکەم، هەمووان دەهاتن و دەیان وت: " واتە تۆ کچی " بەڕێز عەقیل" یت و نەمان زانی بوو! جەنابی پارێزگار وەك ئەوەی خۆی بەتاوانبار بزانێت کە بەئەرکی خۆی هەڵنەستاوە:

– کچم ئێمەت ئاگادار بکردایە، لەمیوانخانەیەکی تایبەت خزمەتمان دەکردیت، بۆچی ئاوا ڕازی بویت بچیتە ئەو ناوخۆییەی بە خوێندکار ئاخنراوە!. بەزەردەخەنەیەکەوە کە لای من زۆر تاڵ بوو وتی:

– ئێمە وەک شازادەیەک مامەڵەمان لەگەڵ دەکردیت و، ئەو ڕووداوەشت بەسەر نەدەهات، جەنابی پارێزگار چۆن بیزانیایە کە من لەناو ئەو هەموو نازو نیعمەتەدا هەستم بە هیچ ئاسوودەییەک نەدەکرد! جا ئەگەر بیشیزانیایە باوەڕی پێ دەکرم؟ یاخود لێم تێدەگەیشت؟!

بەیانی بوو لەناو دەنگە دەنگی نەخۆشخانەدا هەستم بەبیستنی دەنگی دایک و باوکم کرد، باوکم کە هەمووان لەبەری دەلەرزین، بەچەپ و ڕاست دەبوو هەموو شت بەدڵی ئەو بێت، کاتێک هاتە ژوورەکەوە وەک ئەوەی قیامەت هەستابێت ئیتر بێ دەنگ کردن و وەستاندنی ئەو مەحاڵ بوو. بەبیستنی هەواڵەکە بەخێرایی سوار فڕۆکە بوون و گەیشتونەتە ئەو شارەی کە منی لێبووم و لەوێشەوە بەرەو نەخۆشخانە...

– هاتنی باوکم بەتەواوی قەرەبالّغی دروست کردبوو سەرۆکی شارەوانی و جەنابی پارێزگار و بەڕێوەبەرو پزیشکەکانی نەخۆشخانە هەموو بەڕیز لەگەڵ ئەو پیاوە بازرگانە ناوداراە هاتنە ژوورەوە، دایکم و باوکم کە منیان بەو حاڵەوە بینی بەرگەیان نەگرت.. دایکم لەو ناوەدا نەیدەزانی چی بڵێت. باوکیشم خۆی بۆ ڕانەدەگیرا

لەحەسرەتی ئەوەی ڕێگەی بەمن داوە ئەوەم بەسەر بێت، هەرچەندە پزیشکەکانی نەخۆشخانە ئەوانیان لەباشی تەندروستیم ئاگادار بکردایەتەوە، بەڵام دایکم کە هیچ کات نەیدیوە خۆڵیش بەر جلەکانم بکەوێت هەرگیز ئەو قسانە بۆ ئەو بەس نەبوون.

دەرکردنی پووڕە فاطمە:

پووڕە فاطمە کە وەکو پەروانە لەدەورم بوو لەلایەن دایکمەوە زۆر ئازاری پێ گەیشتبوو کە چاوەڕوان نەکراو بوو بۆ ئەو:

– ئەم ژنە خزمەتکارە کێیە لەم بەردەست و پێیە هەر دێت و دەڕوات؟! دەڵێی دەیەوێت کچەکەم قوت بدات. پێی بڵێن خەریکی کاری خۆی بێت، دایکم پووڕە فاطمەی بەخزمەتکارێکی نەخۆشخانە زانی بوو، پووڕە فاطمەش لەکاتێکدا چاوەڕوانی سوپاس کردن بوو نەیزانی ڕووبەڕووی هەڵوێستی لەوجۆرە دەبێتەوە. بەڵام هیچ دەنگێکی لێوە نەهات، ڕۆیشتە سوچێکی ژوورەکەو پاڵی بەدیوارەکەوە دا، کاتێك ئەوەم بینی خەریك بوو ئاگرم دەگرت .

– دایکە تۆچی دەکەیت؟ ئەو پووڕیە، فاطمە خانی پەرستیارە کە منی ڕزگار کردو گەیاندمیە ئێرە، لەو کاتەدا کە هەموان لەناو ئاگری ئەوێدا سوتان، ئەو بووە ڕزگارکەرم و بەگیان و دڵ یارمەتی دام.

ئاخ دایکم بە لوت بەرزی و کیبرێکی زۆرەوە سەیری سەقفەکەی دەکردو ئەو ڕوونکردنەوەیەی بەشیاو نەدەزانی:

– واته تۆ لای ئەو فاطمە هەژارو کەم دەسەلاتە ماوینەوە؟ ئەم کچەم کە هیچ دەستێك ئازاری پێ نەگەیاندوە لەم حالەدایەو من نەمزانیوە! بەم پوون کردنەوەیەی من، باوکم ئەوەندەی تر چاوی سوور هەلگەڕا.

– هەر ئێستا دەبێت بڕۆین، ئێرە جێگەی تۆ نیە، ئەو کچەم کە لە چاوەکانم زیاتر خۆشم دەوێت موحتاجی دەستی کێ بووە؟! دەی هەر ئێستا دەڕۆین.

ئەمە جیاوازیەکە بوو.. ئەوە ڕێز و مرۆڤ دۆستی خێزانەکەی من بوو. ئەوەش دۆستایەتی و یارمەتیەکانی پوورە فاطمە چەند لەیەك دوور بوون، چەند جێی شەرم بوو، پوورە فاطمەی داماو سەرەڕای یارمەتی دانم هەر ئەوەندەی مابوو لێیشی بدەن. جگە لەوەی پوورە فاطمە ئەو هەستی ئارامی و خۆشیەی پێ بەخشیم کە هەرگیز لە ژیانمدا نەمدیبوو.

لەدەرفەتێکدا تەنها بەچاوەکانم بۆ مستەفا گەڕام، بینیم کە قۆڵی دایکی گرتووەو لە ژوورەکە دەیباتە دەرەوە، چەند سەخت بوو... خەلاتی یارمەتیدانی من بۆ ئەوان دەرکردنیان بوو!

ئەو دایك و باوکەم کە لە دەرەوەی مرۆڤ دۆستی بوون، لەلایەن پارێزگارەوە دەستیان بۆ بەسنگەوە دەگیرا، کەچی دوو کەسی خێرخواز کە یارمەتی کچێکی بێ چارەیان دابوو ژیانیان پزگار کردبوو بەوجۆرە دەکرانە دەرەوە. پۆیشتنە دەرەوەی ئەو دایك و کوڕەی

تـەنها لـەپێناوی خـوادا یارمـەتی منیـان دابـوو. بـەلای منـەوە زۆر ناڕەحەت بوو، زۆر خـەمبار بـووم، نـاخم وەك پشكۆ دەسـووتا، ئـەو خەمـە دڵ و مێشـكمی تـەنیبوو، تەنانـەت قوڕگیشـمی پـڕ كردبـوو هەناسەم بـۆ نـەدەدرا، ئەوەنـدە دڵـم تـەنگ بـوو، ئەوەنـدە خـەمبار بـووم، ئەوەنـدە سـووتام بـەو حاڵـە كـە ئـیتر خـۆم پـێ ڕانـەدەگیراو لەدڵەوە ئەوەندەی توانیم دەستم كردە گریـان، خـەریك بـوو مێشـكم دەتەقی، ئەوەندە لە پەرێشانیدا بووم بیرم لەوە دەكردەوە یەكسـەر لەجێگەكەم ڕاكەم و بكەومە سەر قاچەكانیان تـاكو هـەموو سـوتان و ناڕەحـەتی دەروونم بێتـە دەرو ئاسـوودەببم، ئـاگری دابـڕان لـەو دوو دۆستە هەموو هەستەكان و گەردەكانی لـەشمی داپۆشـی بـوو. زیـاتر بەرگەی ئەو لێكدابڕانە سەختەم نەگرت و لەهۆش خـۆم چـووم. لـەناو ئەو هەموو خەڵك و قەرەباڵغیـەدا نـەمتوانی هـیچ بـەو دایك و باوكـەم بڵـێم كـە لـە قسـەكانی نـاخم تێنەدەگەیشـتن، هەڵوێسـتی لـەوجۆرە بەرامبەر ئەو دوو كەسەی لەناخۆشترین كاتی ژیانمدا دەستیان گـرتم، هیچ مرۆڤ دۆستی نەبوو...

نـەوان میهرەبـانی و خۆشەویسـتییان بـە مـن بەخشـی، كەچـی لەبەرامبـەردا بـەوجۆرە خـەڵات كـران! ئـازاری وێـژدان پەرێشـانی كردبووم، لەدوای گەڕانێكی زۆر بەدیداری دوو كەسـی سـیما شـیرین و ڕاستگۆی وەكو ئەوان شـادبووبووم، بۆیـە لەدەستدانیان بـۆ مـن زۆر سەخت بوو.

باوکم که بڕیاری دا بەفڕۆکەی تایبەت بمبات بەهەموو هێزمەوە خۆم کۆکردەوە توانیم بڵێم:

– بەمەرجێك!

ئەویش پرسی:

– چییە؟

– لەدوای وەرگرتنی چارەسەرەکەم دیسان دێمەوە ئێرەو لەخوێندنەکەم بەردەوام دەبم.

بەتووڕەییەوە:

– هەرگیز ... تۆ نابێت ئیتر ناڕەحەتی غەریبایەتی بچێژیت سەیری حاڵی دایکت بکە، لێرەدا تەواوی دەکەین. لێرە بەردەوامی بەخوێندن نادەیت.

باوکم ئیتر ئاگای لەخۆی نەمابوو لە تووڕەییدا ئەوەی لەدەمی دەهاتە دەر دەیوت. تەنانەت وشەی ناشیرینیش.

منیش وتم:

– لانی کەم بۆ سوپاس کردنی ئەو دوو مرۆڤە خێرخوازە دووبارە دێینەوە بۆ ئێرە، ئەگەر نا یەك هەنگاویش نانێم، لەنەخۆشخانە هاتینە دەرەوە سواری ئۆتۆمبێلی تایبەتی بووین، باوکم ماڵئاوایی لەوانی تر کردو ڕێگەی ماڵەوەی گرتەبەر.

کاتێك گەیشتینە ئەو گەڕەکە هەژار نشینانە باوکم ڕووی وەڕگێڕا نەیدەتوانی هیچ پەیوەندیەك لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا دروست بکات:

– ئەمانە مرۆڤی هەل پەرستن... برسی و بێ چاوو ڕوون...بەدوای یەك دینارەوەن، کچێکی خانەدانی وەکو تۆ ببینن چۆن ناکەونە دوای! بێ گومان لەبەر ئەوەی بەدوای پارەوەن من ئەمانە باش دەناسم، سەرەتا بەزەردەخەنەو نەرمیەوە دێنە پێش، دواتر هەزار داواکاری دەخەنەڕوو و پارەت لێ دەکێشنەوە.

ئاای کچی بێ ئەزموونم! هێشتا زۆرت ماوە ئەم جۆرە کەسانە بناسی...

دڵم لەناو قەفەسی سنگمدا پەلەقاژەی بوو، زۆر بێزاربووم هیچ ئامادەی بیستنی ئەو قسانەی باوکم نەبووم، دووبارە شادبوونەوەم بەوان تەنها حەسرەتی بەرگە نەگیراوی دڵم بوو کە پێش هەموو شتێك بۆم گرنگ بوو. لەوتنی " ئاخ و ئۆف" زیاتر هیچم پێ نەدەوترا، نەمدەتوانی شتێك بکەم. لەماڵی ئەوان نزیك بووینەوە، نەمدەتوانی بەسەر خۆمدا زاڵ بم، لە پەرۆشیدا دەلەرزیم، ئێمە وەستاین و پۆلیسی هاتوچۆ خەریك بوو ڕێگەکەی پێ نیشان دەداین لەو کاتەدا دایك و کوڕم پێکەوە بینی کە گەیشتنە لای ئۆتۆمبێلەکەی ئێمە.

ئەو دوو دڵە قارەمانەی پێکەوە چنرابوون:

لەبەرامبەر ئەو دوو کەسە بێ گەردو یارمەتی دەرەدا، خەریک بوو لە شەرمەزاریدا دەتوامەوە، زۆر پەریشان بووم بۆ ئەو دوو مرۆڤەی کە وەک پەروانە لەدەورم دەسوڕان، لێیانەوە فێری خۆشەویستی بووم و میهرەبانییەکیان پێ چەشتم کە هەرگیز تامیم نەدەزانی ئێستاش لەجیاتی سوپاس کردن بووم بە هۆکاری ئەو بارودۆخە ناخۆشەی بەسەریان دا هات، نەفرەتم لەخۆم دەکرد.

بەرلەوەی من دابەزم باوکم لەپێشەوەی ئۆتۆمبێلکە دابەزی و چووە لایان:

بەچاوێکی کەمەوە تەماشای کردن. زەرفێکی لەگیرفانی دەرهێناو بەدەست بۆی درێژ کردن:

– یارمەتی کچەکەمتان داوە، ئەو پارەیەی کە لەم زەرفەدایە بەزیادەوە قەرزی یارمەتیەکەتان دەداتەوە. ئای خوایە گیان! لەوێدا بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی باوکم بەتەواوی لەشەرماندا خەریک بووم دەبورامەوە، ئیتر نەمتوانی دابەزمە خوارەوە، خۆزگە زەوی لەت ببوایەو منی تێبکەوتمایە لەو کاتەدا.

پوورە فاطمە کە تەنها میهرەبانیم لێ بینی بوو بە گورجی لەبەرچاوی هەموواندا ئەو زەرفەی کە باوکم پێی دا دڕاندی و بە دەنگێکی لەرزیوەوە وتی:

– تەماشام بکە بەڕێز... سوپاس بۆ خوا ئێمە موسوڵمانین! پاراستنی لێقەوماوێك، ستەملێکراوێك، کەسێکی سەرشەقام بە پەرستش دەزانین، ئەمەش لەبەر ڕەزامەندی خوا دەکەین ئەم یارمەتیدانە بووەتە نەریتی خەڵکی ئەنادۆڵ.

ئەگەر کەسێك نەبوایە کە لەو کچە بپرسێتەوە نەك تەنها شەوێك، بەڵکو تەمەنێك وەکو منداڵی خۆمان دەمان پاراست بەسەیرکردنی گەڕەکەکەشمان ئێمە بە سوالکەری پارە تێمەگەن، ئێمە هێشتا ئەوەندە بچووك نەبوینەتەوە کە شەرەف و کەرامەتی خۆمان بە پارە بفرۆشین بەڕێز! بەڵام تێگەیشتنتان لە مرۆڤایەتی ئاوایە، زۆر بەداخەوە... پووره فاطمه کە لەپەرۆشیدا لەسەر خۆی چوو بوو، پەنجەکانی درێژکرد بۆ چاوی باوکم و لە تووڕەییەکەی بەردەوام بوو:

– ئێستاش لەبەرچاومان ون بێن، لێرە مەمێنن، بەقاچە پیسەکانتان ئەم کۆڵانە بێگەردانە مەشێوێنن، باوکم بە هەموو تەمەنی ئەم قسانەی نەبیستبوو، منیش وەکو بێ هۆشێك لە ئۆتۆمبێلەکەدا بەحەپەسانەوە دەمڕوانی، باوکم هیچی پێ نەوتراو بەبێ دەنگی هاتەوە ناو ئۆتۆمبێلەکە، غیرەت و چاونەترسی پووره فاطمه هەموومانی سەرسام کرد، جەنابی پارێزگار کە لەگەڵ ئێمە بوو .

هەوڵیدا باوکم بپارێزێت:

– خانمی بەڕێز تۆ دەبێت ئەم پیاوەت نەناسی بێت کاك (عەقیل)، بازرگانی بەناوبانگی جیهان، چۆن بەم جۆرە قسەی لەگەڵ دەکەن؟ دەیەوێت یارمەتیتان بدات، ئەمە کوڕێی خراپە؟

پووره فاطمه بەهەمان تووڕەییەوە :

– ئەو بووەتە بازرگان، بەڵام نەبووەتە پیاو، ئێوەش کێن کە لەبەردەم منداڵ پارێزگاری لێ دەکەن!

– من پارێزگاری ئێرەم.

– زۆر بەداخەوەم بۆ ئێوەش، کەسانی وەك ئێوە نابنە نموونەی خەڵکی ئێرە، تۆیان بەهەڵە ناردۆتە ئێرە باشتر وایە ئێوەش بڕۆن لەم شارە. ئەفسەرەکان هاتنە ناوەوە وێستیان پووره فاطمه بێدەنگ بکەن، بەڵام ئەو بەتووڕەییەك کەلێی چاوەڕوان نەدەکرا وەکو شێر ڕوو بەڕوویان بوەوەو هیچ کەس نەیدەتوانی لێی نزیك ببێتەوە. من ئیتر بەرگەم نەگرت لەئۆتۆمبێلەکە دابەزیم و باوەشم کرد بەدەستەکانیدا:

– بمبوره پووره فاطمه من کچی ئەم پیاوەم، بەڵام وەکو باوکم بیرناکەمەوە، هەرلێرەدا لەبەردەمتاندا شەرمەزارو غەمبارم، من بوومە هۆکاری هەموو ئەمانە، تکا دەکەم بمبەخشن هەرگیز ئێوە لەبیرناکەم، باوکم بەتوندی قژڵی گرتم و ڕایکێشامە دواوە لەوکاتەدا چاوم بە مستەفا کەوت، خودایە بەدیداری ئەو دەتوامەوەو مەست و بێ هۆش دەبووم.

هەرگیز ئەو دایك و كوڕە لەبیر ناكەم:

منیان فڕێدایە ناو ئۆتۆمبێلەكەو لەوان دووریان خستمەوە. بەهیچ شێوەیەك مانۆچكەكەی پووڕە فاطمەو ڕووخسارە خەمبارەكەی مستەفا لەبەرچاوم لانەدەچوو، ئەی ئەو فەرمایشتەی پووڕە فاطمە كە وتی: "كچم قسەكانم بۆ تۆ نییە" وەكو خەنجەر ناخمی دەبڕی لەدڵمدا هاوارم دەكرد:

" خودایە لەم ئیشەدا هەڵەیەك هەیە"، " من لەخانووە بەشەوكەتەكەی كاك عەقیل نا، بەڵكو لەم هێلانە بچوكەدا دڵخۆش دەبم، چی دەبێت بامن لێرە بمێنمەوە؟!"

باوكم لەناو ئۆتۆمبێلەكەدا هەر بۆڵەبۆڵی بوو:

– من خۆم لەژیانمدا دوو كەسم هیچ كات خۆش نەویستووە یەكەمیان: ئەوەی باسی دین دەكات، دووەمیان: كەسی بێ چاوو ڕوو كە لەبەرامبەرتدا دەوەستێت و دەوێرێت قسە بكات...

یەكێكیان، پەرستیارێكی خانەنشینە كە خۆی بە هەموو شتێك دەزانێت، ئەوی تریشیان گەنجێكی دواكەوتوو كە ئیمامەتی مزگەوت دەكات.. ئەمانە هاتوون و میوانداری كچەكەی ئێمە دەكەن.

من ئەمە بە سوكایەتی دەزانم، شتی وا هەر نەبووە.

ئەمجارە جەنابی پارێزگار كەوتە قسە:

– کاک عەقیل، وابزانم کەمێك پێوەرەکانمان تێکەڵ کردووە سەبەینێ ئەم هەواڵە ببیستێت، لەبەر چاوی خەڵك بچوك دەبینەوە، یاساو پێوەرەکانی ژیان لێرە: لەسەر نەرمی و خۆشەویستی و باوەڕ دروست بوون، هەڵبە ئەگەر ئێرەو پاریس و لەندەن بەیەك چاو سەیربکرێن، پاشانیش ئەو ئیمامەی ئێوە بەبچوك بینیتان لە زانکۆی ڤیەنا خوێندوویەتی ئەڵمانی و ئینگلیزی و عەرەبی و ڕووسی دەزانێت، ئێستاش دکتۆرا دەخوێنێت لەبواری کارگێڕیدا کەسێکی شارەزاو لێهاتووە لەناکاو ڕوانینەکانی باوکم گۆڕا کاتێك زانی ئەو ئیمامە کێیە:

– کەواتە بەم جۆرەیە، خۆزگە ئەمانەت پێشتر بوتایە تکایە بابگەڕێینەوە بەڵکو لەگەڵی ئاشت ببینەوەو سوود لە ئەزموونی پسپۆڕیەکەی وەربگرین، من پێویستم بە ئەندامێکە ئینگلیزی بان ڕووسی بزانێت، جا ئەگەر گەنجێکی ئاوا بەڕەوشتیش بێت بۆ من باشترو گونجاوترە. باوکم لەهەر شتێکدا کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی و پارەوە هەبوایە ئاوا بەخێرایی دەگۆڕا. ئەمە خووی ئەو بوو ئەگەر بەرژەوەندی تێدا بوایە لەگەڵ دوژمنی چل ساڵەیدا قۆڵ لەناو قۆڵ پیاسەی دەکرد.

جەنابی پارێزگار دووبارە هاتەوە ناو باسەکە:

– ئەم کەسانە خاوەنی کەسایەتیەکی زۆر بەرزن ئەوەی پێش ئێستا ڕووی دا پێیان قبوڵ ناکرێت. با ئەم داوایەت بۆ کاتێکی تر بێت،

باوکم بەزۆر قەناعەتی کرد، بەڵام هەر دەستبەردار نەدەبوو من باش ئەو دەناسم.

لەناو هەموو ئەوانەی کە پرۆیاندا خۆمم ون کردبوو، ئەوەی لەبەرامبەر ئەو مرۆڤانەدا کرا هیچ کات پێم قبوڵ نەدەکرا ئاگرەکەی ناخم وا دەیسوتاندم کە برینەکانی خۆمم تەواو بیرچوبوویەوە، خەفەتم بۆ ئەوان دەخوارد، بۆ ئەوەی باوکم نەزانێت فرمێسکەکانم دەشاردەوەو هاوارەکانی ناخم بەبێدەنگی دەردەبڕی.

ئەو چاوە ئازایانەو دەستە پڵنگ ئاساو وتە ئاگرینانەی پووره فاطمه هی بیرچوونەوە نەبوون!!

ئەی وەستانی مستەفا، بەهەموو ئەدەب و پیاوەتیەوە بەڕێزو بێدەنگیەوە منی حەیران کردبوو. دایك و کوڕ وەکو قارەمانی ناو داستانێك بەردەوام خەیاڵەکانمیان دەڕازاندەوە. بەجۆرێك سەرم بۆ هەر کوڕێەك دەسوڕاند ڕووی ئەوانم دەهاتەوە پێش چاو.

خۆشەویستیەکەی ناخم ڕەگی دادەکوتا:

کە گەیشتینەوە شارەکەی خۆمان باوکم منی گەیاندە باشترین نەخۆشخانە، بەردەوام پزیشك و پەرستار لەپشت سەرم ڕادەوەستان، هەموو شتێك هەبوو، لە هەر داواکاری و پێویستیەکمدا ئامادە بوون، بەڵام ئەم ساردو سڕییە، ئەم دنیا دەستکردە دیسان منی غەمگین و دڵتەنگ دەکرد. بەردەوام لەخەیاڵی نزیکی و

دڵستایەتی و گەرموگوڕی ئەو خەڵکە غەریب و دڵپاکەی ئەنادۆڵدا بووم.

ئەو کچە هەژارانەی کە لە بەشە ناوخۆییەکەدا پێکەوە بوین، خۆشەویستی ئەوان کاریگەری زۆر بوو لەسەرم. دڵستایەتی ئەوان گفتوگۆ نەرم و نیانیەکانیانم هیچ لەبیر نەدەکرد. ئەی ئەو کاتانەی دەچووم بۆ شت کڕین، لەو شارە بچوکەدا هەستت دەکرد لەفراوانترین جێگەدایت بەهۆی ئەو میهرەبانیە زۆرەی لە خەڵکەکەیدا دەتبینی.

"ئەمرەکەی... بەسەرچاو... خوا لێت ڕازی بێت... ئەو قسەیە مەکەن، چۆن پارە لە ئێوە وەردەگرین؟!... کەی توانیت ئەوکات نرخەکەی بدە سەرت سەلامەت"....

خودایە ئەم وشە شیرینانەیان چی بوو، وەك بڵێی ژیانیان کردبووە بەهەشتی سەر زەمین.

ئەی پووزە فاطمەو مستەفا ! ئەوان دوو قارەمانی ژیانم بوون. دوو فریشتە بوون کە لەمێشکم نەدەسڕانەوە، لەخەیاڵم نەدەڕۆیشتن و، لە دڵم دەرنەدەچوون.

" نازدارەکەم، ئەمەش دەخۆیت؟ نازدارەکەم ئەمەش زۆر شیرینە...نازدارەکەم ئەوە لەبیر نەکەیت هەرچیت پێویست بوو دەبێت بیڵێیت...خۆشەویستی دایە، تۆ میوانمیت بەڵام من بەکچی خۆمت دەزانم"، من لەدایکی ڕاستی خۆیشم ئەوەندە خۆشەویستی و

سۆزی پاك و بێ بەرژەوەندی و گرنگی پێدانم نەبینی بوو، بەهەموو جۆرێك ئاسوودەیی و ئارامی و خۆشەویستی لەناخمدا دەڕواند، لە هەمووشی گرنگتر فێری خۆشویستنی کردم. ئێتر مستەفاش شتێکی تربوو لە ژیانمدا.

لەو شوێنەی لاوێتیم بەسەر بردبوو پڕ بوو لەکەسانی هەڵبژێردراوو کەسانێك کە هەموان ئێرەییان پێ دەبردن، چەندین گەنجیش هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوون بۆ ساتێکیش بێت دەرفەتی قسەکردنیان پێ بدەم. بڕوا بکەن لەو بارەیەوە گەنج هەبوون کە ئەوەی لەدەستیان بهاتایە دەیان کرد بۆ گەیشتن بەمن، ئەوانە زۆربشیان کەسانی دەوڵەمەندو سەرکەوتوو لەخوێندن و خاوەن پلەو پایە بوون بەڵام لەچاوی هیچ کامیاندا ئەو ئارامی و ئاسوودەییەم دەست نەکەوت.

بەتەنها یەك بینین دەتتوانی تێبگەیت کە مستەفا چەندە لاوێکی بەئەمەك و پاستگۆو جیاوازە لەوانەی تر، هەر بۆیە بەشێوەیەکی جیاوازیش دەروونی منی داگیر کردبوو کە دەرچوونی مەحاڵ بوو. من لەناو دەورووبەریشمدا بەجوان ناسراو بووم هەرگەنجێك منی دەبینی دووبارە ڕووی وەردەگێڕایەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر بمبینێتەوە. تەنها گەنج کە ئەمەی نەدەکرد مستەفا بوو، ئەو تەنانەت لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەشمدا هەوڵی دەدا چاوی لەبینینم بپارێزێت بەوەی کە وەکو نمونەی ئەدەبێکی بەرز ڕوانینەکانی بەرەو لایەکی تر

وەردەگێڕا، من خۆم لە پاکی و دروستی و کەسایەتی و ئەدەبی ئەو ڕامابووم. من لەئەودا جوانی ڕۆح و پیاوەتیم دۆزیبووەوە نەک ڕووکەش و جوانی ڕووخسار. بەجۆرێك کاری تێکردبووم، کە هەموو ڕۆژێك زیاتر لەپێشوو دەچووە ناخمەوە و هێندەی تر ئەوم جیاواز دەبینی و لەبیر کردنی ئەستەمتر دەبوو لەلام.

بەهۆی خۆشویستنی زۆری مستەفاوە خەریك بوو ئیتر گرنگیم بەکەسانی دینداری تریش دەدا کە تا ئەو ڕۆژەیش وەکو باوکم منیش خۆشیم لێیان نەدەهات، ئەو ئیتر نەك هەر لەخەیاڵمدا لەخەونەکانیشمدا جێی گرتبوو. شەوێك تا خەو چووە چاوم بیرم لەو دەکردەوە، لەپڕ لەبەردەمی خۆمدا بینیم، دیسان ئەو بەشەرم و سەرداخستن و هەڵهاتن لەبینینم خۆی نیشاندام. بەناڕەحەتیەوە پێم وت:

– من زۆر خەمبارم، تکایە بمبەخشن، بڕوا بکەن زۆر ئازار دەچێژم، هەرچەندە ئێوە شایەنی جوانترین و بەرزترین ستایش بوون، کەچی باوکم بێ ڕێزی بەرامبەر کەسایەتیتان کرد، منیش هیچ هەڵوێستێکم نەنواند. بەڵام ئێوە لەوکاتەشدا بەجوانترین شێوە مرۆڤ بوونی خۆتان پاراست. دیسان هیچ وەڵامی نەدایەوە، ڕووی وەرگێڕاو خەریك بوو دەڕۆیشت، منیش وەکو دوا دەرفەت لەبێ چارەییمدا پێم وت:

– من ئێوەم زۆر خۆشویست، هەرگیز لەبیرم ناچن، بەئاگا هاتم...

ئاه خۆزگه ئەمه خەون نەبوایە... خۆزگه ئەمانەم ڕووبەڕوو پێ بوتایە، بیزانیایە کە چەندەم خۆش دەوێت، ڕەنگیشە لێم تێ بگەیشتایە، بیکردمایە بە دڵخۆشترین کەسی دنیا.

باشترین نموونەی موسوڵمان:

ئەو ڕۆژەی لەنەخۆشخانە دەرچووم هاوڕێیەکم لەگەڵ هاوسەرەکەی هاتنە سەردانم، باوکی ئەویش بازرگانێکی دەوڵەمەند بوو هاوسەرەکەشی گەنجێکی شارەزا بوو کە لەلای باوکی کاری دەکرد. کاتێک بەسەرهاتەکەم و هەواڵی سوتانی بەشە ناوخۆییەکەمانیان بیست، هاوسەرەکەی (ئێرهان) یەکسەر پرسیاری کرد:

– بەڕاست ئێوە باس لەشاری (....) دەکەن کە تیایدا بوون؟

– وتم: بەڵێ

– ئای خوایە، سەیری ئەو ڕووداوە بکەن، ئەو مستەفایەی تۆ باست کرد، چەند لەمستەفای هاوڕێی من دەچێت. زۆر سەرم سوڕما لەوکاتەدا.

– تکا دەکەم باسی بکەن ئەو هاوڕێیەتان کێیە ! کە ئێرهان کەوتە باس کردنی ئیتر خۆم پێ ڕانەدەگیرا بەبێ ئەوەی بەسەر خۆم دا زاڵ ببم هاوارم کرد:

– شتی وانابێت! ئێوەش باسی هەمان کەس دەکەن. بەڵێ ئەوە ڕێك خۆیەتی.... ئێرهانیش زۆر سەرسام بوو بوو:

– بامنیش باسێکی ئەو مستەفایەت بۆ بکەم. ئەو مرۆڤە لەژیانیدا دوو یاسای بنەڕەتی بۆ خۆی هەیە، یەکێکیان: ژیان وەکو موسوڵمانێکی نمونەیی، دووەمیان: بوون بەکەسی کەسانی بێ چارەو غەریب و، دەستگیرۆیی لێقەوماوان. ژیان و تەمەنی بەمجۆرە پلان ڕێژی کردووەو نەخشەی ڕێگەشی هەر لەسەر ئەمانە داڕشتووە.

ئەو سومبولی حەق دۆستی و پاکی و غیرەتە، موسوڵمانێکە کە تەنها بەوتەکانی نا، بەڵکو بەهەڵسوکەوت و ڕەوشتەکانیشی وانە دەداتە کەسانی تر، یەك خولەکیش کاتی بەخۆڕایی بەفیڕۆ نادات بەردەوام لەبەرەوپێش چوندایە. جگە لەوەی بەردەوام لەپەیوەندی باشدایە لەگەڵ دۆستەکانی و ئامادەی هەموو بەخشینێکە بەهەر یەکێکیان کە لە پێویستیدا بن.

لەتەمەنی دە ساڵیدا قورئانی لەبەر کردووەو لەپانزە ساڵیدا بەتەواوی عەرەبی فێر بووە، دوای ئەوەی قوتابخانەی ئیمام خاتیب تەواو دەکات دەچێتە ئیەننا لەسەر تواناو لێهاتوویی خۆی لەگەڵ فێر بوونی ڕووسی و ئینگلیزی و ئەڵمانیدا خوێندنەکەی تەواو دەکات، ئامانجیشی لەفێر بوونی ئەو زمانانە تەنها بۆ گەیاندنی زانستەکەی و تێگەیاندنی خەڵکانە لەمەسەلەکانی ئیسلام و قورئان، هیچ کاتێکیش بەئارەقی ناوچاوانی نەبووبێت یەك دینار پارەی لەکەس قبوڵ

نەکردووە. تا ئەم خوێندنەی ئێستاشی بەشەوانە کاری کردووە و بەڕۆژ خوێندوویەتی، دایکیشی لەهەوڵی پێگەیاندنی ئەودا لەسەر گەورەترین ئازار دانی بەخۆیدا گرتووە، بەم جۆرە ئەم دوو کەسە گەورەیە پێکەوە ژیان دەگوزەرێنن.

ئەو یادەوەریەی مامۆستا سەعیدی نوورسی کە کار لە مستەفا دەکات:

گەورەترین خەیاڵی مستەفا ڕۆیشتنە بۆ ڕووسیا بۆ گەیاندنی ئیسلام و قورئان بە خەڵکی ئەوێ.. ئەمەش لەدوای کاریگەر بوونی بە یادەوەرییەکی مامۆستا سەعیدی نوورسی لەخەیاڵیدا دروست بوو.

زیاتر خۆمم پێ ڕانەگیرا هاتمە قسە:

- چ یادەوەرییەکە تکا دەکەم؟ بۆ تۆی باس کردووە؟

- بەڵێ

- باسی بکە تکایە، دڵنیام شتێك مستەفای پێ کاریگەر بووبێت لەسەر ئێمە زیاتر کاریگەری دادەنێت.

- ئەو یادگاریە بەم جۆرە بوو:

زانای نوێخوازو پێشەنگ بەدیعوزەمان سەعیدی نوورسی کە لە ئەستەنبوڵەوە دەچێتە وان، بە هاوڕێیەتی دوو قوتابی خۆی پێکەوە دەچنە "تیفلس" کە بەناوبانگترین شارە لە وڵاتی گورجستانی ئێستا، تیفلس لەوکاتەدا شارێکی دیاری دەوڵەتی ڕووسی بووە، لەو

مێژووەدا تیفلس شارێکی ناودار بووە کە موسوڵمانە تورکەکان تیایدا لەژێر دەسەڵاتی سیاسەتی پەیڕەوکراوی دەوڵەتی ڕووسیدا بوون، سەعیدی نوورسی لە زەردەخەوی عەسرێکی درەنگ وەختدا لە تیفلس، کاتێك لەسەر گردۆلکەی "شێخ سانان"ەوە لەسروشت و دەوروبەر دەڕوانێت، سەربازێك دێتە لای لێی دەپرسێت:

– بۆچی بەم جۆرە بەسەرنجەوە لەم دەوروبەرە دەڕوانیت؟ سەعیدی نوورسیش بەدانایی و باوەڕپەخۆبوونەوە:

– پلانی قوتابخانەکەم دادەڕێژم، سەربازی سەر سوڕماو یەکسەر بە گاڵتە جارپەکەوە دەپرسێت:

– تۆ خەڵکی کوێیت؟

– من بەدلیسیم

– باشە کەواتە ئێرە تیفلسە تۆ بەمەڵە خەیاڵ دەکەیت، سەعیدی نوورسی بە نیگایەکی کاریگەرەوە لەسەربازەکە دەڕوانێت:

– تۆ نازانیت تیفلس و بەدلیس بران! سەربازەکە بەم وەڵامە زیاتر ڕادەمێنێت:

– ئەمە مانای چییە؟

سەعیدی نوورسی بەو هەستە بەهێزەیەوە هەندێ زانیاری سەبارەت بە داهاتوو دەداتێ و دەڵێ:

– لەئاسیا و جیهانی ئیسلامیدا، سێ نوور وردە وردە بەدوای یەکدا دەست بە درەوشانەوە دەکەن، لەئێوەشدا سێ تاریکی یەك لەدوایەك

دەردەکەوێت، ئەم پژێمە سەپێنراو و دەسەڵاتدارەی ئێوە دەڕوخێت و، منیش دێم و لێرە قوتابخانەکەم بنیات دەنێم.

ئەوەی کە سەعیدی نوورسی لەسالّی (١٩١٠) دا وتی ئێستا پاستی و دروستیەکەی زۆر ڕوون و ئاشکرا دەبینرێت، ئەو ڕژێمە کۆمۆنیستەی لەسالّی(١٩١٧) لە ڕووسیا دامەزرا بەدەسەڵاتێکی زاڵم و دوور لە مرۆڤایەتی لەو کۆمەڵگایەدا سەردەمێکی تاریکستانی خوڵقاند بوو، بەجۆرێك ملیۆنان کەس بوونە قوربانی ئەو ڕژێمە سەپێنراوە، بەڕووخانی کۆمۆنیستەکان لەسالّی ١٩٩٠ دا شاری "تیفلس"یش بەسەربەستی خۆی گەیشت، لەدوای ئەمەش قوتابیەکانی سەعیدی نوورسی دێنە تیفلس و لە پێناو خزمەتکردندا قوتابخانە خەیاڵیەکەی ئەو مرۆڤە گەورەیە دروستدەکەن.

هەرچەندە لەو مێژووەدا سەربازە ڕووسەکە لەبەرامبەر ئەو گەشبینیەی سەعیدی نوورسیدا بەتوندی ڕاوەستا:

– ئاای ! سەرم سوڕدەمێنێ لەم ئومێدەواریەت. سەعیدی نوورسیش لەوەڵامدا:

– منیش لە ئەقڵی تۆ سەرم سوڕدەمێنێت! دەتوانیت دڵنیابیت لە ئەگەری بەردەوام بوونی ئەم زستانە؟! هەر زستانێك بەهارێکی بەدوا دێت، هەر شەوێکیش ڕۆژێك ڕووناکی دەکاتەوە. سەربازە ڕووسەکە تا دەهات زیاتر سەرسام دەبوو:

– ئەفەندی تۆ چی دەڵێیت؟ ئیسلام پارچە پارچە بووە. سەعیدی نوورسی وەڵامێکی دایەوە کە تائێستاش خوێنەران سەرسام دەکات:

– نەخێر، موسوڵمانەکان سەرقاڵی خوێندن و فێر بوونن ئەوەتا هندستان منداڵێکی بەتوانای ئیسلامە، ئینگلیز لەئامادەییدا دەخوێنێت، میسر پڕلەیەکی زیرەکی ئیسلامە، ئینگلیز لە کۆلێژی سیاسەت وانە وەردەگرێت، تورکستان و قەوقاس دوو کوڕی قارەمانی ئیسلامن، ڕوسیاش لە قوتابخانەی جەنگ دا خەریکی خوێندنە، ئای لەو کاتەی ئەم ڕۆژە بەجەرگانە بڕوانامەی دبلۆمەکانیان وەردەگرن و هەریەکەیان دەچنە لوتکەی سەرکەوتنی قارەکانیان، ئالای بەڕەونەق و دادپەروەری ئیسلامی باوکیان دەشەکێننەوە، لەبەر چاوی قەدەرداو بەپێچەوانەی پێشبینی خەڵکەوە، ڕاستەقینە شاراوەکان دەخەنە ڕوو.

چەندە سەرسوڕهێنەرە، لەو کاتانەدا هندستان و میسر لەژێر دەستی ئیستیعماری ئینگلیزەکاندا دەشێلران، وڵاتەکانی قەوقاس و تورکستان کە بەتورکەکانی ناوەڕاستی ئاسیا ناسراون لەژێر دەسەڵاتی زاڵم و بەزۆر سەپێنراوی ڕووسدا دەیانناڵاند، ئەمڕۆ دانە دانەی ئەو مژدانەی سەعیدی نوورسی دەیفەرموون هاتنە دی.

میسر لە ١٩٣٧دا سەربەخۆیی ڕاگەیاند.

پاکستان لە ١٩٤٧دا بەجیابوونەوەی لە هندستان بووە دەوڵەتێکی ئیسلامی سەربەخۆ، لە ١٩٩٠دا بەهەڵوەشاندنەوەی

یەکێتی سۆڤیەت، قەوقاس و کۆماری تورکستان یەک یەک بەئازادی خۆیان گەیشتن.

هەربۆیە مستەفا کە باپیرەی خەڵکی قەوقاسە، بیرۆکەی ئەوەی بۆ هات بچێتە ڕوسیاو بۆ گەیاندنی ئیسلام و نیشاندانی ڕێگەی ڕاست بەو گەنجانەی لە بۆشایی بێ ئیمانیدا ماونەتەوەو بۆ تەداوی کردنی ئەو گەنجانە بە قورئان و چارەسەرە مەعنەوییەکانی یارمەتی ئەو کەسانە بدات کە شەویان خستووەتە سەر ڕۆژ و کاردەکەن. ئەمەش وەک بەندەیەک بە ئەرکی سەرشانی دەزانێت.

منیش لە ڤیەننا لەگەڵ مستەفا ئاشنابووم، یەکێکە لەو گەنجانەی لە ژیانمدا زۆرترین متمانەو باوەڕم پێی هەبێت، چوار ساڵ لەنزیک یەک ژیاین هەرگیز لەپاکی و سادەیی و مرۆڤ دۆستی ئەو تێر نەبووم.

زیاتر لەبەرچاوم گەورە بووبوو:

لەوە زیاتر بەرگەم نەگرت و هەڵم دایە:

– چی دەبێت، مادام لەگەڵ ئەو هاوڕێیت، تکا دەکەم یارمەتیم بدە.

– چۆن یارمەتیەکت دەوێت؟

– پەیوەندی بەمستەفاوە بکە بەجۆرێك ئێمە پێکەوە کۆبکەرەوە دەمەوێ تێی بگەیەنم کە هەرگیز لەبیری ناکەم و ئەو تاکە کەسە بەم ڕادەیە خۆشم بوێت! چی دەبێت ئەم چاکەیەم لەگەڵ بکە، ئەمە

بکەیت وەک ئەوەیە هەموو دنیات بەخشی بێت... تکایە... ئێرەان بەبێ ئومێدیەکەوە سەری ڕاوەشاند:

– تۆ ئەو ناناسیت، چاوی ئەو کچ و ئافرەت نابینێت، هەرگیز خۆی بەو عەشقە درۆینانەوە سەرقاڵ ناکات. ئەو ئەم جۆرە شتانە تەنها بە کوشتنی کات و لەدەست دانی کەسایەتی دەزانێت، هیچ ئارەزووی بۆ ئەمانە نیە.

ئەو خۆی بۆ قوربان و ئیمان تەرخان کردووە، دەیەوێت ژیانی بە ناساندنی جوانیەکانی قوربان و ئیمان بەجیهان بەسەر بەرێت، نەک تۆ، هەموو جوانیەکانی دنیا لەدوای یەک بوەستن ئاوڕیان لێ نادانەوە، چونکە ئامانجی ئەو ژیانە بۆ خوا، بڕوا بەمن بکەو بەر لەدەست پێکردن واز لەم خەیاڵەت بهێنە، ئەو لەبیرکە، ئەم ڕێگەیەت کۆڵانێکی بنبەستە.

– بەڵام خۆ ئەو دژی هاوسەرگیری نییە؟!

– ئەو قارەمانێکە لەپێناو بانگەوازێکدا. کە کاتی هات بێگومان هاوسەرگیری دەکات، بەڵام ئێستا نا.... قسەکەم پێ بڕی:

– نەخێر بەهەڵەدا چوویت... بەدڵنیاییەوە پەیوەندی پێوە دەکەم. ئاگرو عەشق و حەسرەتەکەی ناخمی بۆ باس دەکەم بەڵکو بەهاوسەرگیری قایلی بکەم.

ئێرهان زەردەخەنەیەکی تاڵی کرد:

– بەم حاڵەتەوە نەک هەر پەسەندت ناکات، بەڵکو قسەشت لەگەڵ ناکات!

– ئەمە ئاسانە، ئەو چۆن بیەوێت وادەبم، خۆم دادەپڕشم دەست بەنوێژو بەندایەتیەکانم دەکەم.

– چاوەڕێ دەکەیت بەمە باوەڕ بکات؟

ئێرهان کە ئیتر لەحاڵی پەرێشان و ڕەنگیشە بەبڕوای ئەو بە گاڵتەجاڕی لە من تێگەیشت ئیتر بێ دەنگی لە باسەکە کرد.

بەڵێ بەهۆی هەستەکانمەوە خەریك بوو وەك منداڵم لێ دەهاتەوە، خەریك بووم قسەی منداڵانەو بێ مانام دەکرد، من لەکوێ و دنیای بێگەردی دروستی ئەوان لەکوێ کە بچمە ناوی!؟ بەڵام ئاگرەکەی ناخم یاساکانی (مەنتق)ی نەدەزانی هەستەکان مەنتق ناناسن!

لەلایەك پێداگیری باوکم بۆ ڕۆیشتنە دەرەوەم بۆ خوێندن و لەلایەکیش عەشقی مستەفا کەبەخوێندا هاتوو چۆی دەکرد.

لەنێوان هەردووکیاندا بێ چارە دەتلامەوە وەکو دوا دەرفەت دووبارە لە ئێرهان پاڕامەوە.

– کەوایە تەنها ژمارەی تەلەفونی مستەفام پێ بدە دەمەوێ قسەی لەگەڵ بکەم

– تەلەفونی تایبەتی نییە، بەڵام ژمارەی شوێنی دانیشتنەکانی مزگەوتیم هەیە، پەیوەندی بەئەوێوە بکەیت پەنگە بتوانیت قسەی لەگەڵ بکەیت.

یەکسەر ژمارەکەیم نووسی، نەك نووسیم بەڵکو دانە دانە لەبەرم کرد، ئیتر نیازم نەبوو کات بەفیڕۆ بدەم، بەئومێدو پەڕۆشیەکی زۆرەوە تاوم دایە تەلەفونەکەو ژمارەکەم وەرگرت، پرسیاری مستەفام کرد لەو پیاوەی کە وەڵامی دایەوە، بەڵام ئەوەی کە بیستم بەتەواوی پەرێشان و دڵتەنگی کردم:

– کچەکەم مامۆستا مستەفا ماوەی دە پۆژە لەشاری ئەنقەرەیە، دایکی تووشی شەڵەل بووە، لەگەڵ ئەو دەمێنێتەوە لەبارێکی قورسدان.

جگە لەوەی بێ ئومێدی دابپۆشیم، ناپەحەتی و هەزار بیری ناخۆش بەمێشکمدا هات و دڵم بەو هەواڵە داچڵەکی بەرامبەر ئەو خۆشەویستیەم بۆ پوورە فاطمە، ئەو هەواڵە وەکو زەنگێکی ترسناك دای لەدەروونم، دۆستایەتی لەم وەختانەدا دەردەکەوێت. بەرامبەر ئەو یارمەتیەی ئەوان کە لەو کاتە قورسەدا بەهانامەوە هاتن، ئەمە دەرفەتێك بوو بۆ قەرەبوو کردنەوە، بەڵام چۆن و لەکوێوە دەست پێ بکەم بۆ ئەمە کەوتمە بیرکردنەوە . ئەگەرەکان مێشکمیان سەرەو ژوور کردبوو.

هەم بۆ پزگار بوون لە فشارەکانی باوکم، هەمیش بۆ یارمەتی دانی ئەو دوو دۆستە قەدر شناسە، پلانێکی تازەم دانا، بەهۆی ئەمەوە پەنگە بمتوانیایە کەمێك نزیکییش لەگەڵ مستەفا دروست بکەم. بارودۆخەکەم بۆ باوکم باس کردو بۆ پازی کردنی ئەو وتم:

– بابە گیان من ئەگەر لەم ناپەحەتیەدا بچم بەهانای ئەو دوو کەسەوە، پەنگە دوایی تۆش مستەفا بەدەست بهێنێت و لەکڵمپانیاکەت بۆ کارکردن بانگی بکەیت، ئیتر لەزانیاری و ئەزموونەکانی ئەو زۆر سودمەند دەبیت، باوکم کە بۆ بەدەست هێنانی دینارێك ئەوەی لەدەستی بهاتایە دەیکرد، بێگومان بۆ ئەمە نەیوت " نەخێر".

بەشی دووەم

لەناو ڕووداوە پڕ نهێنیەکاندا ونبووبووم

گەشتی ژیانم :

بەبێ هیچ کات بەفیڕۆدانێك، لەگەڵ شۆفێرە تایبەتیەکەم ڕێگەی نەنقەرەمان گرتەبەر، کاتێك بەرەو ئەو نەخۆشخانەیە دەڕۆیشتین کە پوورە فاطمەی لێکەوتبوو، لە مێشکمدا بەهانەو قسەکانم ڕێکدەخست کە دەمویست بەجوانترین شێوە دەرکەون. نەدەبوو ئەوان ئاگاداری ئەم پلانەم بن، ئەگەر نا ئەو دوو کەسە خاوەن ڕێزە بەبێ وەستان هەموو داواکاری و یارمەتیەکانیان ڕەت دەکردەوە، بەڕاستی لەبەرامبەر خۆشەویستی و گرنگی ئەواندا، هەموو شتێکم فیدا دەکرد، کە بەرەو نەخۆشخانەکە هەنگاوم دەنا، هەستێکی سەیر هەموو گیانمی داگیرکردبوو کە تا ئەو ڕۆژە شتی وەهام بەسەر نەهاتبوو.

خوایە ئەمە چ حاڵێك بوو؟ تەنانەت بۆ هەناسەدانیش فشارم دەخستە سەرخۆم! هێندە ئەژنۆکانم لاوازبووبوون خەریك بوو لە ناوەڕاستی ڕاڕەوەکەدا بکەومە سەر زەوی. ئەم پرسیارە هەر لەمێشکمدا دەسوڕایەوە: مستەفا چۆن ڕوو بەڕووم دەبێتەوە؟!

دەرم دەکات؟ یان بەقورستترین جنێوو قسەی ناخۆش تۆڵەم لێ دەکاتەوە؟ یاخود دەرگاکە بەسەرمدا دادەخاتەوەو بۆ هەمیشە دیوارێك لەنێوانماندا دروست دەکات؟! هەرچۆنێك بێت.... ئامادەی هەموو شتێك بووم، بۆ ئەو خۆشەویستەی دڵمی پارچە پارچە کردبوو، ئەو سۆزەی گوێی بەهیچ نەدەدا قایل بووم بەهەر دەرئەنجامێك، تەنانەت بیستنی چەند وشەیەك لە ئەو بۆ من هەموو دنیا بوو، بەو هەزار پرسیارە بێ وەڵامەی مێشکمی کردبوو بە ڕێڕەوێکی دەرنەچوو، دڵشداماو بە ڕاڕەوەکەدا دەڕۆیشتم، ئای خوایە گیان! لەژێر فشارو دڵە کوتێیەکدا بووم دەتوت ئێستا دەبوورێمەوەو ڕاست نابمەوە.

- ئیلکای... ئیلکای

ئاوڕم بۆ دواوە دایەوە کێ ببینم؟ هاوڕێکەم " ئەمەل" کە لەمندالێدا لە فەرەنسا پێکەوە بووین، باوەشمان کرد بەیەکدا... دوو ساڵ بوو یەکمان نەدی بوو.

- چیتە ئەوە! خێرە! حاڵت لەباش ناچێت... نەخۆشیت گیانیشت دەلەرزێت، هیوادارم هیچی خراپ نەبێت؟!

– ناسراوێکم زۆر نەخۆشە، کەمێك پەرۆشی ئەوەم.

– ناسراو؟

– بەڵێ

بەگومانێکەوە:

– هممم ....نەکا!؟

منیش وتم :

– نەخێر ئەمە شتێکی جیاوازە. ئەی تۆ لێرە چی دەکەیت؟

– من لێرە کار دەکەم.

– کەوتیتە ئێرەوە؟

– بەڵێ... لەبەشی فریاکەوتنم، هەروەها خۆم بۆ تاقیکردنەوەی پسپۆڕی پزیشکی ئامادە دەکەم.

قۆڵی گرتم:

– وەرە دەی .... یارمەتیت دەدەم تا هاوڕێکەت بدۆزیتەوە لەبەر ئەوەی ئەمەل یەکێك بوو هەر زوو ناخی مرۆڤی دەخوێندەوە هەر بۆیە بۆ ڕزگار بوون لەدەستی چیم نەکرد! تا وازی لێ هێنام

دڵم خەریك بوو دەوەستا:

شوێنی پووڕە فاطمەم دۆزیەوەو بەپرسیار کردن لە پەرستارێك ژووری خەوتنەکەیم زانی، لەدەرگام دا:

– کێی لێیە؟

– من لێرەم (دەنگی کوڕێك).

– دووبارە هەموو گیانم کەوتەوە لەرزین و ئارەقێکی ساردم دەردا.

" خودایە چی دەبێت، لێت دەپارێمەوە... با بەر لەوەی شتێکی خراپ پوو بدات لێرە بڕۆم، ئەگەر خەیاڵەکانم بڕوخێن ئەم ژیانە بۆ من دەبێتە زیندان، تۆ ئەو بەندەیەت بەو هەموو پاکی و بێگەردیە دروست کردووە، منیش وابەستەی بووم، چی بکەم؟ تۆ خوڵقاندوتەو منیش خۆشم ویست، چی دەبێت یارمەتیم بدە".

بەزۆر هەنگاوەکانم هەڵدەنا .. لەناڕەحەتی و پەرۆشیمدا قۆڵ و قاچم جگە لەلەرزین جوڵەیان پێ نەدەکرا.

ئەی حاڵی دڵم بۆ نالێیت! خەریك بوو دەوەستا. کەمێك غیرەت.. کەمێك بەرگە گرتن.. لەبەر دەرگاکە مابووم هێشتا ئارەقەکانم دەسڕی و لەناکاو لەو دنیا تاریکەمدا مستەفام لە پێشی خۆمدا بینی... من کە لەبەر خەجاڵەتی پووم نەبوو تەماشای بکەم و ئەویش لەبەر ئەدەب و ڕێزداری خۆی سەری دووبارە بۆ زەوی شۆڕ کرد، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت ڕێگەی بەرەو لای پوورە فاطمە نیشاندام، ئەمەش ماناکەی زۆر ڕوون بوو:

" هیچ نیشێکت لەگەڵ من نیە، چی بە دایکم دەڵێیت بیڵێ، دواییش ئەوە دەرگاکەیە دەتوانیت بڕۆیت".

بەو هەستانەوە کە خەریك بوو شاخیان لێ دەردەکردم، هەر جۆرێك بوو هەنگاوم بەرەو ژوورەوە دەنا. پوورە فاطمە بەبێ دەنگی

لەجێگەیەکدا کەوتبوو، بەتەواوی مردوویەکی دەهێنایەوە یاد، رووپەکی ساردو گۆناکانی سپی هەڵگەڕاو، دەوروبەری چاوەکانیشی مۆر بوو بوون.... لەژێر چنگی نەخۆشیەکی سەختدا خەریکبوو دواین هەناسەکانی دەدا. چوومە تەنیشتی چاوەکانی داخستبوو، لێوەکانیشی قڵیشا بوون، دەستیم توند گرت هەستی بەهیچ نەکرد بەڵام لەبەرخۆیەوە شتێکی دەخوێند، بۆ ئەوەی یەك وشە لە مستەفا ببیستم سەیرێکیم کردو لێم پرسی:

- حاڵی چۆنە؟

ئەویش بێ ئەوەی ڕووم تێبکات وتی:

- باشە.

- دەتوانێت هەستێت؟

- نەخێر.

- هیچ قسە دەکات؟

- زۆر کەم.

- دیارە هیچیش ناخوات!

- بەڵێ.

- چەند ڕۆژ دەبێت لێرەن؟

- یانزە ڕۆژە.

- نەخۆشیەکەی چیە؟

- جەڵتەی دەماغ.

دەتگوت بەزۆر ئەو وشانە لە دەمی دێنەدەر، تا من بۆ قسەکردن دێڕەکانم درێژتر بکردایەتەوە، ئەو بە کورتترین وەڵام خۆی لەدەستم ڕزگار دەکرد، بەڵام پیاوەتی و دروستی و مەردایەتی تەنانەت لە دەنگیشیدا هەستی پێ دەکرا، ئەوەندە کاریگەر بوو لەسەرم، دڵم تەپ تەپ بەخێرایی کەوتبووە لێدان.

خودایە چی دەبێت من لە چارەی ئەو بنووسە:

لەناخمدا هەزاران جار دەپارامەوە لەخوا "ئەی خوایە گیان، ئەو کەسەی من بۆی دەگەڕێم ئەمەیە، چی دەبێت من لەچارەی ئەو بنووسە"! بۆ خاڵی کردنەوەی ئەو هەموو ئازارەی دەرووم، لەتەنیشت پووڕە فاطمەوە دانیشتم، ئەو سیما نوورینەی لەناو بەرگە سپیەکەی بەریدا، مرۆڤی دەبردە جیهانێکی تر، تا تەماشات بکردایە ئارامیەکی بێ ئەندازەی دەبەخشی، جوانی دڵ و دەروونی بەتەواوی لە ڕووخساریدا ڕەنگی دابووەوە. ئەم ژنە گەورەیە تەنانەت نەخۆش کەوتنەکەشی جیاواز بوو، مرۆڤ لەکاتی نەخۆش کەوتندا ڕەنگی دەپەڕێت، کەچی ئەم زیاتر لە سیمایەکی شیرین و نورانیدا دەردەکەوت، دووبارە ڕوومکردەوە مستەفا:

– بڵێیت قسەم لەگەڵ بکات! لانی کەم ببینێت کە هاتووم، من قەرزێکی ئەوم لایە کە ناتوانرێت بدرێتەوە.

– بەبێ ئەوەی سەیر بکات:

– بپرسن ئەگەر گوێی لێتان بێت وەڵام دەداتەوە، درێژترین ڕستە لە مستەفا بیستم ئەمە بوو بەمەش خۆشحاڵ و ئومێدەوار بووم.

چەند جارێك بانگم کرد:

– پووره فاطمه .... پووره فاطمه، هیچ وەڵامی نەبوو، بەڵام چرپە چرپێکم لە لێوەکانیەوە دەبیستم و تێنەدەگەیشتم.

– سەیرکە لەگەڵ خۆی قسە دەکات، دیارە دەیەوێت شتێك بڵێت.

مستەفاش وتی:

– نەخێر، ئەو نزایانە دووبارە دەکاتەوە کە هەموو ڕۆژێك دەیانکات، لەحاڵێکدا من بە بەهانەی جیاواز خۆم زیاتر خەریك دەکرد بۆ مانەوەی لە ژوورەکەدا، بەڵام مستەفا بەهەموو ڕەفتارێکی نیشانی دەدا کە لێم بێزارە.

یان بەڕاستی هیچ گرنگیم پێ نادات، یان بەگوناحی دەزانێت لەگەڵ کچێکی کەم ئیماندا قسە لەو باسانە بکات، یاخود بەهۆی ئەو شتانەی پێشتر ڕوویاندا دەیەوێت خۆی زویر نیشان بدات، هەر چیەك بێت، ئەوە زۆر ڕوون بوو کە ئەو بەهەبوونی من ناڕاحەت بوو، لەگەڵ ئەوەی زۆر باڵی ئەمەم دەزانی بەڵام پێداگریم لەسەر مانەوەم دەکرد.

ماوەیەك خۆم بەتەماشاکردنی دنیا ئەفسوناویەکەی پووره فاطمه و، پەند لێوەرگرتنی خەریك کرد. مستەفا واتێگەیشتبوو من نیەتی هەستان و چوونەدەرەوەم نییە، وتی:

– لەسەر ئیزنتان من دەبێت قسە لەگەڵ پزیشکەکەی بکەم، کاتێک بەرەو دەرگاکە دەڕۆیشت، هەموو توانای خۆم کۆکردەوەو، بۆ وەستانی ئەو:

– یەک خولەک، منیش ئیتر نامێنمەوە، بەڵام چەند شتێکم هەیە پێتانی بڵێم، دیسان گەردەلوولی ناخم هەڵی کردەوەو هەموو لاشەم لەرزین و ترس و دوو دڵی داگیری کرد، لەناڕەحەتی ئەوەدا بووم کە چۆن و لەکوێوە دەست پێ بکەم!

ئەگەر خۆشەویستی خۆمم بۆ ئەو نیشان بدایە ئاسایی دەبوو؟ نەخێر... زۆر زوو بوو، ئەی ئەگەر ئیتر نەیبینمەوە؟ بەڵێ ئەمەش هەبوو... بەحاڵێکی پەریشانەوە یەک دوو جار هەوڵی قسەکردنم دا بەڵام وشەکانم قوت دایەوە.

لەکۆتاییدا بەهەموو غیرەتمەوە توانیم بڵێم:

– مستەفا... من زۆر ناڕەحەتم، زۆر خەمبارم، ئەو بێ ڕێزییەی بە ئێوە کرا هیچ ناتوانم فەرامۆشی بکەم، ئەم هەموو ماوەیە بەخەفەتی ئەوەوە خۆمم خواردوەتەوە، داوای لێبوردن لەتۆش و پووره فاطمەش دەکەم.

ئەو کەسانەی تەنها بەچاویلکەی بەرژەوەندی و پارە پەرستی تەماشا دەکەن، ناتوانن شتەکانی تر ببینن، ئەوانەی کە لە منەتی چاکەو یارمەتی دان تێناگەن و بە فەلسەفەی بەرژەوەندی گۆش کراون، زۆر بەژیان و دنیای ئێوە نامۆن و منیش بێ گومان لەو

کەشەدا گەورە بووم، بەڵام من هەردوو دیوی ژیانم بینیوەو بەم دروستیەی ئێوە سەرسام بووم.

– مستەفا دەستی درێژ کرد بۆ دەرگاکە بەو مانایەی کە ئیتر نایەوێت گوێ بگرێت:

– هاتنەکەتان بەدایکم دەڵێم ئاسوودە بن، هەم من هەم دایکم ئێوەمان بەخشیوە، من ئێستا دەبێت بچمە لای پزیشک، بۆ هاتنەکەشتان زۆر سوپاستان دەکەم.

بۆ دواجار دیسان بانگم کرد:

– مستەفا... بە پوانینێکی پەق لێمی پوانی وەک ئەوەی بڵێت: "چی دەڵێیت؟ تۆ چیت دەوێت؟"، بێ گوێدانە ئەوەی کە ئەو چی دەڵێت و چۆن بیردەکاتەوە، لەسەر قسەکانم بەردەوام بووم، پێم وت:

– من مەحاڵە ئێوە لەبیر بکەم، جار جاریش دێمە سەردانتان، ئێوە کەسانی زۆر تایبەتن بۆ من.

بەوەڵامێکی زۆر زیرەکانە، ئیتر هەستەکانمی لەدەمەدا وەستاند:

– دایکم ئێوەی وەک کچی خۆی خۆشویست منیش وەکو خوشکم.

من تۆم زۆر خۆشویست:

لەو کاتەدا کە هەموو شتێک کۆتایی پێ هاتبوو، کە ئیتر نەدەبوو قسەیەکم هەبێت بۆ وتن، کە ئیتر کلیلی لە هەستەکانم داو دەنگمی بڕی، بەڵام هێشتاش من سەرسەختانە لەبەر خۆشەویستی ئەو بۆ دوا

دەرفەتیش بێت قسەم مابوو، لەوکاتەدا خوا وەك بڵێی موعجزەیەکی خوڵقاندو دەنگی پوورە فاطمەمان بیست.

– مستەفا...!

دەستی لە دەرگاکە بەرداو ڕایکرد بۆ لای ئەو ژنە پیرەی دایکی:

– دایە گیان... منیش وەك ئەو بەخێرایی گەڕامەوە بۆ لای پوورە فاطمە ئەمەش دووبارە دەرفەتێك بوو بۆ من.

پوورە فاطمە کە منی لەبەردەمی خۆیدا بینی، وەکو ئەوەی هیچ نەبووبێت تەکانێکی خواردو قۆڵەکانی کردەوە، بەزەردەخەنەیەکی بێ گیانەوە منی لەئامێز گرت. منیش بەو خەمباریە زۆرەی لەناخمدا زیادو زیاتری دەکرد بەگریانەوە خۆم فڕێ دایە ئامێزی، پوورە فاطمەش بە دوو ئەسرینی ڕوون کە لەچاوەکانی هاتنە خوار وەك بڵێی زۆر شتی وت... بەو کردەوانەیدا دیار بوو منی بەخشیبووە، تەنانەت لەو کاتەشدا لە خۆشەویستی نیشان دان بۆ من کەمتەرخەمیەکی نەنواند، بیرم دەکردەوە چی دەبوو ئەگەر ئەو تێگەیشتوویی و مرۆڤ دۆستی و هەستی کەس ئازار نەدان و میهرەبانیەی کە لەم جۆرە مرۆڤانەدا هەبوو، کەمێکیشی لەخێزانەکەی مندا هەبوایە، کاتێك لای ئەم کەسانە دەبووم، لەلایەك ئاسوودەییەك دایدەپۆشیم و، لەلایەکی تریش لەبەرامبەر ئەو هەموو بەڕێزی و مرۆڤ دۆستیەی نەواندا بچوك دەبومەوەو خەمبار دەبووم.

وردە وردە تـا قـوولّایی چـاوەکانم سـەرنجی دام، لەبـەر ئـەوەی قسەی نەدەکرد ئەوەی دەیویست بیلّێ بە نیگاکانی دەیگەیاند ئەمـە جۆرە گفت کردنێك بـوو کـە نـە وتاربێـژو نـە نووسـەر و نـە زانـایش ناتوانێـت رِسـتەی پـێ دروسـت بکـات، ئـەوە تـەنها دڵ دەتـوانێ ببیستێت.

ئـەوە تەماشـاکردنێکی ئەوەنـدە میهرەبانانـە بـوو کـە سـەرتاپای لاشەمی دەلەرزاندو بەهەموو بوونمـەوە مەسـتی دەکـردم، خـەریکبوو لەدڵەوە نالّەم دەکرد:

ئاە خۆزگە تۆ دایکم بوویتایە، ئەو ساتە کەمە پڕ ئاسـوودەییانەی کە هەموو شتێکیان لـەپێناودا دەبەخشـم بەدرێـژایی تەمـەنم تیایانـدا بوومایـەو لەتەنیشـت تـۆوە هـەموو ژیـانم لەدڵخۆشـی رِاسـتەقینەدا بتوایەتـەوە، بمتوانیایـە وەکـو کچـی رِاسـتەقینەت سـەرم بنایـە بـەو خۆشەویستییە دایکانەیەتـەوە.... ئـاە چـی دەبـوو؟! دەسـتەکانیم تونـد گـرت، ئەوەنـدەی کـە تـوانیم لەوشـەی جـوانی دەروونم خۆشەویسـتیم بـۆ دەربـڕی وەك ئـەوەی وشـە تێـك ئـالاو بەفرمێسـکەکانمی بیسـتبێت دیسـان برژانگـەکانی کرانـەوە، تـەنها وشەیەکی بچوکی ئەفسوناوی لەدەمی هاتە دەر، ئەو وشەیە منـی لـە حەسـرەتدا هەلّفڕانـد، هـات و لەگـەلّ سـۆزی گڕگرتـووی دەروونمـدا تێکەلّ بوو بۆ هەمیشە جێگەی خۆی گرت.

– کچەکەم!

ئاه خودای من! لەتەمەنمدا کەسێك بەو پادەیە بەگەرمی و لەناخی دڵەوە ئەو وشە پڕ ڕازو ناسکەی بەو دەربڕینە میهرەبانەی ئەو پێ نەوتبووم، وەك پاڕانەوە لە چاوەکانیم ڕوانی بەمانای" بەردەوام بە".... کچەکەم!

ئەوەندە بۆ من بەس بوو... لەناوەڕۆکی ئەم وشەیەدا چی حەشار نەدرابوو...! خۆشەویستی، میهرەبانی، نەزاکەت، ڕەنگیشە ئارەزووی بوون بە بوکی خۆی! ڕەنگیشە... ئەمە تەنها خەیاڵی من بێت، یاخود ڕەنگە ئەمە لەو دیو خەیاڵیشەوە مەحاڵ بێت... بابێت...

بۆ من ژیان لەو سات و خولەك و دیمەنەدا بەرامبەر هەموو تەمەنم بوو، بەهێواشی دەستەکانمی گوشی و دووبارە بەنیگاکانی ڕووخسارمی شانە کرد، نیگاکانی و هەست کردن بە گەرمایی دەستەکانی وەکو کارەبا لێدان کاری لە هەموو گەردیلەیەکی لاشەم کرد، من بۆچی ئەمەم لەدایکبوونمدا هەست پێ نەکرد بوو! ! ئەگەر بۆ یەك ساتیش بێت، هەستێکم بۆ دروست بوو، وەکو بوکی ئەو خۆم دەبینی کە لە ئارەزووی خزمەتکردنیدا لە پێشیەوە دانیشتبووم.

بوون بە بوکی ئەو....؟

ژیانێك پێکەوە لەگەڵ پوورە فاطمەی تا ئەو پەڕی سادەیی سادەو تا ئەو دیوی میهرەبانی بەسۆز! کە مرۆڤ لێیەوە فێری مرۆڤناسی و بەخشین دەبوو..! ئەگەر لەخەیاڵیشدا بوو بێت

دەمویست لەناو ئەو کەشە بەهەشتیەی ئەو خێزانەدا بژیم....ئاه لەخەیاڵەکانم.

ئەو ساتانەی ئەقڵم تیایدا دەفڕێ:

لەو کاتەی من پشووم دابوو لەو جیهانەی لێی تێر نەدەبووم، دەرگاکە کرایەوە منیش خۆمم کۆکردەوەو چوومە کەنارێك خانمێك بوو.. مستەفاش بەبینینی ئەو کچە ڕۆیشتە دەرەوە. بەدڵنیاییەوە بەشیاوی نەزانیوە لەنێوان گفتوگۆی خانمانەی ئێمەدا لەژوورەکەدا بمێنێتەوە.

دەی هەر ئەمە بوو کە منی وێران کردبوو، ئەم ڕێزداری و ئەدەب و ڕەوشتە بەرزە لە کێدا دەبینرا؟! هاتنە ژوورەوەی ئەو خانمەو هەڵسوکەوتەکانی و وەستانی لەتەنیشت پووره فاطمەو تێبینی کردنی جۆرێکی سەیر دەهاتە پێش چاو. وەك ئەوەی هیچ لەکۆمەڵگەدا نەژیابێت پاکی و بێگەردی و ناسکیەکەی هیچ لەکەیەکی تیا دەرنەدەکەوت.. ئەی بۆنە سەرنج ڕاکێشەکەی وەکو میسك لە ژوورەکەدا بڵاو بوەوە... خودایە بەتەواوی سەرسام بووم بەو خانمە پڕ ڕازە و ویستم لێی نزیك ببمەوە.

بەڵام بڕوام بەوە نەدەکرد کە بەچاوەکانم ببینیم. خەریك بوو هۆشم لەدەست دەدا بەرامبەر ئەو دیمەنە پڕ نهێنی و ڕازەی کە لەو خانمە سەرسوڕهێنەرەدا بەدی دەکرا، مێشکم وەك دەهۆڵ دەنگی دەهات و

هەستم بەلێدانە خێراکانی دڵم دەکرد کاتێک وبستم بچمە ئەو دنیا سەیرەوەو دوا هەوڵمدا بۆ ئەوەی لەنهێنی ئەو خانمە تێ بگەم و نزیک ببمەوە، هەر لەوکاتەدا لە هۆش خۆم چووم و ئاگام لە دەوروبەرم نەما، هەر بۆیە دوای ئەوەم بەبیرنایەت، لەکەنارێکدا بورابومەوە، منیان لەسەر جێگەیەکی تەنیشتی پووزە فاطمە پاڵ خستبوو. کە هاتمەوە هۆش خۆم خانمەکە ڕۆیشتبوو، مستەفاش لە پشت سەری دایکیەوە پەڕۆشانە بانگی دەکرد:

– دایە! دایە! وەڵام بدەرەوە.... دایە....

ئەو خانمە ئەفسوناوییە بەو هاتنە پڕنهێنیەیەوە و ئەو دیمەنە سەیرەی دەرکەوتنی، پووزە فاطمەشی لەگەڵ خۆی بردبوو.

خودایە ئەمە خەون بوو! خەیاڵ بوو؟ یان ئەوانەی کە بینیم ڕاستی بوون؟! یان تەنها لەهۆش خۆچونێک بوو! سەرم خستە نێوان هەردوو دەستم، دەستم کرد بە هاوارکردن. کاتێک بیرم لەو ڕووداوو بەسەرهاتانە دەکردەوە کە لە ژوور سەری ئەو خانمە پاک و بێگەردەی لەژیانیدا جگە لە چاکە هیچی تری نەکردبوو، لەناو دنیا نهێنیەکەیدا وێڵتر دەبووم.

پەرستارو پزیشکەکان لەم کاتەدا ڕژانە ناو ژوورەکەوەو ئێمە یان ناردە دەرەوە، من نەمدەتوانی چیتر بەپێوە ڕابوەستم، لەجێگەی خۆم دانیشتم... ئاە ئەو دیمەنەی چەند خولەک پێشتر لەبەرچاومدا ڕوویدا، وەکو فیلم وەک شانۆیەک دەهاتەوە خەیاڵم هەزاران جار

دایدەچڵەکاندم، جگە لە پەنابردن بۆ خودا تاکو یارمەتیم بدات، هیچی ترم لە تواناا نەمابوو.

مستەفا کە ئەو ناڕەحەتی و هاوار هاوارەی منی لەبەردەم دەرگاکەدا بینی، ئاگاداری کردمەوەو وتی:

– تکایە ئارام بنەوە، دەکرێت لە ئێستادا بەجێمان بهێڵن، ئەمە بەمانای "بڕۆ و ئاسوودەمان بکە!" دەهات، یان بەمانای "کاتێکی تر دەتبینمەوە"؟! هەڵبەت لەحاڵێکدا نەبووم بیرلەمانە بکەمەوە. کاتێك پوورە فاطمەیان برد، منیش بینینەکانم وەرگێڕاو چاوم لەسەر قوواڵیی دیواری ژوورەکە وەکو حەپەسانێك هێشتەوە. ئەو دیمەنەی کە مرۆڤی سەراسیمە دەکرد دیسان و دیسان بەبەرچاومدا دەهاتەوە.

لەناو ئەو دیمەنە پڕ پەندەدا ونبووبووم:

خودایە ئەوە چ ژنێکی سەیر بوو! دیمەنێکی یەکجار سەرسوڕهێنەر بوو، چۆن لەبیر دەچێتەوە؟! ئەوەندە سامناك و پڕ پەند بوو کە بۆ هەموو تەمەنم بۆ چرکەیەکیش لەبیرم ناچێتەوە. کە لەو دیمەنەدا ژیام ئیتر لەکێیەتی و بوونی خۆم تێگەیشتم و بۆچی و چۆن هاتنە دنیام و مرۆڤ دۆستی و ئەرکەکانم بۆ پوون بوەوە، بۆ یەکەمجار دەستم کرد بە لێپرسینەوەی کردەوەکانم و لەبەرامبەر ئەو هەموو هەڵانەم بەخەجاڵەت باریەوە نەفرەتم لەنەفسم دەکرد، ئەو پروداوەی کە لە ماوەی چەند خولەکێکدا پوویدا ناخرێتە ناو دێرەکان

و وشەکان وەسفی ناکەن، نەمدەزانی باس کردنی ئەو نیگاو ڕوانینە سەرسوڕهێنەرانەی نێوان پووره فاطمەو ئەو خانمە پاکیزەیەی وەکو فریشتە دەردەکەوت، باوەڕی پێدەکرێت؟! یاخود پێم دەڵێن ئەو کچە ئەقڵی لەدەستداوە! چی دەڵێن بابڵێن من دڵنیام ئەوانەی کە بینیم ڕاستەقینە بوون، بەڵام چۆن ڕاستەقینەیەك؟ ئەوە ئیتر منیش نایزانم.

ڕوونکردنەوەیەکم لەسەری پێ نادرێت، بەڵام ئەوەی لێی دڵنیام ئەوەیە کە لەم دیمەنەدا دوو کەس ڕۆڵیان بینی و منیش شاهیدیان بووم، بڵێن خەیاڵە، خەونە، خورافاتە... هەرچی بڵێن بابیڵێن.

من باوەڕم بەمە کردو بۆ من ئەو دیمەنە بەس بوو.

ئەو ساتەی منی بەخۆم ناساند، ئەقڵمی لەسنورەکان پەڕاندەوەو بەدڵ هەستم بەشتە نەزانراوەکان کرد، ئەو دیمەنە.... بائەو چەند چرکە ساتە پڕ لەپەندو حیکمەتەی لەپێش چاوم ڕوویدا باس بکەم، تاکو ئەو کەسانەی وەك من لەجیهانی ڕۆحەکان بێ ئاگان و هەموو شتەکان بەپێوەری ماددە دەپێون وانەی لێ وەربگرن.

باسی بکەم، تاکو لەمەوە دەوڵەمەندەکان هەست بەهەژاری ڕۆحیان و هەژارەکانیش هەست بە دەوڵەمەندی دەروونیان بکەن.. باسی بکەم تاکو تێ بگەن لەساتە وەختی لە ئامێزگرتنی مەرگدا ئەوەی مرۆڤ پێویستیەتی چییە!

باسی بکەم پێش هەمووان بۆ خۆم....تاکو ئەو ساتە پڕ لەپەندە کار لەمێشکم بکات و ژیانی بەگوناە داپۆشراوم سەرلەبەر بگۆڕێت.

باسی بکەم کە لە دنیادا هیچ کەسێکم بەشێوەی ئەو خانمە نەدیبوو، کاتێک بەهاتنە ژوورەوەی هەموو شتەکان گۆڕان وەک بڵێی ملکەچ دەردەکەوتن. بەجۆرێک بۆیەی دیوارەکان، بەڕەی سەر زەویەکەو، دەرگاو پەنجەرەکان هەموو ڕەنگێکی ئەفسوناوی داپێژشین.

کە جەستەی بێ گیانی پووڕە فاطمەش لەسەر جێگەکەی هێزێکی سەیری بەبەردا هات، ئەوانەی کە بەبەرچاومدا هاتن و ڕوویاندا تەنها لەیەک وشەدا کۆی دەکەمەوە" مێشکمی وەستاند" ئەی جلوبەرگی ئەو خانمە؛ من هەرگیز لەو جۆرەم لەهیچ جێیەک نەدی بوو هەموو ئەو شتانەی دەوروبەرم بەخۆشمەوە جیاوازتر دەردەکەوتن.

ئەو هەوایەی کە هەڵیشم دەمژی وەک بڵێی سیەکانمی پاک دەکردەوەو لە هەموو گوناهو پیسی و خراپیەکانم دایدەمالێم وەک بڵێی لەژوورەکەدا کات وەستابوو، لەناو زەمەندا کاتێکی جیاواز دروستبوو بوو، لەناو دنیای فانیدا جیهانێکی باقی خولقابوو.

کە دەستم بەهێواشی درێژکرد تاکو هەست بە جلەکانی بەری بکەم، دەتوت دەوروبەرم بووە بەڕێگرو ئەو خانمەش بە پەرژینێک دەورە دراوە. دەست لێدانی مەحاڵ بوو، ئیتر ئەو بارە بەتەواوی پەرێشانی کردم.

دوایی هەوڵی خۆم دا بۆ حاڵی بوون لەو گفتوگۆیەی لەنێوانیاندا هەبوو، بۆیە خۆم درێژ کرد بۆ چونە نێوانی ئەو دوو دڵستەوە هەر ئەو کاتە بوو کە ئەمانەش پوویاندا.

ئەوە حاڵێك بوو کە ئەوەندە بەسام و ئەوەندە پڕ پەند بوو کەئەقڵەکان دەوەستێنێ و چاوەکان ئەبڵەق و زمانەکانیش بێ دەنگ دەکات.

خودایە، شتی ئاوا نابێت!

ئەوەی لەسەر جێگەکە پاڵ کەوتبوو پووەو فاطمەی پیرو پوکاوە نەبوو، بەڵکو شاجوانێکی هەژدە ساڵەی دنیا بوو کە پارچەیەك بوو لەمانگ، وەك بڵێی پووەو فاطمە بەهاتنە ژوورەوەی ئەو خانمە پڕ پازە وەکو جوانترین خانمی دنیا بێت گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی ناسکی کچێتی خۆی.

ئەی پەروەردگار ئەمە ڕاستی بوو؟! یان خەیاڵی من بوو! نەخێر.... نەخێر....زۆر بەئاشکرا لەژوورەکەدا دەدرەوشانەوە لەدیمەنێکی ئێجگار دڵڕفێندا...چاوانێکی بەسۆز پڕ جوانی، سیمایەکی درەوشاوە بەنوور، ئەو وشە ئەفسوناویانەی دەنگیان دەدایەوەو لەدەمیانەوە لەگەڵ بەرزترین ئەدەب و شەرمدا دەردەچوون لە ڕووخساریشیاندا ئەوەی بەدیدەکرا دڵخۆشیەکی هەمیشەیی بوو.

خودایه ئەم ئافرەتە کێیەو ئەم قسانەی بەو گەرمی و سۆزەوە لەنێوانیاندا دەکرێت چین؟!

بۆ حاڵی بوون لێی خەریك بوو خۆمم لەناو دەبرد پەرێشان مابووم هەر هیچ نەبێت وشەیەکیش تێبگەیشتمایە بۆ من بەس بوو، پەنگیشە لەبەر ئەو پاددە زۆرەی ئارەزوو کردنی دڵم بوو بێت بۆ تێگەیشتن لەبەشێکی کەمی ئەو قسانەی لەدنیای ئەواندا دەگوزەرا خوای میهرەبان کردمیە شاهید.

بەپوورە فاطمەی وت:

– چاوت ڕوون، فاطمەی خوشکم دوعاکانت وەرگیران، پەروەردگارم تۆی لەلای خۆی بەجوانترین شێوە قبوڵ کردووە، گوناهەکانیشت سڕانەوە.

پوورە فاطمە لەبەرامبەر ئەم قسانەیدا، چاوەکانی لێکناو تاڕادەی بورانەوە ڕۆچوو پاشان لەقوواڵیی دەروونیەوە پاڕایەوە:

– زۆر شوکرو سوپاس پەروەردگارم واتە ئەو گوناهانەی لەسەردەمی نەفامی و سەرلێ شێواویمدا ئەنجامم دان لای خوا گیان سڕاونەتەوە!

– خوای مەزن، داوایەکی پاستەقینەی بەندەیەکی خۆشەویست و تێکۆشەر دەگەڕێنێتەوە؟! لێخۆش بوون و میهرەبانی ئەو زاتە (جل جلاله) ئەوەندە بێشومارە، کە ئەگەر گوناهی هەموو بەندەکانی کۆبکرێنەوە دڵۆپێك لە لێخۆش بوونی ئەویان بەسە، ئەو بەندانەی کە لەدڵەوە حەز بە نزیکی دەکەن و لەناخەوە لێی دەپارێنەوەو لەبەر

تـاوان و هەڵـەکانیان بەفرمێسـک ڕشـتنەوە تەوبـە دەکـەن بەدەسـتی خاڵی دەگێڕێتەوە؟!!

تۆش فریوی گەنجێتیت خواردوو هەڵەت کـرد، گوناهـت ئەنجامـدا، بـەڵام بەیارمـەتی هاوسـەرەکەت پلەیـەکی ئەوەندە بـەرزی ئیمانـت بردەوە کە بوێتـە دایـک بـۆ چـەندەها بـێ چارەو لێقـەوماو، ئـەو نـزا ڕەتنەکراوانەی ئەوانت قبوڵ بوو، ئەو کەسـەی بردیەوە ئێستا تۆیت.

ئێستا پێکەوە دەچینە گەشتێک.

- واتە من مردووم؟

- نـەخێر نـەمردوویت، چـونکە شـەهیدەکان نـامرن، ئـەوان تـەنها جێگاکانیـان دەگـۆڕێن، بـە هـەنگاوێکی بـێ ناڕەحـەتی دەچـنە ئـەو دنیایەی تـرەوە، هەرگیزیش ئازاری مەرگ ناچێژن.

- بەڵام خۆ من شەهید نیم....

- تۆش شەهیدی مەعنەویت، لە ئاخیر زەماندا کـە زۆربـەی خـەڵکی بەرەو خراپەکاری دەچن، ئەو کەسـانەی کـە گوێڕایـەڵی فەرمانـەکانی خودا دەکەن و لەپێناو ڕەزامەندی ئەو زاتەدا دەژین و نـووری ئیمـان ژیانیان ڕووناک دەکاتەوە دەبنە ڕابـەرو پێشـەوا بـۆ کەسـانی تـریش، ئەوانە شەهیدی مەعنەوین، بەتەواوی وەک ئەوەی لەجەنگدا لەپێناوی خوادا تێ بکۆشن، بەسڕینەوەی تاوانەکانیان و بەدەست هێنـانی ئـەو پلەیەوە دەمرن.

لەبەر ئەوە تۆش بوویتە شەهیدی مەعنەوی و لەسزاو ناڕەحەتی ناو گۆڕو حەشر ڕزگارت بوو، گوناهەکانت سڕانەوە بەڕاکردن بەرەو لای هاوسەرەکەت دەچیت کە لەبەهەشت چاوەڕێت دەکات، لەناکاو فرمێسک لەچاوانی پووڕە فاطمە هاتنە خوار:

– بەم گوناهباریەمەوە؟!

– بەتەنها پێغەمبەرەکان بەبێ گوناە دەچنە بەهەشتەوە ئەوانەش کە ئومێدیان لە خواوەند نابڕێت، ڕووەکەنە ئەو دەپارێنەوە، ئەو بەندانەش دەچنە بەهەشت. ئەو خۆشی و ئومێدەی کە لەچاوانی پووڕە فاطمەدا دەرکەوت پەلی کێشا بۆ سەر زمانی و کەوتە پاڕانەوە.

– پەروەردگارم! ئەم بەندە گوناهبارەت لە ئەملی بەهەشت بنووسە، بۆ خاتری گەورەیی و شکۆمەندیت هیدایەتی هەموو موسوڵمانە گوناهبارەکانی تریش بدە.

– ئەو خانمە پڕ ڕازە دانیشتن و وەستان و تۆنی دەنگی کە بەتەواوی جیاواز بوو لە سروشتی کەسێکی دنیایی، بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی پووڕە فاطمە لەو وتە پڕ پەندانەی بەردەوام بوو:

هەواڵێکی پڕ ڕاز:

– پیاوێك هەموو كات لە دوعاكانیدا داوای دەكرد" خودایە، كاتێك ڕۆحت لێسەندمەوە، با تەنانەت ڕۆحیشم ئاگادار نەبێت"، ڕۆژێك نەخۆش دەكەوێت كاتێك هاوسەرەكەی خواردن ئامادە دەكات لەدەرگا دەدرێت، ئەوەی لەپشت دەرگاكە دەبێت دەڵێت:" بیستم كە هاوڕێكەم نەخۆش كەوتووە، منیش هاتوومە سەردانی" پیاوە نەخۆشەكەش كە هاوڕێكەی دەبینێت زۆر دڵخۆش دەبێت، لەكاتی قسەكردنیاندا هاوڕێكەی دەڵێت: " وەرە بچین پێكەوە كەمێك بگەڕێین، باش دەبیت"، دەچنە دەرەوە پیاسەیەك دەكەن، دواتر نەخۆشەكە دەڵێت" ئیتر بابگەڕێینەوە ماڵەوە "، كاتێك دەگەڕێنەوە، بەردەمی ماڵەكەیان زۆر قەرەباڵغ دەبێت، هاوسەرەكەی و مندااڵكانی دەگرین، لەو ناوەشدا تابوتێك هەیە، پیاوەكە ئەو دیمەنە نامۆیە دەبینێت لەهاوڕێكەی دەپرسێت:

– ئەو قەرەباڵغیە چییە؟ هاوسەرو منااڵكانم بۆچی دەگرین؟ ئەی ئەو جەنازەیە كێیە؟!

ئەویش دەڵێت:

– وەرە بچین ببینین، با ئێمەش بزانین.

کاتێك دەگەنە مەزارە تازە هەڵکەندراوەکە دەبینن کە پێغەمبەرﷺ تەڵقین دەخوێنێت، خەڵکێکی زۆریش بەئارامی گوێیان بۆ گرتووە، ئەمانیش دەچنە ناو ئەو بێدەنگیەوەو گوێی بۆ دەگرن.

دوای بەسەرچوونی ماوەیەك پیاوە نەخۆشەکە ئاوڕ دەداتەوە بەلای هاوڕێکەی دا:

– ئێتر بڕۆین هاوسەرەکەم و منداڵەکانم خەمیانە، بەڵام لە هاوڕێکەیەوە هیچ دەنگێك نابیستێت، سێ جار هەمان قسە دووبارە دەکاتەوەو بێ وەڵام دەبێت، دوای ئەوەی چەند جاری تر دووبارەی دەکاتەوە لەکۆتاییدا هاوەڵەکەی لادەکاتەوە:

– تۆ کە دوعات دەکرد، بەردەوام داوات نەدەکرد خودایە کاتێك ڕۆحمت بردەوە تەنانەت ڕۆحیشم ئاگادار نەبێت؟!

– بەڵێ.

– دەی تۆ مردوویت، ڕۆحیشت تەنانەت پێی نەزانی. تۆ، لەبەر ئەوەی کە لە ژیاندابوویت بەردەوام بەهاواری لێقەوماوو بێچارەکانەوە دەچووویت و دەبوویتە پەناو یارمەتیدەریان، نزاکانی ئەوانت بۆ گیرابوو، بۆیە بوویتە شەهیدی مەعنەویی و هیچ ئازاری مەرگت نەچەشت چونکە ئەو خێرخوازانەی دەستی بێ چارەکان دەگرن گوناهیان دەسڕێتەوە، ئەگەر بەپوالەت گوناهکاریش بن.

لەبەر خێرو چاکەکانیان گوناهەکانیان پاك دەبێتەوەو شیاوی بەهەشت دەبن...

ئەویش دەپرسێت:

– باشە ئەی تۆ کێیت؟

دەڵێت:

– من ئیزرائیلم–

لەوکاتەدا مێشکم زرمەی لێوە هات یەکسەر چاوەکانم داخران و گوێیەکانم کپ بوون و سەرم دەخولایەوە، لەدوای ئەوەوە بەلەرزینێکی زۆرەوە کەوتمە سەر زەوی.

پوورە فاطمە چۆن باسی تۆ بکەم؟ چۆن وەسفت بکەم نازانم! دیارە کە تۆ خۆشەویستی خوداو دۆست و هاوەڵی ئیزرائیل دەرچوویت!

تۆیەک کە خاوەنی ئەو میهرەبانیە گەورەیەیت و لەکۆتا ساتەکانیشدا نزا بۆ کەسانی گوناهبار دەکەیت، خودایە چی دەبێت! یەکێک لەو بەندانەی ئەو نزای بۆ کرد بائەم بەندەیەت بێت!

هاواری ناخم ئیتر پێ ڕاگیر نەدەکرا، بەجۆرێک دەمنالاند کە ئاگادار نەبووم هەموو ئەوانەی دەوروبەرم سەیرم دەکەن فرمێسکەکانم نەدەوەستێنران، هەستە گەرم و خۆشاوەکانم بۆ دانەدەمرکایەوە.

لەدوای هەموو ئەو ڕووداوانە بۆ دەستپێکی ژیانێکی نوێ و بەبەرنامە، پێویستم بەنەخشە ڕێگەیەک هەبوو... هەر ئێستا و هەر لێرە.. کاتم نەبوو یەک چرکەش بەفیڕۆ بدەم.. بەڵام ئەمەم چۆن

بکردایه؟ لەکوێوە دەستم پێ بکردایە؟ کێ یارمەتیدەرم بوایە؟ مستەفا، کە لە هەبوونیشم بێزار بوو، دونیای منی ئەوەندە دوور لە دونیای خۆی دەبینی، بڕوا ناکەم لە ئامانجی گەڕانەوەکەم تێ بگات یان نایەوێت تێ بگات.

ناحەقی بوو؟! بێگومان نەخێر...دوو دنیای زۆر جیاواز... لەلایەك مستەفا کە لەگەڵ حەرامێك تێوەنەگلاوەو خاوەنی ئەقڵ و فیکرێکی پاك و تەندروست بوو، بۆ لەکەدار نەبوونی کەسایەتی، خۆی لەناو دنیای پاکی دەروونیدا بەندکردووە، لەلایەکی تریشەوە ئیلکای ئەو کچەی کە نەفسێکی بەگوناهو تاوان پیس بوو و کەسایەتیەکی شێواو هەڵەشەی هەبوو...

ئەم دوو دنیایە چۆن پێکەوە کۆدەبونەوە؟ منێك کە بۆنی چەندین حەرامم کردوە لەگەڵ مستەفایەکی حەڵاڵخواز... چۆن دەبێت؟!

ئەمە خەیاڵ کردنیشی گەمژەیی و بێ ئەقڵی بوو..ئەگەر مستەفای خاوەن شەرم و ئەدەبی بێ ئەندازەش بۆ ئەمە داواکار بوایە نەدەبوو من پێی بڵێم:" منی خاوەن دنیایەکی تاریك بەهەڵەو تاوان شیاوی تۆ نییم؟!" من چ جۆرە مرۆڤێك بووم؟ گیانی گوناهباری خۆم لەگەڵ ڕۆحی بێگەردی ئەو چۆن پێکەوە بگونجێنم!؟

نابێت هەرگیز نابێت:

بەڵێ ئەمە ڕاستی و واقیع و مەنتیقە، بەڵام ئاخ ئەم دڵەم فەرمان وەرناگرێت، کە ئەقڵم دەڵێت بێ دەنگ بە بێ دەنگ نابێت، ئەم عەشقە گوێکانی داخستووەو ئاگادار کردنەوەکانم قبوڵ ناکات.

لەکاتێکدا ڕابردووم لەدەریایەك گوناهدا شەپۆلی دەدا ڕۆحم بەدوای کەسێکی فریشتە ئاسادا دەگەڕا.

خودایە تۆ یارمەتیم بدە! باشە گوناهم زۆر کردووە، بەڵام من مافی ئەوەم نیە کە پەڕەیەکی نوێ هەڵبدەمەوە؟! ڕێگەم پێ نادرێت واز لەگوناهەکانم بهێنم و هەوڵبدەم ڕزگارم بێت لێیان؟!

ئەگەر کەسێك داوای لێخۆشبوون بکات بەدڵ شکاوی دەگەڕێنرێتەوە؟! پووڕە فاطمەش کە تەنانەت لەگەنجیدا گوناهی ئەنجام داوەو پەشیمان بوەتەوەو بەلێخۆشبوون شیاوی بەهەشت و شەهید بوون بوو، ئایا ئەو دەرگایە لەمنیش ناکرێتەوە؟ خودایە چی دەبێت نەخشە ڕێگەیەکم بۆ دیاری بکە.. پووناکیەکم پێ نیشان بدە... ڕابەرێکم بۆ ڕەوانە بکە، کەدەستم بگرێت، منیش بباتە ئەو دنیا نەبڕاوەو نێوان ئەو کەسە بەرزانە ! چی دەبێت خوایە گیان! لەگریاندا چاوەکانم سوور بووبوون، حاڵێکم هەبوو کە ئەوانەی دەوروبەرم بەردەوام بەچاوێکی خەمبارو بەبەزەییەوە تەماشایان

دەکردم، تەنانەت مستەفاش کە سەرقالّی وەفات کردنەکەی دایکی بوو، بەرگەی ئەو پەرێشانیەمی نەگرت، هاتە لام:

– ئیلکای خان لەیەکەمین جاری ڕووبەڕووبوونەوەمانەوە ئاگاداری ئەو گرنگی پێدانەی ئێوەم، لەدڵسۆزیشتان گومان ناکەم، بەڵام ئەوەی ئێوە بۆی دەگەڕێن لەمندا نیە نامەوێت لەخۆڕا خۆتان ئازار بدەن، ئێوە ئەمانەتێکی خۆشەویستی دایکمن و، منیش برای ئێوەم.

ئەمە کۆتا خاڵ بوو! یان تەنانەت ئەم قسەکردنەشی دەبووە ئومێدێکی تری بەرەو پێش چوون بۆ من! بەو حاڵە پەرێشانە ڕووخاوەمەوە لەبەردەم مستەفادا لەبەر ئەوەی کە خۆم بەپێوە پێ ڕانەدەگیرا، هەموو هاوارەکانی ناخم کۆکردەوەو بەدەنگێکی نزم توانیم بڵێم:

– من ئێوەم زۆر خۆش ویست، ئایا هاتنە بەر دەرگای ماڵی ئێوە لەوکاتەی شەودا هیچ مانایەکی ئیلاهی تیانیە؟! من گۆشت و خوێنم خۆش نەویستووە بۆچی لێم تێناگەن؟! ئێوە بەهەشتی دنیاتان پێ نیشان دام، ئێستاش دەرم دەکەن لێی، ئەمە چۆن لەوێژدان و میهرەبانی ئێوە دێت!

ئەو دەربڕینانەی ناخم لە ڕووخسارمدا بەخەمێکی ئازاردەر ڕەنگی دابووەوە، کەئەمەش وایکرد مستەفا هەر چەندە چەند هەنگاوێکی بۆ دوورکەوتنەوە لەمن نابوو، بەڵام گەڕایەوە دواوە.

لەڕووخساری ئەویشدا ئازارێکی تاڵ و لە لێوەکانیدا خەم دەباری دیار بوو کە لەگەڵ خەمی دایکیدا ئەو حاڵەی منیش هەستی میهرەبانی ئەوی جوڵاندووە بۆیە وتی:

– من زۆر باش لەئێوە تێدەگەم، بەڵام ئێوە لەمن تێناگەن، ئێمە گەنجی دوو دنیای جیاوازین، هیچ خاڵێکی لێکچوونمان نییە، لەبەر ئەوە نامەوێت ئومێدەوارتان بکەم، بۆ ئەوەی گونجاو بێت ئێمە هاوسەرگیری بکەین، دەبێت تۆ ببیت بە "حیفا خاتوون" و منیش ببمە "صوهەیب" ئەگەر ئەمە گونجاو نەبێت ئەوا جگە لە دوعا کردنم بۆتان هیچ کارێکی ترم پێ ناکرێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەگەر خودا ویستی لەسەر بێت ملی بۆ دەدەین ڕووی وەرگێڕاو ڕۆیشت..

لەوێدا بەتەنها مامەوە بەو وتانەی منی لەنێوان بێ ئومێدی و ئومێدەوار بوونـدا جێهێشت، حاڵم وەك گاڵڵەیەکی خۆڕ کراوەی لێهاتبوو ئەو قسانە ئەگەرێکی زۆر دووریش بوونایە دەرگایەکیان لەدڵمدا کردبووەوە، لانی کەم ئەوە تەنها هەڵسەنگاندنی من بوو بەڵام بۆ من بەس بوو.

زۆر پەرۆشی بەسەرهاتی

حیفا خاتوون و صوهەیب بووم

لەتەمەنمدا بۆ یەکەمین جار ئەو دوو دۆستە خۆشەویستەمم بەرێ کرد، یەکێکیان بەرەو بەهەشت، ئەوی تریشیان بەرەو قوولایی دەروونم، بەڵام زۆر پەرۆشی زانینی بەسەرهاتی حیفا خاتوون و صوهەیب بووم، ڕەنگە لەو چیرۆکەدا دەروازەی تازەو ئومێدی تازە بۆ من شاردرا بێتەوە، هەر دەبوو ئەو بەسەر هاتەم دەست بکەوێت لەسەرەتاوە تا کۆتایی ئاگاداری بم.

ناوی حیفاو صوهەیب لەمێشکمدا بەبەردەوام دەنگی دەدایەوە. بەم حاڵەوە لەنەخۆشخانە دەرچووم، بەبێ کات بەفیڕۆ دان خۆم گەیاندە ئەو کتێبخانە دینیەی لەوبەر شەقامەکەوە بەدیم کرد، بەشڵەژاوپەکی زۆرەوە بە کتێب فرۆشەکەم وت:

– بەسەرهاتی حیفا خاتوون و صوهەیبم پێ بدەن! پیاوەکە بەبێ ئەوەی دەنگی لێوە بێت کتێبێکی بۆ هێنام.

– ئەو چیرۆکەی باست کرد لەناو ئەم کتێبەدا هەیە.

کتێبەکەم کردەوەو هەر لەوێدا خۆم لەناو پەڕەکانیدا ون کرد، ئای خودایە! ئەمە تەنها بەسەرهاتێك نیە بەڵکو بەڵگەیەکە کە خوێن لە جەستەی مرۆڤدا دەوەستێنێت. ئەقڵ لەسەردا بەهۆش دێنێتەوە، چەند نەشیاو بوو کە بەو بەسەرهاتە کاریگەر نەبیت و لەدوای

بیستنی بەخۆداچوونەوەیەک نەکەیت! ئەمە ڕووبەڕووبونەوەیەک بوو هەموو ئەو چیرۆکانەی دیکەی کە بەناوی عەشق و خۆشەویستییەوە باوەش بە گۆشت و خوێندا دەکەن ژێر پێ نا.

زۆر پێی هەستیار بووم، لەرزاندمی، لەخودا پاڕامەوە:"چی دەبێت پەروەردگارم خۆشەویستیەکی ئاواش بەمن ببەخشە.

حیفا خاتوون... دەوڵەمەندیەکەی و جوانیەکەی کە دەتوت پارچەیەکە لەمانگ، بۆتە داستانی سەر زمانەکان.. کەسی بەناوبانگ و کوڕی وەزیر نەماوە کە داخوازی لێ نەکردبێت...

کەسانێک کەدەکەونە داوی گەوهەرو پارەوەو.. کەسانێک دەبنە وێڵی بەدەست هێنانی کلیلی باخچەیەکی پڕ لەجوانی بەڵام دڵی حیفا خاتوون بە خۆشەویستی هەمیشەیی و عەشقی ئیلاهی دەسوتێت...

ڕۆژێک دەچێتە خزمەتی حەزرەتﷺ:

- ئەی پێغەمبەری خودا فێری شتێکم بکە کەدەمگەیەنێتە بەهەشت!! لەکاتێکدا ئەو چاوەڕێ دەکات پێغەمبەرﷺ بەوە ئامۆژگاری بکات " ڕۆژانە ڕۆژو بگرەو شەوانیش نوێژ ئەنجام بدە"، بەڵام پێغەمبەرﷺ پێی دەفەرموێت:

- حیفا تۆ دەبێت سەرەتا هاوسەرگیری بکەیت، بەمەش نیوەی ئیمانەکەت دەپارێزرێت! حیفاش بەملکەچییەکی زۆرەوە پازی دەبێت:

- ئێوە کێ بەگونجاو بزانن من پێی ڕازیم.

– پێغەمبەریشﷺ دەفەرموێت:

– سبەینێ بەیانی یەکەم کەس کێ هاتە مزگەوت لەگەڵ ئەو هاوسەرگیری بکە، حیفا خاتوونیش بەبێ دوو دڵی ئەم تەکلیفەی پەسەند دەکات هاوەڵێکی هەژارو غەریبیش بەناوی صوهەیب ، ئەم هەواڵە دەیبیستێت، بەڵام هیچ سەرنجی نادات، چونکە کەی ئاسایی بووە غەریبەیەک کە ماڵ و حاڵی نەبێت و سکی بەناڕەحەتی بۆ تێر بکرێت و لەژێر دارو لەناو مزگەوت ڕۆژ بکاتەوە، جێگە لەناو دڵی کەسێکی ناودار بە جوانی و دەوڵەمەندی بکاتەوە ! ؟

بەڵام تەماشای کاری خوا بکەن، ئەو بەیانیە هەریەک لە هاوەڵان بەبەهانەیەک لە چوون بۆ مزگەوت دوادەکەون، پێغەمبەری ئازیزمانﷺ یەکەمین کەس کە دەیبینێت دەچێتە مزگەوت صوهەیب دەبێت، حەزرەتیشﷺ هەر لەدوای نوێژ حیفا خاتوون بانگ دەکات و لەئەنجامەکە ئاگاداری دەکات، بەملکەچیەکی تەواو حیفا خاتوون دەنگێکی لێوە نایەت، حەزرەتﷺ لەپاش پێشکەش کردنی وتارێکی جوان نیکاحەکەیان دەخوێنێت و دواتر صوهەیبی هەژارو نەبوو لەگەڵ حیفا خاتوونێک کە پاشاو گەورەکانیش بۆ بەدەستهێنانی پێشبڕکێیان دەکرد ڕەوانەی ماڵەوە دەکات.

ئەو شەوە صوهەیب پێی دەڵێت:

– حیفا ... دەزانم تۆ بۆ من نیعمەتێکی زۆر گەورەیت، مەیش بۆ تۆ بەتەنها بارێکی سەر شانم، لەبەر ئەوە من سوپاس گوزاربوونم و تۆش

ئارامگرتنت پێویستە، دەتەوێت ئەمشەو بەپەرستشەوە بەسەر بەرین! لەبەر ئەوەی ئازیزمانﷺ فەرمویەتی:

" لەبەهەشتدا ساباتێك هەیە، لەوێ تەنها سوپاس گوزارو ئارامگرەکان دادەنیشن"، هەر واش دەکەن بەرمالّەکانیان بەفرمێسکەکانیان تەڕو دلّەکانیشیان بەزیکر ڕۆشن دەکەن.

جوبرەئیل (سەلامی خوای لەسەر بێت) پێغەمبەری خوا لەوەی ڕوویدا ئاگادار دەکاتەوە و مژدەی بەهەشتی بوونی ئەوانی لەخودای مەزنەوە پێ دەگەیەنێت.

بەیانی داهاتوو پێغەمبەرﷺ لەدوای نوێژ صوهەیب بانگ دەکاتە تەنیشت خۆی و پێی دەفەرموێت:

– ئەی صوهەیب ئەو حالّەی دوێنێ شەوتانم بۆ باس دەکەیت، یان من باسی بکەم؟ صوهەیب سەری دادەخات و دەلّێت:

– نێردراوی خواﷺ باشتر دەزانێت.

پێغەمبەریشﷺ دەفەرموێت:

– خۆش بەحالّی ئێوە، هەردووکتان بەهەشتین.

صوهەیب خێرا دەچێتە سوجدەو دەپارێتەوە:

– پەروەردگارا.. تۆ لەمن خۆش بوویت کەواتە بەر لەوەی تووشی گوناه ببمەوە ڕۆحم لێ بسەنەوە!

ئەوەندە ئیمانی جۆش دەخوات، کە مەولای مەزن داواکەی ڕەت ناکاتەوەو هەر لەناو سوجدەکەیدا ڕۆحی دەسپێرێت.

ئەو هاوەڵانەی لەمزگەوت دەبن بەسەرسامیەکی زۆرەوە فرمێسکی چاوەکانیان دەبارێنن بۆی.

پێغەمبەرمان ﷺ بەو باوەڕدارانەی لە هەیبەتی ئەم ڕووداوەوە سەردەنێنە سوجدە، دەفەرموێت:

– شتێکی لەمە سەیرترتان پێ بڵێم! لەم کاتەدا حیفا خاتوونیش ڕۆحی ئەسلیمی حەق کرد.

مەزاری ئەو دوو عاشقی خودایە لەتەنیشت یەکەوە دروست دەکەن لەسەر مەزاری یەکێکیان دەنووسن: (لەسوپاس گوزارەکان "صوهەیب")، لەسەر ئەوەی تریشیان دەنووسن: (لەئارامگرەکان "حیفا") ئەوان بەدەر لە دنیای فانی و عەشقی فانی، بەرەو دنیای هەمیشەیی و خۆشەویستی هەمیشەیی دوور لە جیابوونەوە ڕۆیشتن.

وانەی زۆر گەورەم لەم چیرۆکەدا دەرهێنا کە تا قوواڵایی ناخم کاریگەری لەسەر دانام، زۆر باشیش لەوە گەیشتم کە بۆچی مستەفا منی پەت دەکردەوە، لەوانەیە نەبوومایەتە حیفا خاتوون، بەاڵم دەمتوانی ببمە بەندەیەك کە خوام زۆر خۆش بوێت و شیاوی مستەفا بم، جگە لەوە شانسێکی تریشم نەبوو، کەوابێ بۆ بردنەوەی ئەم تاقیکردنەوەیە بەشەوو ڕۆژ هەوڵدانم پێویست بوو، ئەگەر لەم دنیاش نەبوایە لەخوا دەپاڕامەوە بۆ ئاخیرەتم، ئەو ڕۆژە بڕیارێکم دا کەوەك داکوتانی بزمارێکی ژەنگاوی بوو بەمێشکمدا..

دەبێت ببمە حیفای مستەفا...لەو ساتەی کە خۆم لەنێوان دنیاو ئاخیرەتدا ون کردبوو بەزەنگی تەلەفونەکەم بەئاگا هاتم، ئەوەی پەیوەندی دەکرد شوفێرە تایبەتەکەم بوو، بەپەرۆشیەکی زۆرەوە وتی:

- خاتوون پێویستە هەر ئێستا بڕۆین.

ترسێك کەوتە دڵمەوە، بیرم لەدایکم و باوکم کردەوە:

- شتێك ڕوویداوە؟

- من لای باخی گشتی چاوەڕێتان دەکەم تکایە زۆر خێرا بگەن!

ئەو ترسە تەواو دایگرتم:

- چی بووە بیڵێن؟ دەتەوێت شێتم بکەیت؟

- دایك و باوکت تووشی کارەساتێك بوون، پەلە بکەن چاوەڕێی ئێمەن.

ئەمە بەس بوو کە بەتەواوی ئەقڵ لەدەست بدەم هاوارم کرد:

- چی بووە؟

- شتێك نیە، سوێند دەخۆم، مەترسیەکانیان تێپەڕاندووە، چاوەڕێی ئێمەن.

چیم بکردایە، چۆن بوەستامایە! ئەو ڕێگەیە ئەوەندە دوورو درێژ بوو بۆم....لەلایەك دایکم و باوکم لەگەڵ ئەجەل و لەلایەکیش حاڵی ڕۆحم کە بە خەمی پووڕە فاطمەو مستەفا وێران بوو بوو.

باوکم؛ ڕقی لەدین بوو:

لەگەڵ بینینی دایکم و باوکم لەژووڕێکدا کە بەسەر دەریادا دەبڕوانی لەتایبەتترین نەخۆشخانەی ئەو شارەدا، هەناسەیەکی قوواڵم هەڵمژی هەردووکیشیان ئەو کارەساتەیان زۆر بەسادەیی بەسەر هاتبوو، زانیاریەکان ڕوون بوون، کەزانیم لەباڕێکی ترسناکدا نین زۆر سوپاسی خوام کرد، دایکم و باوکم هەر کە منیان لەپێش خۆیان بینی حاڵی خۆیان لەبیر کردو پرسیاریان لەڕازی کردن یان نەکردنی مستەفا کرد، دەردی ئەوان ئەو خۆشەویستیە شاراوەو هەڵقوواڵوەی من نەبوو بۆ ئەوان، بەڵکو سوودمەندبوون بوو لە ئەزموون و دەست پاکی مستەفا، منیش وتم:

– نەخێر لەبەر ئەوەی دایکی وەفاتی کرد نەمتوانی ئەو قسانەی لەگەڵ بکەم، باوکم قسەکانی پێ بڕیم:

– باشە باشە ئەو ژنە هەر لە لەزگە دەچوو، دەتوت ئەو تۆی گەورە کردووە، لەدەورت دەگەڕاو خەمی دەخواردی وەڵامم نەدایەوە، حاڵی کردنی باوکم لەڕاستیەکان مەحاڵ بوو ئەو تێنەدەگەیشت.

– بەڵام تۆ واز لە مستەفا مەهێنە.. بڕۆرەوە بۆ لای.. ئەگەر ئەو ڕازی بکەین، هەم ئەندامێکی باش و خاوەن ئەزموون، هەم کەسێکی دەست پاك و متمانە پێکراو بۆ گەنجینەی پارەکانمان بەدەست دەهێنین، ئەگەر نا من بە ئیمان و دین و ئیمامەتەکەی سەرسام نیم،

ئەزموونەکانی کە پێویستمانە بۆ ئێمە بەکاربهێنێت ئەوەی تریشی بۆ خۆی، هەروەها دەبینین لەناو خانەکانی کۆمپانیادا دەکرێتەوەو ئێمەش لەیەکێکی تر لە دەمارگیرەکانی ئەم مەلەکەتە ڕزگارمان دەبێت.

– ئاە باوکە! ئەقڵ و ڕۆح و دەروونی تۆ چەند پڕن لە فیکرو بیرکردنەوەی هەڵەو تاوان، کە پاککردنەوەیان لەم تەمەنەتدا کارێکی ئەستەمە، ئاە ئەگەر ئەو کەسانەت باش بناسیایە دڵنیام وەکو من حەیران دەبوویت بۆیان.

مامۆستا ئاقڵەکانی باوکم چەندین ساڵە ئەمەیان تێگەیاندووە" کۆنەپەرستەکان دەیانەوێت مەلەکەتەکەمان لە دەست دەربهێنن، ئەگەر ئەمە بەڕاستی ڕووبدات چەندە سەربەستی و دیموکراتی هەبێت هەموویمان لێ قەدەغە دەکەن لەبەر ئەوە پێویستە بەر لەگەشەسەندنی گەنجە دینداڕەکان بگرین، تەنانەت دەبێت بەر لە چڕۆکردنیان سەرکوتیان بکەین".

لەبەرئەوە باوکم هەموو کات لەهەموو هەوڵێکی بچوککردنەوەو کەم کردنەوەی ئەو جۆرە کەسانەدا دەستی هەبوو، (قۆناغی ٢٨ی شوبات) ئەو پرۆسە تۆندڕەوییەی بەشێوەیەکی دڕندانە بەرامبەر کەسە دینداڕەکان گیرایەبەر، لەبیرمە چۆن باوکم فرمێسکی خۆشی دەڕشت.

چۆن لەبیری دەکەم؟ باوکم چەند خۆشحاڵ دەبوو کاتێك ئەوانی دەبینی بەرەو زیندان و سزادان ڕاپێچ دەکران هەمووکات چەپڵەی لێدەدا بۆ گرتن و ئازاردان و نەهێشتنی گەنجە دیندارو پارێزکارەکان، لەبەرامبەر ئەمەشدا یارمەتیدەرێکی ماددی باش بوو بۆ ئەو گروپ و لایەنانەی شەڕی یاسایی و نایاساییان لەدژی ئەو کەسە دیندارانە سازدەکرد.

باپیرەم هەرچەندە خۆی دیندار بووە، بۆ خوێندنێکی باشتر باوکمی ناردووەتە فەرەنسا، بەداخەوە باوکیشم بە دامالراوی لە باوەڕو کلتوری خۆی و گرنگی نەدان بەپێرۆزیەکانییەوە گەڕاوەتەوە.

باپیرەشم کە بەو خەفەتەوە تەمەنی بەسەر برد دەیوت" ئەوە گەورەترین هەڵەی من بوو"، وابزانم هەر بەو خەمەشەوە سەری نایەوەو مرد.

لەخێزانەکەی ئێمەدا خواو دین و تەنانەت بۆنە ئایینیە ناساییەکانیش بەسەر زماندا نەدەهاتن. قوربانی کردن بەدڕندەیی و حەج کردن بەلاسایی کردنەوەو سوودگەیاندن بەعەرەبەکان ناسێنرا بوو، لەدەوروبەرێکی وادا بووین کە استغفر الله هاوڕێکانی باوکم پێکەنینیان بەباسی خواو قورئان و ئیمان دەهات، کەسانێك بوون چاویان جگەلە پارەو سەروەت شتێکی تری نەدەبینی.

ئیتر منیش لە ژینگەیەکی لەم جۆرەدا گەورە بووم و شێوەم گرت تەنها یاسا کە لەمن گەیەندرا بوو ژیانێك بوو لەبەرزترین و

شکۆمەندترین حاڵدا، لەبەر ئەو ئازادیە زۆرەی پێم درابوو هەر لەسەرەتای خوێندنی ناوەندیەوە خەیاڵی " هاوڕێی کوڕ" هاتبووە سەرم، من دوور لە پاکی و بێگەردی و پارێزگاری گەورەکرابووم، بەتایبەتیش یاساو هەڵوێستە ئایینیەکان بەپێشهاتێکی کەم و بێبایەخ دەهاتە پێش چاو.

لەگەڵ ئەمانەشدا لەبەر ئەوەی فەلسەفەی ژیانم هەڵەبوو، هیچ کات هەستم بەئاسوودەیی ڕاستەقینەو دڵخۆشی نەدەکرد، زۆر جار سەرم دەکردە سەر وەرگرتنی چارەسەری دەروونی. لەکۆتایی ئەم تەقەلایانەمدا زۆر باش تێگەیشتم کە من لەدەروونمدا نوقسانیەك و حەسرەتێك و بۆشاییەکم هەیە کە نازانم چ ناوێکی لێ بنێم، بەڵام هەست بەنەبوونی دەکەم ئەو هەموو دەسەڵات و سەروەت و ژیانە بەرزەی من تیای بووم و خەڵکانێك ئێرەییان پێ دەبردم، ئاسوودەیی ڕۆحی پێ نەدەبەخشیم و نەدەبووە ڕووناکیەك بۆ تاریکایی ناخم.

لەبەر ئەوە بوو کە بەناسینی خەڵکی ئەنادۆڵ و تێگەیشتن لە پەروەردەی خێزانیان، من دنیایەکی زۆر جیاوازترم دۆزیەوە، لەکۆتایشیدا بوومە عاشقی ئەو دوو مرۆڤەی بەبەخشندەیی و یارمەتی دان و خاوەندارێتی جوانترین ڕەوشتەکان ناسراو بوون.

ڕۆحی خاوێن و دوور لە ماددیەت و بەرژەوەندی خوازی، هاوڕێیەتیەکی دروست و بێ بەرامبەر سیمایەکی پازاوە

بەزەردەخەنەیەکی شیرین و دۆستایەتیەکی گەرم و یارمەتیدانێکی دڵسۆزانە لەپێناوی خوادا....

بەڵێ هەر ئەمە بوو ئەوەی پێ دەبەخشیم کە نە لە پاریس و نە لە نیۆرك و نە لەهیچ جێیەکی تری گەشتەکانمدا هەستم پێ نەکرد بوو، دیار بوو ئەوەی من لەوسەری دنیا بۆی دەگەڕام لەڕوویەکی شیرین و درەوشاوە وەك خۆری مرۆڤێکی سادەی ئەنادۆڵدا دۆزیمەوە، بەناسینی ئەو دنیا جیاوازە کە گرنگترین دۆزینەوەی ژیانم بوو. ئیتر جیاواز ترو بگرە پێچەوانەی خێزانەکەم بیرم دەکردەوەو شێوازی ڕێ ڕۆشتنەکانم لەگەڵ ئەوان جیاکردەوە هەموو دوعاو ئارەزووم ئەوەبوو باوکم بە تێگەیشتن لەم ڕاستییە لە ئەسیری پارە پزگاری ببێت و گوێ لە دڵ و ویژدانی بگرێت.

ئەو دوو کۆچەریەی وانەی مرۆڤدۆستی دەڵێنەوە:

بەئومێدەوار بوونی دڵم و خەیاڵەکانی سەرمەوە گوێم بۆ چۆنیەتی کارەساتەکەی باوکم و دایکم دەگرت، کە لێپرسراوێکی نەخۆشخانەکەو سەربازێك هاتنە ژوورەوە.

- شایەت حاڵەکانی کارەساتەکەمان دۆزیەوە کاك عەقیل. خانمێکی سی بۆ سی و پێنج ساڵانەی خەمبارو پیاوێکی تەمەن چل ساڵانەی بەشەرم، ئەو دوو گوندنشینەی وەك دوو هاوسەر دەردەکەوتن

هێڵەکانی ڕوخساریان تەقەلاو ماندوو بونیانی بەدەست ژیانی سەختەوە نیشان دەدا.

بەجل و بەرگیشیاندا دیار بوو کەسانێکی هەژارو کەم دەست بوون، کە بەو حاڵە لاوازو کەم تواناییەوە بینیمن زۆر ئازارم چەشت، زۆریش پەرۆشی حاڵیان بووم.

دەبێت باوکم لەبەر یارمەتیدانی ئەوان و بۆ خەڵات کردنیان داوای کردبێتن؟ یاخود ئەگەر بووبێتنە هۆکاری ئەو کارەساتە بۆ سزادانیان بانگی کردوون؟ هەرچەندیش لەسیمایانم دەڕوانی هێمایەك نەبوو بۆ تێگەیشتن، ئەوەندە دڵم بۆ ئەو مرۆڤە داماوانە دەسوتا کە بێ تاوانی و بێچارەیی و پاکییان تیادەبینرا، باوکم شانەکانی بەرزکردەوەو بە توندی هەڵی دایە:

- ئێوە ئەو جانتایەتان برد؟ پڕ بوو لەسەنەدو بەڵگەنامەو پارەکانم.

پیاوی هەژار بەگریان و زەبونیەوە وتی:

- نەخێر گەورەم، ئێمە شتێکی لەو جۆرەمان نەدیوەو نەبردووە، باوکم بەتووڕەییەوە هاواری کرد:

- کەواتە، ئەی لەکوێیە؟

بەبێ دەسەڵاتیەوە سەری دانەواندو وتی:

- هەموو شتێکمان لەجەنابی پۆلیس گەیاندووە گەورەم لەوکاتەدا پۆلیسەکەش هاتە قسە:

– گەورەم لەبەر ئەوەی ئەمە لە دەرەوەی شار پووبداوە، پێگرە چەکدارەکان دەستیان تیابدا هەیە، ئێمە ئەو زانیارییانەی پێویست بوو لەمانمان وەرگرت. پووداوەکە بەم شێوەیە گێڕدراوەتەوە:

ئێوە کاتێك لەگەڵ خانم لەشاخەکانی تۆرۆسەوە بەرەو خوار دێن، بەهۆی بارینی بەفرەوە بەرەو کەندەڵانێك خلۆر بوونەتەوە.. کە ئەوێ لاپاڵێکی سەختەو لەخواریەوە دۆڵێك هەیە، ئێوە بە ئوتومبێلەکەتانەوە تەقلەتان داوەو تا خوارەوە خل بوونەتەوە بە هۆی ئەوەی لە شوێنی پووداوەکەدا شوشەی مەیمان دۆزیوەتەوە، ئەوە دەردەکەوێت کە ئێوەش لەوکاتەدا مەست بوون.

باوکیشم وەك ئەوەی زۆر شتێکی ئاسایی بێت بەتووڕەییەوە بەگژ پۆلیسەکەدا چووەوە:

– بەڵێ، خواردبوومانەوە سزاکەشی هەرچی بێت وەریدەگرین بەڵام بابەتە گرنگەکەم پێ بڵێن جانتاکە لەکوێیە؟

پۆلیسەکەش وەك مندااڵێکی پێگەیشتوو، بەڕەقیەکەوە لە باوکمی ڕوانی و وەاڵامی دایەوە:

– ئەم خێزانەش کە لەکۆچەرییەکانن لەوکاتەدا سەرقاڵی مەڕ لەوەڕاندن بوون، کاتێك ئەو کارەساتەی ئێوە دەبینن، لە کەندەاڵنەکەوە دێنە خوارەوەو ئێوە بەبرینداری لە ئوتومبێلەکەتان دەردەهێنن، دواتر هاوڕێکانی تریان بانگ دەکەن و بەیارمەتی ئەوان دەتان گەیەننەوە سەرەوە، بەهۆی داخستنی ڕێگەکانیشەوە ئێوە

دەگەیەننە ناو چادرەکانیان و لەسەرمای ئەو شەوە رزگارتان دەکەن، ئەگەر ئەم خێرخوازانە نەبونایە کە پایان کردووە بۆ یارمەتیتان یان لەسەرمای ئەو شەوەدا دەتان بەست یاخود دەبوونە ژەمە خۆراکی ئاژەڵە درندەکان.

هەستم بەشەرمەزاری دەکرد و ئارەقی خەجالەتیم دەردەدا بەرامبەر ئەو خێزانە بەڕێزو خێرخوازە کە بەنیەت باشی یارمەتی دایك و باوکمیان دابوو، بەڵام ئەوانیش کەمترین سوپاس گوزاری و منەت باریان نەدەنواند، خودایە، ئەمە چی بوو؟ خەریك بوو بەتەواوی شێت دەبووم کە دەمبینی کەمترین هەستی مرۆڤایەتی لەدڵیاندا نییە بەرامبەر هەژارەکان. هەرچی بێت من چەند ساڵی تەمەنم لەگەڵ ئەو جۆرە مرۆڤانەو لەو دنیایەدا ژیابووم، بیر لێ کردنەوەشی ئازاری دەدام پۆلیسەکە لە ڕوون کردنەوەی ڕووداوەکە بەردەوام بوو:

– جانتاکەشتان بە هەموو بەڵگەنامەکانی ناویەوە لە چەکدارە ڕێگرەکان سەندراونەتەوەو لای ئێمە پارێزراوە، ئەم کەسانەی کە ئێوە بەتاوانبارتان زانین لەگەڵ کرانەوەی ڕێگەکاندا ئێوەیان گەیاندۆتە نەخۆشخانەی ئەو شارە هەموو خەرجیەکانیشیان لە گیرفانی خۆیان داوە، ئیتر لەوە زیاتر خۆم پێ ڕانەگیرا بەتووڕەییەوە ڕووم کردە باوکم:

– ئێوەش ئەم مرۆڤانەی کە دەبێت دەستیان ماچ بکەین بۆ لێپرسینەوە بانگتان کردوون؟ من لەبەرامبەر ئەم دوو مرۆڤە بەڕێزەدا

خەریکە دەتوێمەوە، ئێوەش تەنانەت داناچڵەکن؟ ئەمە چ جۆرە ڕەفتارێکە؟ ئێوە هەست و ویژدانتان چی بەسەر هاتووە؟ بۆ خاتری خوا دڵتان بۆتە بەرد!؟ باوکم وەک ڕەفتاری هەمیشەیی خۆی، وەک ئەوەی گوێی لێ نەبووبێت:

– کەواتە ئەو پارەیەی خەرجیان کردووە، بەزیادەوە پێیان بدەنەوە با بڕۆن

پیاوەکە بەسەرنجێکی وردەوە ڕوانیە باوکم، بەدەنگێکەوە کە ویژدانەکان دەهەژێنێت وتی:

– گەورەم ئێوە هیچ لە خوا ناترسن؟

ئەو ئێوارەیە لەپێناو ڕزگار کردن و بردنە سەرەوەی ئێوەدا لەو کەندەڵانەی تێی کەوتبوون خۆم و هاوسەرەکەم زۆر بەسەختی توانیمان ڕزگارتان بکەین، بەهۆی ئەوەشەوە هاوسەرەکەم کۆرپەیەکی لەبار چوو، کە ماوەی دە ساڵە چاوەڕێی منداڵێن، ئێمە گیانێکمان کردە فیدای ڕزگار کردنی ئێوە، هێشتاش ئێوەمان لەدەرەوە بەجێ نەهێشت ئێوەش چی دەڵێن!

ئەو بەیانیە کە ڕێگاکان کرانەوە، پارەیەکم نەبوو تاکو هاوسەرەکەم کە بەردەوام خوێنی لێ دەڕۆیشت و ئێوەش کە بە بریندارێ لە لای من بوون بگەیەنمە نەخۆشخانە، بۆیە لە خزمەکانم قەرز کرد، کاتێك چاوەڕێی سوپاس کردنێکمان لە ئێوە دەکرد، هاتن بەدواماندا و هاوسەرەکەمیان بە زۆر لەنەخۆشخانە هەستان لەبەر

ئەوەی ئێوە بانگتان کردبووین، دەبینن کە ئەو داماوە توانای بەپێوە وەستانی نیە.

تەماشاکەن گەورەم! ئێمە لە شاخ و داخەکان گەورە بووین گەورەکانمان جوان قسەکردنیان فێر نەکردووین، بەڵام پیاوەتیان فێر کردووین، ئێمە لەبەر پارە نا بەڵکو لەبەر مرۆڤایەتی یارمەتی خەڵک دەدەین، ئامادەین هەموو ئەوەی هەمانە خەرجی بکەین لە پێناو یارمەتی دانی غەریبێك، لێقەوماوێك یان هەر کەس کە پێویستی پێمان بێت، گیانی ئەوان بەگیانی خۆمان دەزانین و ماڵەکەشیان ئەمانەتە لە لامان، ئێمە لەگەورەکانمانەوە ئەمەمان بینیوە و لێیانەوە فێر بووین، ئەمەش بۆ سوپاس کردنی بەندەکان ناکەین، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا دەیکەین، پارەی کەسانێکی وەکو ئێوە دەست و گیرفان و گەدەمان پیس دەکات، خوا بەنسیبمانی نەکات.

ئەو ڕەت دانەوەیەی پیاوی هەژار بەرامبەر باوکم دایەوە، هەموو هەستەکانمی ووژاند و دڵمی داچڵەکاند.. بێ دەنگیەکی قوڵ ژوورەکەی داگرت وەفاداری و مرۆڤ دۆستی ئەو دوو کەسەی وەکو شاخ لەبەردەم هەموواندا چەقی بوون، گیانی بەبەر بێ ڕۆحەکانیشدا دەکرد، بەڵام باوکم تا ئەو کاتەش هەستیار بوونێك لە ڕووخساریدا دەرنەدەکەوت، لەوانەیە ئەوە بۆ یەکەم جار بوو بێت خۆی

بەقەرزداری ئەو دوو مرۆڤە زانیبێت، کە سەری دانەواندو ناچار بوو لەبەر خۆیەوە وەك بڵێت " ببورن.." ورتە ورتێکی لێوە دەرهات.

ئەو دوو مرۆڤەی کە شایستەی ئەوە بوون سەدان جار لە شەرمەزاریدا سەریان بۆ دانەوێنرێت و پێیەکانیان ماچ بکرێت، بە سەربەرزی و بێچاوەڕێی سوپاس کردن پۆشتنە دەرەوە. منیش دەمم لەباوکم کردەوەو چاوەکانم تێ بڕی، هەموو ئەو نەفرەت و ڕق و تووڕەییە ئەو چەند مانگە لە دڵمدا دروست بوو بوو دانە دانە هەڵمڕشتن، دەمویست ئەو وانەی مرۆڤ دۆستیەیان تێ بگەیەنم کە ئەو دوو مرۆڤە هەژارو فیداکارە بەکەسێکی بەندەی پارەی وەکو باوکمیان دەدا، پرسیارێکی سڕکەرم لە باوکم کرد:

– ئەگەر لەلای ئێوە ڕووداوێکی لەو جۆرە لەکەسانێکی تر ڕووی بدایە ئەو فیداکاریەی ئەوانتان دەکرد؟

– .....

– کەوایە ئەوەی لە ژیانمدا لێتان فێر بووم تا ئێرەیە. نەمتوانی زیاتر لە ژوورەوە بمێنمەوە، دەرگاکەم دا بەیەکداو ڕۆیشتمە دەرەوە، ئەگەر نا لەبەر تووڕەیی زۆرم، دوور نەبوو هێرشی ڕق و کینەم بەسەریاندا بتەقێتەوە.

بەڕاکردن خۆم گەیاندە ئەو دوو مرۆڤە بەڕێزە و تاوم دایە دەستەکانیان بۆ داوای لێبوردن، خانمەکە بەدنیایەك لە خۆشەویستی و ڕێزەوە لێی پرسیم:

– تۆ چی ئەو پیاوەیت؟

– من کچی ئەوم

دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرزکردەوەو وتی:

– ئای خوای مەزن تۆ لە وشکانیەوە ئاو دەردەهێنیت و ئاویش لە جێیەك وشك دەکەیت. کچێکی وەك فریشتە دەبەخشێتە مرۆڤێکی ئاوا ستەمکار. ئای خوای پەروەردگارم! باوەشی بەمندا کردو نزای بۆ کردم:

– خوای گەورە بتکاتە دۆستی کەسە بەڕێزەکان لەدڵەوە"ئامین" یێکی گەورەم بۆ کرد، وبستم کەمێك یارمەتی بکەمە گیرفانەکانیان، بەڵام ڕێگەیان پێ دەدام؟!

بە سەرسامیەکی زۆرەوە لەو دڵ فراوانی و بەخشندەییەی ئەو دوو مرۆڤە قارەمانەی کە جلەکانیان کۆن و پێڵاوەکانیان درِاوو فرمێسکەکانیان لە چاو قەتیس مابوو دەمڕوانی و پێی وێران دەبووم.

چەند حەزم دەکرد منیش کەسێك بوومایە لەو دنیا پاك و بێگەردەی ئەواندا، لەکاتێکدا ئەو کەسە بێ نوورو ساردوسڕو دوور لەویژدان و مرۆڤایەتیانە منیان بەچاو و سەری خۆیان دەزانی، من دەمویست ببمە قاچ و پێیەکانی ئەم کەسە غەریبە گەرموگوڕ و بەخشندە و میهرەبانانە، پاکی و دڵفراوانی ئەو دوو هاوسەرە منیان عاشقی خۆیان کرد بوو. ئەو باوکەم کە وامدەزانی هیچ پێی کاریگەر نەبووبێت، وادەردەکەوت بۆ یەکەمین جار وانەیەکی لەو خێزانە

کۆچەریە وەرگرت بێت، هەرچەندە نەیدەویست خۆی وانیشان بدات، بەڵام چەندجارێك خەمی ئەو هەڵەیەی لەلای دایکم باس کردبووەوە تەنانەت باسی کرد بوو کە شەوێك لە خەونیدا باپیرم پێی وتووە " کوڕم من پێت خەجاڵەت دەبم" بەمەش ئازاری چەشت بوو، ئیتر لەچاوەکانی باوکمدا نەرم بوونێکم هەست پێ دەکرد ئەمەش زۆر دڵخۆشی کردبووم بەردەوام بۆی دەپاڕامەوە.

چۆن بەرگەی ئەو پەرۆشیە بگرم:

بەڵێ هەر ئەو شەوە بڕیارمان دا بە خێزانی بچینە سەردانی مستەفا بۆ سەرە خۆشی لێ کردنی، بەو بەهانەیەشەوە دوا داواکاریمان و تەنانەت دوا پاڕانەوەی منیشیان پێشکەش دەکرد. ئەگەر مستەفا پەسەندی بکردایە باوکم بۆ کار دەیهێنایە لای خۆی و هەموو توانا و یارمەتیەکیشی پێ دەبەخشی، چ یارمەتیەکیش! کۆمپانیاکەی دەخستە بەردەستی، پەروەردگارا! پلانی ئەم کارە چەندە خۆشحاڵی کرد بووم، دەی وایە من دووبارە ئەوم دەبینیەوە! پەرۆشی و هەستیاریەکی بێ ئەندازە هەموو گیانمی تاودا بوو دوای چەند ڕۆژێك لەعەسرێکی درەنگ وەختدا کەوتینەڕێ، بەگەیشتنمان بەو شارە شیرینەو چوونە ناو گەڕەك و بەردەم ماڵۆچکە گڵینە یەك نەۆمیەکەی ئەوان ئیتر وردە وردە هەناسەم توند دەبوو.

مستەفا کە دەرگاکەی کردەوە ئێمەی بینی زۆر سەرسام بوو، دەمزانی ئەو ئەدەب و ڕەوشتەی ئەو هەیەتی هەرگیز ئێمە لەوێدا ناگەڕێنێتەوە، بەدڵنیایی فەرمووی دەکردین بۆ ژوورەوە چونکە من زۆر باش ئەوم دەناسی، سەرسام بوونەکەی خۆی دەربڕی:

- هەرگیز چاوەڕێی ئێوەم نەدەکرد، ئەمە لای من بەو مانایە دەهات:" ئێوە چەند بێ شەرمن من نازانم چۆن لە دەستتان ڕزگارم بێت!"، ڕۆشتە کەنارەوەو فەرمووی کردینە ژوورەوە کاتێك دووبارە پێم نایە ناو ئەو ماڵەی ژیانمی سەراپا گۆڕی و خۆمی بەخۆم ناساند، هەموو گیانم گەرم داهات و بەبێ ویستی خۆم دەلەرزیم.

دایکم کە لەو حاڵەدا بینیمی ئاگاداری کردمەوە:

- ئارام بەرەوە کچم ئەم پەرۆشییەت چییە؟ خەریکە دەبورێیتەوە...؟

بەڵێ بەڕاستی خۆم بەزۆر ڕاگیردەکرد تاکو نەکەومە سەر زەوی. بەبینینی مستەفاش هەموو ناخم شێواببوو، لەئامێز گرتن و هەستە دایکانەکەی پووره فاطمەش بەهیچ جۆرێك لەبەرچاوم نەدەڕۆیشت، چەندە بیرم دەکرد..!

ئاه لەم ماڵە! تۆ منت بەخۆم ناساند مرۆڤایەتی و خۆش ویستنت فێرکردم، بەجیهانی شەرم و ئەدەب و ڕێزت ئاشنا کردم.

ڕۆشتینە ناو ئەو ژوورە بچوکە پاکوخاوێن و ڕازاوەیەی لەکەشێکی ئارام و ئاسوودەدا مرۆڤی مەست دەکرد. ئاشکرا بوو ئەمە ڕەنگدانەوەی ڕۆحی ئەو کەسانەیە کە لەم ماڵەدا ژیاون..

سەرۆکی شارەوانی و جەنابی پارێزگاریش کە هاتنی باوکمیان بیستبوو، پاش کەمێك ئەوانیش گەیشتنە ئەوێ.. باوکی بێ ئارامم دیسان بەشێوازی قسەکردنی تایبەت بەخۆی بەشێوەی فەرمان کردن دەستی کرد بە قسە لەگەڵ مستەفا کە بەپێوە ڕاوەستا بوو:

– ئەی گەنج... من لە ژیانمدا نەچوومەتە بەرپێی هیچ کەسێك بەڵام دەبینیت کە هاتومەتە لای تۆ، لەبەر ئەوە باش گوێ بەوتەکانم بدە، دەمەوێت گەورەترین شانسی ژیانت بخەمە بەردەست.

بەم پێشەکیە دوور لە ڕێزدانان و بێ هەستەی زۆر تووڕە بووم دیسان سەرەتایەك بوو بۆ تێکدانی هەموو شتێك. لەخوا دەپارامەوە کە بە نۆمێدەوە لەم ماڵە دەربچین، باوکم کە وەکو شێر خۆی بەبەهێزو سەپێنەر دەزانی دەستی پێکردەوە:

– هەڵەکەم تێگەیشتم، ئێمە خەڵکانی ئەنادۆلیمان بە نەزان و نەفام و دواکەوتوو دەزانی دیارە کەوانیە، ئێمە خاوەنی پارەین و ئەوانیش خاوەنی پیاوەتی و مەردایەتی، لەبەر ئەوەی ئەمەمان درەنگ زانیوە، تاوانبارین، هەر بۆیە لە تۆوە داوای لێبوردن لەهەموو خەڵکی ئەنادۆڵ دەکەم، بێگومان ئەمڕۆش بۆ چاککردنەوەی ئەو هەڵەیەمان هاتووین.

مستەفای زیرەك کە دەیزانی سەرەنجامی ئەو قسانەی باوکم بەکوێ دەگات، بە هەڵوێستەیەکی پێچەوانە دەستی بەرزکردەوەو باوکمی بێدەنگ کرد، بەدەنگێکی خەمبارەوە وتی:

– من وام گومان دەبرد بۆ پرسەی دایکم هاتبن، بەڵام هەڵە بووم پێویست ناکات ئەمانە بڵێن، ئەگەر باسەکەی هەر ئەمە بێت لەخۆڕا خۆتان ئەزیەت داوە، ئەوەی کە مستەفا وتی، باوکمی شەرمەزار کرد بۆیە هەستی بەهەڵەکەی کرد:

– دووبارە داوای لێبوردن دەکەم، ئێمە بەداخەوە فێری ئەم نەریتانە نین، بەڵام بەڕاستی ئێمە بۆ سەرە خۆشی وەفاتی دایکت هاتبووین، خۆت خۆش بیت، بێگومان لەگەڵ مردوودا نامرین. دەبێت بەردەوامی بەژیان بدەین، تۆ ئیتر ئەبێت لەبیری خۆتدا بیت، کارێك بۆ داهاتووت بدۆزیتەوە، لەم سەردەمەدا ئیمامەت سکت تێر ناکات، تۆ کارێکت پێویستە کەشیاوی لێهاتوویەکەت بێت.

دیسان باوکم لە قسە رەقەکانی بەردەوام بوو، تەنانەت سەرەخۆشیەکەشی گەڕاندەوە بۆ سەر باسی ئیش کردنەکە، مستەفا بەهەموو پیاوەتی خۆیەوە دووبارە ناچار بوو قسەکان بەباوکم تەواو بکات:

– بۆ سەرەخۆشی کردنەکەتان زۆر سوپاستان دەکەم بۆ مەسەلەکەی تریش... من ئێستا بیری لێ ناکەمەوە لەکاتی پێویستی خۆیدا کار دەدۆزمەوە، ئێستا نوێژی عیشا کاتەکەی نزیکەو من

لەمزگەوت ئەرکم هەیە، لەسەر ئیزنتان دەبێت بڕۆم ئەمە بەمانای دەرکردنی ئێمە دەهات بە شێوەیەکی ڕێزو تەقدیرەوە" لەگەڵ ئێوە هیچ ئیشێکم نەماوە، ئیتر ئەگەر بڕۆن زۆرباش دەبێت"..بەڵام باوکم نیەتی قبوڵ کردنی ئەمەی نەبوو بۆیە وتی:

– فەرموون... بەئەرکی خۆتان هەستن ئێمەش لێرە چاوەڕێتان دەکەین، کە مستەفا ڕۆیشتەدەر، باوکیشم ئەوەی لەدڵیدا بوو کەمتەرخەمی نەکرد لە دەربڕین:

– کەسی نەفام و کۆنەپەرست.. ئەو نیعمەتەی هاتۆتە بەرپێی لەقەی لێ دەدات. مرۆڤ تا دوا هەناسەشی پێویستی بەپارە هەیە، کەسێکی بەناوبانگی وەك من هاتۆتە بەردەرگاکەی خەریکە یاری بە شانسی خۆی دەکات.

چەند میوانداریەکی جوان بوو:

مستەفا لەگەڵ گەڕانەوەیدا ئەوەندەی میوەو شیرینی و پێویستی میوانداری هێنایەوە کە سەرسام بووین لەوکاتەی شەودا لەکوێ بەدەستی هێناون!

ئەمە کلتوری ئەنادۆلیەکان بوو، بە ئیمان و قورئان پەروەردە کراون. بە مرۆڤ دۆستی و ئەدەب و ڕێز گەورە کراون لەسەر مۆدێلی ژیانێك ڕاهێنراون کە خزمەت کردنی میوان کەمترینیەتی.

ئەمە ڕەوشت و تێگەیشتوویەك بوو کە ئەگەر دوژمنەکەشیان بهاتایە مالّیان تا تێریان نەکردایە و جوانترین خزمەتیان پێشکەش نەکردایە نەیاندەهێشت بڕوات، ئەوەی منی عاشق کردبوو، خەونەکانمی ڕازاندبوەوە و لە ڕۆحمدا ڕۆچوو بوو هەر ئەم تێگەیشتوویە جوانە بوو، هەمووان پێکەوە بەو دڵفراوانی و دەست ئاوەڵاییەیان سەرسام مابووین، مستەفا کە وەکو دەست ڕەنگینی کچێکی گەنج خواردنەکانی ئامادەکرد بوو بەدەستەکانی خۆی پێشکەشی کردین، هەمووانی حەیران کردبوو.

دایکم و باوکیشم کە لە نزیکەوە ئاگاداری ئەم پیاوەتی و هەست بەرزی و ڕەوشتەی بوون تێگەیشتن کە بۆچی منیش وا دڵدارو حەیران ماوم بۆیان، باوکم بێ دەنگی بڕیو دەستی بەقسە کردەوە:

– مستەفا دەستت خۆش بێت کوڕم، بۆیەکەمین جارە لە ژیانمدا لەمالّێکی گڵدا دانیشم و ئەم خزمەتە بکرێم! بەڕاستی کاریگەر بووم بە دەروون پاکی ئێوە. ئەگەر بتانەوێت ئێستا بچینە سەر باسە بنەڕەتیەکە، لەدڵەوە دوعام دەکرد کە دیسان باوکم بەقسەو ڕەفتارەکانی نەبێتەوە هۆی ناڕەحەت کردنی مستەفا. کە باوکم دەستی کردەوە بەقسە، من بەردەوام سەرنجی مستەفام دەدا بۆ ئاگادار بوون لە بەڕەڕێ دانەوەکانی ئەو. بەڵام ئەو بەهیچ جۆرێك ئاورێکیشی بەلای منیدا نەدایەوە. بۆ ئەوەی چاوی نەکەوێتە سەرم، ئەوەی لەدەستی بهاتایە دەیکرد. تەقوا لەناخی ئەودا بەجۆرێك بوو،

که ئەگەر هەموو دنیا پێکەوە هەوڵی خەڵەتاندنیان بدایە، ئەو لایەکی لەنەفسی نەدەکردەوە، باوکم لەوتە تێکەڵ و پێکەڵەکانی هەر بەردەوام بوو:

– ئیتر لەدنیادا بەتەنهایت داهاتوویەکت پێویستە. سەیرکە بۆ ئەمە چیت پێ دەڵێم: لای ئێمە هەم ئیش هەیە بۆتۆ، هەم ئێمەش لە پێویستی کەسێکی دەست پاکی وەک تۆدایە، ئێمە لە ئەزموونی تۆ سوودمەند دەبین و تۆش لەپارەکەی ئێمە، ئەگەر ئەم داوایە قبوڵ بکەیت دەبیتە خاوەنی دەسەڵاتێک کە پەنگە خەیاڵیشت نەکردبێت تەنانەت داهاتەکەشت خۆت دیاری بکە، هەرگیزیش دەست لە بڕیارەکانت وەرنادەین.

ئەوە زۆر باش بزانە کەهیچ کەسێک ئەم دەسەڵاتە پەهایەی پێ نادرێت و هیچ ئەندامێک پلەی تۆی نادرێتێ، بۆچی ئەمانە دەڵێم؟

ژیانی سەربەرزانەو بەڕەوشتی تۆ کاریگەری زۆر لەسەر ئیلکای داناوە، ئەویش لەسایەی تۆوە ژیانێکی نوێی ناسی، تا ئەمڕۆ بەو جۆرە ئاسوودەو دڵخۆش نەبووە. تۆ بوویتە یارمەتیدەری کچەکەم، منیش دەمەوێت یارمەتی تۆ بدەم، مەسەلەکە بەم جۆرەیە.

باوکم تا قسەی بکردایە هەڵەی زیاتری دەکردو منیشی زیاتر شەرمەزار دەکرد، نەیدەزانی قسەکانی بەرەو کوێ دەچن و ئەو کەسەی ئەم خەریکە بەرامبەری قسەدەکات بەتەواوی لەڕەگەزو بیرکردنەوەی ئەو، زەوی تا ئاسمان جیاوازە.

سەرەڕای هەموو ئەو داواکاریە سەرسەختانەی باوکم، مستەفا دیسانیش بە ڕەوشت بەرزی خۆیەوە وەڵامی دایەوە:

– سەرەتا سوپاسی زۆری ئەو تەکلیفانەت دەکەم، بۆ ئەو بیرکردنەوەیەشتان لەمن هەر سوپاس دەکەم، منیش دەمەوێت ئێوە بزانن کە من ئێستا لەبیری دۆزینەوەو دەست کەوتنی کاردانیم، بەهۆی چەند کارێکی بچوکی خۆمەوە جارو بار لەدەرەوەو ناوەوەی وڵات لە دۆستەکانمەوە پارەیەکم پێ دەگات، کە خەرجی ڕۆژانەی خۆمی پێ دابین دەکرێت، لە ئوسترالیاو ئەڵمانیاو ڕوسیاوە بەردەوام هاوڕێکانم پەیوەندی دەکەن بۆ پێشکەش کردنی بانگهێشت نامە بۆ کار، بەڵام من نامەوێت ئێرە کەشوێنی یادگاری باوکم و دایکمە بەجێ بهێڵم، هەروەها ئازاری دایکیشم جارێ زۆر تازەیە، ئەگەر پێویستم بەکار بوو ئەو کات خۆم پەیوەندیتان پێوە دەکەم.

بۆ مەسەلەی کچەکەشتان.. دایکم ئەوی زۆر خۆش دەویست تەنانەت وەکو کچی خۆی، منیش ڕێز بۆ ئەو خۆشەویستیەی دایکم دادەنێم و، ئەو وەکو خوشکی خۆم تەماشا دەکەم. بەدەر لەمە نیەتێکی ترم نییە.

ئەم وتانەی کۆتایی وەکو بۆمب لەناو ژوورەکەدا تەقیەوە هەموان وەڵامی خۆیان وەرگرت، بەڵام ئەوەی بەتەواوی ڕووخا من بووم، هەموو ئومێدەکانم لەگەڵ زەوی تەخت بوون، بەڵام زۆر سەیر

بـوو هێشـتاش تروسـكاييەك لـە هيـوا لەدڵمـدا مـابوو، بـاوكم بـەو خۆبەگەورە زانين و بێ منەتيەوە ئەويشى پێ لەدەست دام.

لەدڵى خۆمدا ڕقم لەو جۆرو شێوازى قسەكردنەى باوكم دەبـوەوە " ئـاخ باوكـە چـى دەبـوو بـۆ يـەك جـار لەتەمەنتـدا وازت لـە خۆبەگـەورەزانين و لووتبـەرزى بهێنايايـەو فێـرى شـێوازى قسـەكردن ببويتايە !

بۆيەك جار نرخى كەسى بەرامبـەرت بزانيايـە ! هەسـتت بـەگرنگى شتەكانى تريش بكردايە، جگە لەپارە... ئـاخ باوكـە چـى دەبـوو؟ !" لەبـەر ئـەوەى قسـەو باسـەكان خـەريك بـوو كۆتاييـان پـێ دەهـات، جەنابى پارێزگار هاتە قسەو وتى:

كـاكى بـەڕێز ئێـوە گـوێى مـەدەنێ، مـن خـۆم لەگـەڵ مسـتەفا قسـەدەكەم، هيـوادارم قسـەم نەشـكێنێت و دواى چارەسـەرى كێشەكانى، بەدڵى خۆشەوە دەست بەكار بكات.

لاشەيەكى بێ گيان بووم:

ئەوێمان بەجێ هێشت، بەڵام دڵم لەلاشەم و هۆشم لەسـەرم جيابوو بوونەوە.. بـيرم نييـە هـيچ كاتێك ئەوەندە بـەرووخاوى و نائومێـدى خۆمم دى بێت! ئومێدو خەياڵ و خۆشەويستيەكانم لەوێ جێ هێشت و بەبێگيان وەك جەنازە هاتمە دەر! ئيتر لاشەيەكى بێ گيان بـووم! چەندين ڕۆژ نەهاتمەوە سـەرخۆم، لەژوورەكـەم دەرگـام دادەخسـت و

شەو تا بەیانی دەگریام، لە حزووری خوادا چەندە فرمێسکم ڕشت...!

ئیتر بۆ من ڕۆژانێکی سەخت دەستی پێکردبوو نەمدەویست بگەڕێمەوە بۆ ئەو ژیانە دوو ڕوویی و دڵتەنگی و بێ ڕۆحەم بەڵەدەست دانی مستەفاش کە هەموو ئومێدێکم بوو، ئیتر بەهەردوو دەست دەمویست ئیمان لەئامێز بگرم و لێی جیانەبمەوە چونکە جگە لە ئیمان دڵنەواییەکم بۆ نەمابوەوە.

ئەمە دوای ئەوەی ئەو هەواڵەشم بیست، کە جەنابی پارێزگار چەند جار مەسەلەکەی بە مستەفا وتوەتەوەو زۆری لێ کردووە، ئەویش بەرگەی نەگرتووەو لەبەر نەشکاندنی قسەی ئەو ئەو شارەی بەجێ هێشتووە، تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەی من ئەو کاتە دەستی پێکرد. بۆ بەردەوامی دانم بە ژیان بێ مستەفا دوو هەڵبژاردنم لەبەردەمدا بوو: یان چوونەوە ژێر باری ئەو دنیا بێ ڕۆحەی کە هەموو شتێك بەپارە دەپێوێت، یاخود پێداگری لەسەر گەیشتن بەخودا و ئاسوودەیی ڕاستەقینەو لەو پێناوەشدا بەرگەگرتنی هەموو فشارێك... بۆ ئەوەی لەناو تەنیایی خۆمداو لەو دونیا تاریکەی تیایدا بووم نەخنکێم چەندین ڕۆژ لەخودا پاڕامەوە. ئەوەندە گریام و هاوارم کرد وەخت بوو ناخم پارچە پارچە دەبوو و تێك دەچووم. لەم گەشتە نوێیەمدا بەبێ مستەفا بەردەوام دەسوتام و داوام دەکرد کە ڕزگارکەرێك ڕابەرێکم پێ نیشان بدرێت کە جێگەی مستەفا پڕ

بکاتەوە چونکە لەوبارە قورسەی بەسەر شانمەوە بوو زۆر لاواز بوو بووم بەرگە گرتنم نەستەم بوو، وەك درێژ كردنی دەستێكی یارمەتی بۆ كەسێكی تەنهای بەجێ ماو لەناو بیابانێكی چۆڵدا خوای مەزن دەرگایەكیشی بەمن نیشان دا...

ئەو رووداوە پڕ ڕازەتان چۆن بۆ باس بكەم ...نازانم... بۆ كەمێك دوورکەوتنەوە لەخەمەكانم و سوك بوونی ئەو بارە قورسەی ژیان بەبێ مستەفا! لەكۆمپانیاكەی باوكم دەستم بەكارکردن كرد، لەسنوری كارەكەشمدا هەوڵم دەدا دەستی یارمەتی بۆ كەسانی لێقەوماوو هەژاری خەڵكی ئەنادۆڵ درێژ بكەم بەتایبەتیش دابین كردنی خەرجی خوێندن بۆ منداڵە هەژارەكانی ئەو شارانە لەنیەتمدا بوو.

بەڵێ هەموو شتێك لەو ئێوارەیەدا ڕوویدا، ئەو ئێوارەیە دەستپێكێكی نوێ بۆ ژیانم و خۆڕاگریەكی تازە لەتەمەنمدا و بیركردنەوە و فیكرێكی نوێ لە زەینمدا چرۆی دەكرد...

ئەو ئێوارەیە، لەگەڵ دایكم هەڵسەنگاندنمان بۆ ئەو ڕووداوانە دەكرد كە لەو كۆتاییانەدا تیایاندا ژیا بووین بەمانایەكی تر بەلێپرسینەوەی خۆمان، دانەدانە هەڵەكانمان دەهێنایەوە پێش چاو. لەم مەسەلانەدا دایكم لەباوكم بۆم نزیكتر بوو، باوكم بەهەموو جۆرێك لەباسی خواو پێغەمبەردا بەرپەرچی دەدایەوە.

سامناکی قیامەت:

لەناو ژوورەکەمدا کە بەجوانترین کەل و پەل ڕازێنرابوەوە لەسەر جێگە گەرمەکەم پاڵ کەوتبووم، لەزەینمدا وردەکاریەکانی پڕۆژەی یارمەتیەکە بەهەزار جۆر دەهات و دەچوو، لەخشوعێکی زۆردا بەداواکردنی پەناو یارمەتی و هێز لە پەروەردگارم بۆ ئەو کارە خێرەی دەستم دابویە چاوەکانم داخست تا خۆم لەناو هاوارو نالەی خەڵکی شڵەژاوو ترساوی سەر شەقام و کۆڵانەکاندا دۆزیەوە کە هەموو هاواریان دەکرد" قیامەت هەڵدەستێت!" ئەو دوکەڵەی ئەو ناوەی پڕکردبوو، چاوەکانی کوێردەکرد، چەندە سوتێنەر بوو! بەو هاوارو نالانەی بەرز دەبویەوە گوێیەکان کپ وکەڕ دەبوون، تەلارەکان دەڕووخان و کێوەکان تاشاستی شەقامەکان تەخت دەبوون.

لەناو ئەو هەڵمە دۆزەخیەی هەموو جێیەکی گرتبوەوە کەس نەیدەزانی چی دەکات و بەرەو کوێ ڕادەکات، ئەو هاوارە تۆقێنەرانەش کە بەرزدەبوونەوە مرۆڤی پارچە پارچە دەکرد.

من و دایکم و باوکیشم کە هاتبووینە بالکۆنی فێلاکەمان سەرنجی ئەو تابلۆ ترسناکەی دەوروبەری خۆمانمان دەداو لەبەرامبەریدا بەهاوارکردنەوە باوەشمان بەیەکدا کردبوو.

بەبەرچاومانەوە هەموو کۆمپانیاو کارگەکانی باوکم دەڕووخان پارەو چەك و بەڵگەکانی بەهەوادا دەچوون و دیار نەدەمان.

زۆری پێنەچوو لەسەر گردێکەوە شتێك وەکو ئەژدیهایەك هەموو ئەوەی خاوەنی بوین قوتی دا. ئێمە بەترسێکی زۆرەوە لەناو ئەو هات و هاوارەدا بەرەو قاتەکانی سەرەوە بەهاواری " خودایە یارمەتیمان بدە" ڕامان دەکرد باوکم کە بەدرێژایی ژیانی لەدژی دین و خوا وەستاوەو هیچ کات بچوکترین هەنگاوی بۆ نەناوە، هەردوو دەستی کردبوەوەو بەلاآنەوەوە لەخۆی دەدا:" خوایە جگە لەتۆ هیچ دۆست و ڕزگارکەرێکی تر نیە، بەتەنها تۆ دەتوانیت یارمەتیمان بدەیت!"

دایکیشم هاواری بەرگەی نەدەگیرا:

" تۆ کە چارەی بێ چارەکانیت تۆ ڕێگە نیشانی سەرلێشێواوەکان دەدەیت.. یارمەتی دەردەدارەکان دەدەیت ڕزگارمان بکە خودایە..."

بەئومێدو بڕوایەکی زۆرەوە لەوترس و تۆقانەی تیابدا مابووین لەهەر ساتێکدا چاوەڕێ بووین مەرگ یەخەمان بگرێت، ئەوە یەکەمجار بوو لەژیانمدا هەستم بەبەرکەوتنی ساردی فریشتەی گیان کێشان ئیزرائیل دەکرد کە بە خوێن و گیان و دەروونمدا دەڕۆیشت، ئەو ترسەم لە فریشتەیەك نەبوو، بەڵکو لەبەر گوناهباریم بوو.

لەبەر ئەوە تا دەنگم دەربهاتایە هاوارم دەکرد:

- پەروەردگارم! من بەندەیەکی شیاوی تۆ نیم، بەڵام تۆم زۆر خۆش دەوێت، ئەو بەندە خۆشەویستانەی تۆشم خۆش ویست، ئەگەر

لەبەر خاتری ئەوانیش بێت، کەمێکی تر تەمەنم پێ ببەخشە تاکو بۆ گوناهەکانم تەوبە بکەم و لەبەر پەزامەندی تۆ کاری خێر ئەنجام بدەم، لەوبێ چارەییەدا کە لەسەرمانەوە تا پێکانمان لەئارەقی ترس و بیمی خۆماندا نقوم بوو بووین خۆمان بۆ تەسلیم کردن بەمەرگ ئامادە کرد بوو. لەناکاو لەئاسمانەوە ئامێرێکی فڕیو دەرکەوت، نازانم چۆن وەسفی بکەم تا بڵێی سپی....لەفڕۆکە و کڕپتەر و هیچ یەکێکی تر لەو ئامڕازە فڕیوانە نەدەچوو کە دەیانناسین، وەکو باڵندەیەکی سەرنج ڕاکێشی گەورە لە ئاسمانەوە بەئەسپایی دادەبەزی.

بەتەواوی هاتە سەرسەری ئێمە و بەهەوادا هەڵواسرا بوو دوو گەنجی خوێن گەرم لەناو دەرگاکەیدا دەردەکەوتن کە گوریسەکانی دەستیان فڕێ دەدایە خوارەوەو دانە دانە ئێمەیان بۆ ناو ئامێرە فڕیوەکە ڕادەکێشا لەگەڵ دایکم کە ڕۆیشتینە ناو ئامێرەکەوە، خوایە ئەوە کوێ بوو! پڕ بوو لە هەموو جوانیەك...ئەو دوو کەسەش کە پێشوازیان لێ کردین، لەجوانیەکی ئەفسوناویدا بوون، لەسەرنج ڕاکێشی و ڕەونەقێکی هۆش بەردا بوون کە مرۆڤی مەست دەکرد.

کاتێك نۆرەی باوکم هات بۆ گەیشتنە ناو ئامێرەکە لەناکاو ئامێرەکە بەرز بوەوە بۆ ناو هەواو دەرفەت بە سەرکەوتنی باوکم نەدرا، زۆر پاڕایەوەو هاواری کرد " منیش ئیمانم هێنا، منیش بەرن! " بەڵام زۆری پێ نەچوو لەناو دووکەڵ و تەمەکاندا لەچاو ون

بوو، لەگەڵ دایکم زۆر گریاین و داوامان کرد کە باوکیشم سەرکەوێت بەڵام یەکێك لەو گەنجە پڕ پازانە وتی:

- لەخۆڕا خۆتان ماندوو مەکەن، ئەم ئامێرە یەکێکە لە ئوتومبیلەکانی بەهەشت، تەنها دۆستەکانی خوا دەتوانن سواری ئەمە بن.

یەکسەر لەو کاتەدا ئومێدێکی گەورە لەدڵمدا دروست بوو " واتە خوای مەزن ئێمەی بەدۆستی خۆی داناوە ! "، گەنجەکەی تەنیشتم وەك ئەوەی ئاگاداری چرکە بەچرکەی ئەوانە بێت کە بەخەیاڵمدا دەهاتن ئاوڕی دایەوە بەلامدا:

- ئێوە لەبەر کردەوەکانی خۆتان نا، بەڵکو لەبەر دوعای خۆشەویستەکانی خوا کە بۆ ئێوەیان کردووە پزگارتان بووە.

بەپەرۆشەوە پرسیم :

- کێ دوعای بۆ ئێمە کردووە.

- وەرن بتان بەمە لای ئەوان.

ئەوەی ڕزگاری کردین، کێ بوو؟

بە ڕێگەیەکی تەسك و تاریك و دەرچەیەکی پڕ زەحمەتتدا ڕۆیشتین تا گەیشتینە بەر دەرگایەکی سەرنج ڕاکێش و وەستاین وتی:

- بچنە ژوورەوە، چاوەڕێتانن.

ئای خوایە گیان! باخچەیەکی ئەوەندە نەبڕاوەو دڵڕفێن بوو، ئەوەندە سەرسامکەر بوو، هەموو هەستەکانی مرۆڤی دەجوڵاند...لەناوەڕاستیدا کۆشکێکی گەورە هەبوو کە تا دڵ حەز بکات ڕازێنرابوەوە بەهەموو جوانیەك، ئەو ڤێلایەی ئێمە کە لەناو هەموواندا ناسرا بوو، لەچاو ئێرەدا تەنها هێلانەیەکی بچوك بوو، لەحەپەسان و پەرۆشیدا لەبەر خۆمەوە وتم: " دەبێت ئێرە بەهەشت بێت"...

چەند مەترێك لەو دیوو کۆشکەکەوە جێیەکی دانیشتن ئامادەکرابوو کە تیایدا دوو مرۆڤ دانیشت بوون پرشنگیان لەدووریەکی زۆرەوە دەدرەوشایەوە، پاش تەماشایەکی زۆر توانیم بیان ناسمەوە کە مستەفاو پوورە فاطمە بوون.

بەڕادەیەك سەرم سوڕما بوو کە خەریك بوو لەهۆش دەچووم، ڕووی درەوشاوەی ئەو دایك و کوڕە و خۆشحاڵی لەڕادەبەدەریان ئەوەندە ئێمەشی هەستیار کردبوو کە ئێرەبیمان پێدەبردن...

ئێمەیان لە شوێنێکی تایبەت دانیشاند و خۆشیان لەو ساباتەی کە چەند مەترێك لەسەرو ئێمەوە بوو بە ڕووخۆشیەکی زۆرەوە دانیشتن و تەماشای ئێمەیان دەکرد.

دایك و کچیش لەو تابلۆ وەصف نەکراوەدا تەواو خۆمان لەدەست دابوو، بێدەنگ و حەپەساو مابووین.. بەڵام حەسرەتی باوکیشم لەدڵ دەرنەدەچوو دایکیشم فرمێسکی دەڕشت و دەیوت: "ئێستا باوکیشت

لێرە بوایە!" باوکم کە لەدنیاش نەیهێشت ئاسوودە بین، لێرەش تەنانەت دەبێت خەفەتی لێ بخۆین...

ئەوەی وەکو خزمەتکار هاتە لامان و میوانداریەکی باشی لێکردین وتی:

- بەڵێ ئەم دایك و کوڕە زۆریان دوعا بۆ کردن، بەتایبەت مستەفا بۆ هیدایەت وەرگرتنتان زۆر پاڕایەوە ئەوان ئێوە دەبینن و دەنگتان دەبیستن، بەڵام ئێوە قسەکانی ئەوان نابیستن.

دەستم کرد بەپاڕانەوە کە ئەگەر یەك وشەش بێت دەمەوێت قسە لەگەڵ مستەفا بکەم، بۆیە بەو کەسەی میوانداری دەکردین وتم:

- چی دەبێت ڕێگەیەکم نیشان بدەن تا بەجۆرێك قسەمان لەگەڵ بکەن! لانی کەم سوپاسیان بکەین لەبەرئەوەی ئێمەیان ڕزگار کردووە....

ئەو کەسە ئەفسوناوییە:

- دەچم پێیان دەڵێم..

نوشتایەوە چرپەیەکی بەگوێی مستەفادا کرد، لەدوای ئەوە وەك ئەوەی پێشتر ڕێگرێك هەبووبێت و ئێستا نەما بێت، لە دوورییەکەوە دەنگی مستەفام ناسیەوە کە وتی:

- بەخێر هاتن...

ئێمەش یەکسەر وەڵامان دایەوە:

– خوا لێتان ڕازی بێت. ئەگەر یارمەتیتان نەدایە ئەو گەردەلوولی دنیایە کە لە قیامەت دەچوو ئێمەشی قوت دەدا و ڕزگارمان نەدەبوو، بەڵام باوکم نەهات.

مستەفا وتی:

– زۆر خەمبارم بۆ ئەوە بەڵام خوا شانسێکی تری بۆ ئێوە نارد ئەگەر ئەم هەلە بەکاربهێنن و ببنە بەندەیەکی شیاوی ئەو سەرەنجامتان ئاوا دەبێت، دەبێت حاڵی باوکت بۆ ئێوە ببێتە پەند.

دایکم بەپەرۆشیەکەوە وتی:

– هاوسەرەکەم هیچ شانسێکی نییە؟

– ئەوەی کە دیوتانە بۆ ئەویشی باس بکەن ئومێد دەکەم ئەو خوایە بدۆزێتەوە کە ئەوی ناردۆتە دنیاو هەر ئەویش لەدنیا دەری دەکات بەڵکو ئەمە بەجدی وەریگرێت و ئامادەکاری بۆ دوا ڕۆژی بکات.

دایکم پرسی:

– ئەی ئێمە چی بکەین؟ لەکوێوە دەست پێ بکەین؟

– خوای مەزن چی لە ئێوە بووێت....

– واتە؟

مستەفا لەوەڵامی ئەمەدا سەری ڕاوەشاند:

– تەمەنتان بەخۆڕایی تێپەڕاند پێکەنینتان بەو کەسانە دەهات کەبەندەی باشی خوا بوون، دوژمنی قورئان و ئیمان بوون، بەڵام

پەروەردگارم ئەوەندە میهرەبانە، بچوکترین پەشیمانی ناو دڵەکان دەکاتە وەسیلەی ڕزگار بوون بۆیان.

دایکم ئیلکای خانی زۆر خۆش ویست تەنها بە دوعا کردنەکانی خۆیشی لێ نەگەڕا، بەڵکو داوای لەمنیش دەکرد لە نوێژەکاندا دوعای بۆ بکەم، بەهۆی دوعا بەکوڵەکانی دایکمەوە خوای گەورە شانسێکی تری بەئێوە بەخشی .

– تکا دەکەم بەرچاو ڕوونیمان پێ بدەن!

– ژیانێکی شیاو بەبەندایەتی خوا، دۆزینەوەی گروپی ئەو هاوڕێیانەی کە لەپێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوادا کاردەکەن، قەزا کردنی ئەو پەرستشانەی کە نەتان کردوون....

هەموو ئەمانەم لەبەر کرد، دواتر پرسیم:

– باشە کێ یارمەتی ئێمە دەدات.

وتی:

– بچنە لای فریشتە خان.

– فریشتە خان کێیە؟

– ئەو ئێوە دەدۆزێتەوە.

بەدەنگە دەنگێکی زۆر بەئاگا هاتم، زەمین لەرزە بوو، فێللاکان بەو گەورەییە لە شوێنی خۆیان دەلەرزینەوە زۆر ترسناک بوو، هەموان خۆیان گەیاندە باخچەکەی دەرەوە، وەک بڵێی ئەمە سەرەتای ئەو ڕووداوانە بوو کە لە خەونەکەمدا دی بووم، سەیر ئەوە

بوو من و دایکم و خزمەتکارەکان و تەنانەت باوکیشم لەو کاتەدا تەنها هاواری خوامان دەکرد.

دایکم نەیدەتوانی هێور ببێتەوە.

– دایکە بەسە... تۆواو بوو ئیتر... دەموبست بیوەستێنم، نەدەکرا...

– چۆن ئارام بم کچم، ئەمەم بەتەواوی لەخەوندا بینی، سەیری چاوەکانی دایکم کرد، وەک ئەوەی بڕمبای پیا تەقی بێت چاوەکانی سوور بوو بوون، پوخساری تەواو تێکچوو بوو، وەکو شێت هاواری دەکرد:" فریشتە خان، فریشتە خان.."

وتم:

– دایکە کام فریشتە خانە !

– ئەو خانمەی ئێمە ڕزگار دەکات....

ئای خوایە گیان ...بێ هۆش بووم لەوێدا...دایکیشم هەمان خەونی بینیوە. باوکیشم دووبارە پێکەنینی بە ئێمە دەهات، ئەم شتانە لەدنیای ئەودا جێی نەدەبوەوە تەنها شت کە باوەڕی پێ هێنا بوو پارەو هێز بوو.

نەخشە ڕێگاو یەکەمین سوجدەم:

ئەو شەوە لەگەڵ دایکم نەخشە ڕێگەیەکمان دیاری کرد:

١– ژیانێك کە شیاوی ڕەزامەندی خوا بێت.

٢- گروپی ئەو هاوڕێیانەی کە بۆ خوا دەژین.

٣- یارمەتی دانی بێ کەس و هەژارەکان.

ئەو ئێوارەیە یەکەمین هەنگاو بوو بەرەو ژیانێکی بۆ خوا بوون، لەکاتێکدا باوکم و هاوڕێکانی لەسەر مێزی خواردنەوە دەنگی پێکەنینیان بەرزدەبوەوە، من و دایکم بۆ یەکەمین نوێژمان لە حزووری پەروەردگار ڕاوەستاین.

ئای خودایە! لەو ئێوارەیە..! یەکەمین تەکبیر.. یەکەمین ڕاوەستان.. یەکەمین سوجدە..

ئەو ئێوارەیە ڕۆحم تیایدا فڕی و دڵم لەجێی خۆی هەڵکەندراو جەستەم لەڕاستەقینەترین عەشقدا توایەوە....

ئەو ئێوارەیە ساتێك بوو کە هەستمان بە ڕاستەقینەترین ئاسوودەیی دەکرد و واماندەزانی تازە لەدایك بووینەتەوە.

ئەو شەوە بۆ یەکەمین جار قیبلەمان ئاسی و ڕوومان کردە خوا بەشداری ئەو کەشە مەعنەویە جوانەمان کرد کە بەندە ڕاستگۆکانی خوا تیایدا دەژین چۆن باسی بکەم پەروەردگارم؟!

ئەو شەوە تا بەیانی بەبێ وەستان فرمێسك لەچاوم دەباری لەبەر هەڵەو تاوانەکانم تا توانیم داوای لێخۆش بوون و سڕینەوەی هەڵەکانم لە زاتی حەق کرد.

ئەو شەوە تەمەنی گوناهباری ئیلکای کۆتایی پێ هات. لەژیانی تازەشمدا بە بەڵێنی جیانەبوونەوەم لە ڕێبازی خوا دەستم پێ کرد،

بەدرێژایی تاریکایی ئەو شەوە داوام کرد خوا بەبەندەیەکی شیاوی خۆی قبوڵم بکات وەکو دوا دوعاشم لەبەیانیدا لە قوڵایی دەروونمەوە پارامەوە " پەروەردگارم ئەگەر بۆ یەك ساتیش لەم کەشە ڕۆحانیانە دابڕام، ئیتر مەمژێنە !..."

هەر کە ڕۆژ بوەوە یەکەمین شت کە لەژیانی نوێماندا پێی هەستاین، لەگەڵ دایکم پۆشینی جل و بەرگی گوندجاو بەو ژیانەمان بوو، بۆئەمەش زۆر ناڕەحەتیم بەدەست باوکمەوە چەشت، بەڵام ئیتر من جگە لە خودا گوێم بۆ کەسێکی تر نەدەگرت، کاتێك بەسەرپۆشەکەی سەرمەوە بۆ یەکەمین جار چوومە بەردەمی ئاوێنەکەم، بەئەسرینی چاوەکانمەوە بەڵێنم دا " ئەم سەرپۆشە شایەتی ئیمانەکەم بێت، دەبێت بەردەوام بەم پۆشاکەوە بڕۆمە دەر، ئیتر ئەمە دەبێتە ناموس و نیشانەی ئیمانی من"

ئەو ڕۆژە فەلسەفەیەکی نەگۆڕم بۆ ژیانم دانا، سەرەتا دەبێت خۆم پەروەردە بکەم پاشان پێویستە ببمە ژنە بازرگانێکی بەهێزو، هەموو ئەوەی دەستم دەکەوێت بەسەر لێقەوماو و قوتابیە هەژارەکاندا دابەشی بکەم.

زۆر بەتایبەتیش دەبێت قوتابخانە و جێگەی پێویست بۆ پێگەیاندنی گەنجانی ئیماندار و نیشتمان پەروەر بکەمەوە، هەموو ئەوەی کە دێتە دەستم دەبێت بیکەمە وەقفی ئەم یارمەتی و خزمەتانە.

بەڵام لەم نەخشە رێگە نوێیەمدا، چاوم لەو رێگەیەش بوو کە مەلەك خان بۆم دیاری دەکات، ئەو کێیە؟ لەکوێیەو چۆن دەردەکەوێت؟ ج رێگەیەکمان نیشان دەدات؟ بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە.

لەگەڵ ئەو خانمە دۆستانەی کە لەکۆتایی هەفتەکاندا دانیشتمان هەبوو بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر بابەتە ئیمانیەکان و وەرگرتنی زانیاری پێویست بۆ بڕەودان بە بەندایەتی و پەرستشەکانمان، بەم جۆرە بەبیرکردنەوەیەکی قووڵەوە هەوڵمان دەدا لەخۆمان و دینەکەمان تێ بگەین، ئەوەندە لەم گفتوگۆیانەدا قاڵ دەبوومەوە کە بەپێی ئەو زانیاریانەی لەوێ فێر دەبووم، ڕۆژانە لەکاتی دیاریکراودا جێبەجێم دەکردن.

ئاشکرایە تا ئێستا لەبۆشایی و کەلێنی گەورەدا ژیاوم و بەخۆشم نەزانیوە...ئاە باوکە چیت پێ بڵێم، نازانم...بەتەنها نەتکردینە بەندەی پارە، بەڵکو بەدوور خستنەوەمان لەدین ئێمەت کردبووە لاشەیەکی بەشان و شەوکەتی ناو بۆشی ڕۆح لاواز.

دووبارە کۆتایی هەفتە هاتبوو، بەفڕین بەرەو ئەو گفتوگۆیە ڕام کرد کە بانگهێشتیان کردبووم، لەکۆمەڵەکەدا دوو پزیشك و چەند ژنە بازرگانێك و چەندین کەسی تری خاوەن ئیشی جۆراو جۆر ئامادە بوون.

ئەوەندە کاریگەر بووم بەو گفتوگۆیانە.. لەزیرەکی و لێهاتوویی ئەوانە شەرمەزار دەبووم کە پێشتر واتێگەیاندرا بووین موسوڵمانەکان کەسانی نەفام و نەزانن.. ئەوانەی لەوێ ئامادەبوون، هەریەکەو لەبواری خۆیدا کەسی پێگەیشتووبوو ئەمەش دنیابینی منی تەواو گۆڕی بوو.

من کێم؟ بۆ دەژیم و هۆکاری بوونم چییە؟ ژیانی دووەمی کەسانی مردوو چییە؟ یاساکانی ئیسلام بۆ ژیان چین؟ ئەی حیکمەت و داناییە شاراوەکانی چین؟ سەدان پرسیاری لەو جۆرە لەسەرمدا گوزەریان دەکرد. بەلادانی ئەم پەردانە لەسەر چاوم هەستم دەکرد لەپێویستی ئەوەدام زانستێك بزانم کە رێگەیەکم بەرەو ئاخیرەت بۆ رووناك بکاتەوە....

بەڵێ هەر لەم کۆمەڵانەی تیایاندا دادەنیشتین بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش و بە ئەدایەکی جوان وەڵامی دانەدانەی ئەمانەم پێ دەگەیشت... ئاه مستەفاکەم! چەندە قەرزاری تۆم... تۆ بەتەنها خۆشەویستی و عەشقی دنیاییم نەبوویت، تۆ خضرێك بوویت کە ڕێچکەی ئاخیرەتیشت نیشان دام، بەخۆشویستنی تۆ هەموو ئەم جوانیانەم دۆزیەوە تەنها خۆشەویستی خۆت نا، بەڵکو عەشقی خوات پێ ئاشنا کردم.

چۆن سوپاس گوزارت بم، نازانم! ئاه ئێستا لێرە بوویتایە لەلام بوویتایە هەموو تەمەنم پێ ببەخشیتایە. بەتێپەڕ بوونی ڕۆژ لەبەر

چـاوم گـەورەتر دەبیـت، ژیـان بینـی تـۆ هـەموو رۆژێـك باشـتر لەبیرکردنـەوەکانی منیشـدا رەنـگ دەداتـەوە. چـی دەبێـت، رۆژێـك دەرکەوە. ئەو دڵە ساف و خاوێنەت بابتوانێت لە هەست و سۆزەکانی مـن تـێ بگـات، وەرەو دەسـتم بگـرە تـاکو لەسـایەی تـۆدا بتـوانم بەمتمانەیەکی زیاترەوە لەسەر ئەم ڕێگەیەی پەروەردگارم پێ بکەم.

گوناهەکان دڵ دەمرێنن و، مرۆڤ دڵتەنگ دەکەن:

ئەو ڕۆژە لەباسێکدا بووین کە پێش گفتوگۆکە دیاری کرابوو شەرم و شکۆو نەزەرکردن، بەکورتیەکەی (عیففەت) داوێن پاکی، باسی ئـەو ڕۆژەمان بوو.

لەڕاستیدا ئەم باسە جێی گرنگی پێدانی منیش بوو، چونکە من لە کلتورێکـەوە هـاتبووم کـە هیچـم لەسـەر ئـەم بابەتـە نـەدەزانی و لەژیانێکی پڕ سەربەستیدا هەستم بەهیچ هەستیارییەکی ئـەم یاسـایە نەدەکرد.

لەو کۆمەڵگەیەی من لێوەی هاتبووم، گەنجەکان پێویست بـوو بـۆ ژیانیان یەك بناسن و بچنە دەرەوەو پیاسە بکـەن پێکـەوەو... بـەڵام ڕوانینـە ئیسـلامیەکانی ئـەم ژیانـە نوێیـەمم نـەدەزانی لـەڕووی ئـەم بابەتەوە... لەبەر ئەوە باسی ئەو ڕۆژە زۆر بۆم گرنگ بـوو. یەکـەمین جار بوو تێڕوانینە ئیسلامیەکان سەبارەت بـەم باسە ببیستم... ئـەو ماڵەی وانەکەمان لێ دەخوێند بەدیکۆری عوسمانیـەکان ڕازێنرابـوەوە

که لەوپەڕی جوانیدا بوو لەسەر دیوارەکانی تابلۆ و نووسینی زۆر جوان نەخشێنرابوون بەجۆرێك مرۆڤی سەرسام دەکرد، لەژوورەوە کەسێکی ئەوەندە ئارام دانیشتبوو، کە هەر بەیەکەم هەنگاونان بەرەو ژوورەوە هەستت بە هەڵمژینی هەوایەك دەکرد کە ڕۆح پێویستیەتی.... خانمێکی ڕووخۆش و دەروون پاك کە بەهەڵسوکەوتە شیرینەکانی ناخی مرۆڤی فەتح دەکرد، خاوەنی ئەو ماڵە بوو. خۆی مامۆستای پەروەردەیی و هاوسەرەکەشی لەکارگە کاری دەکرد. هەر لەگەڵ چوونە ژوورەوەم بەپێشوازییەکی گەرم و لەئامێزگرتنێکی دایکانەی پڕ لەمیهرەبانی فەرمووی کردم بۆ دانیشتن. لەپشت سەرمەوە کتێبخانەیەکی پازاوە بەچەندین کتێبی دینی و زانستی هەبوو کە سەرنج ڕاکێشترینیان تەفسیرێکی قورئان بوو لەناو بەرگێکی ڕەنگ سووردا.

لەدوای یەکترناسینێکی خوشکانە ئەو خانمەی بەرپرسیار بوو لەباسی ئەو ڕۆژە دەستی بە قسەکانی کرد:

– وانەکەی ئەمڕۆمان باسێکی زۆر جددیی و گرنگە لەلایەنی کۆمەڵگەو مرۆڤایەتییەوە" عیففەت (داوێن پاکی) و زینای چاو"ە... ئەم باسە هەستیارەی کە ڕەنگە لای زۆربەی موسوڵمانان فەرامۆش کراو و لەبیر چوەوە بێت، نەخۆشیەکی کاریگەرە لەسەر هەموو لایەنێکی ژیانی مرۆڤ.

بەر لەباسی "زینای چاو" وەکو ئامادەکارییەك بۆ ئەو باسە سەرەتا بابەتی "بێ شەرم و شکۆیی" باس دەکەین، چونکە بێ شەرمییەکە زینای چاویش دێنێتە کایەوە، بەداخەوە ئەمڕۆ زینای چاو بۆتە بەڵایەك کە خۆمان و هاوسەرەکانیشمان بەردەوام دەترسێنێت.

عیففەت چییە؟سەرەتا بەڕوونکردنەوەی ئەمە دەچینە باسەکەوە:

زاراوەی عیففەت بەواتای: ئەدەب، حەیا، ڕاکردن لە حەرام، ترسان لەتووش بوون بەگوناە... دێت کە یەکێکە لەگرنگترین خەسڵەتەکانی موسوڵمانی ڕاستگۆ.

خوای مەزن بۆ بەردەوامی دان بەنەوەی مرۆڤ، کچ و کوڕی بەرامبەر بەیەك وروژێنەرو یەکتر ڕاکێشەر دروست کردووە، لەهەمان کاتدا بەرامبەر ئەم هەستە بەهێزە مرۆڤی لەتاقیکردنەوەیەکی سەختدا کۆکردوەتەوە، لەتەمەنی کورتی دنیاییماندا تاقیکردنەوەی عیففەتی کردۆتە سەختترین باری تاقیکردنەوەکان، بێگومان ئەوەی لەدواڕۆژدا بە براوەی ئەم تاقیکردنەوەیە دەریچێت! ئەوا بۆتە قارەمانی هەردوو دنیا، خوای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا لەچەندین جێگەدا خاوەن عیففەتەکانی بەبراوەی چەندەها پلەی بەرز وەسف کردووەو بێ شەرم و حەرامکارەکانیشی بەسزای دۆزەخ ئاگادارکردۆتەوە. لەوەسفی ئیمانداراندا خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ* الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ* وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ

اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ* وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ* وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ* إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ* فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاء ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ﴾المؤمنون:١-٧.

واتە: "بەڕاستی خاوەن باوەڕەکان پزگاریان بووە، ئەو خاوەن باوەڕانەی کە لە نوێژەکانیانا لەخواترس وئارامن، کە لەگوتارو کرداری بێ سوودیش خۆیان لائەدەن، کە زەکاتی مالّی خۆشیان دەرئەکەن، کە عەورەتی بەرودوای خۆشیان دەپارێزن. تەنها بۆ هاوسەری شەرعیی خۆیان یان کەنیزەکیان نەبێ کە بەگوێرەی شەرع بووبن بە هیی ئەوان، بەڕاستی ئەوانە لۆمەیان ناکرێ ئەگەر بچنە لای ئەو جۆرەکەسانە. دەی کەسانێ بەدوای لەو دوو ڕێگا شەرعییەی پێوەندی نێوان پیاوو ئافرەت بەولاوە بکەون، ئەوانە یەجگار زۆر دەسدرێژییان کردووە. "

کەسی بەعیففەت لەهەمان کاتدا خاوەنی شەرم و حەیایە، واتە لەگوناهکردن شەرم دەکات و ڕادەکات.

لەم باسەشدا چەندین فەرموودەی پیرۆز و وتەی بەنرخ هەن:

* شەرم و حەیا لە باوەڕەوەیە. (بوخاری)

* ئەوەی حەیای نەبێت، ئیمانیشی نابێت مرۆڤی بێ ئیمانیش ناچێتە بەهەشتەوە (دەیلەمی).

* کەم حەیایی لەکوفرەوەیە (حاکیم).

عیففەت واتە ناموس، تا چەندە گرنگ بێت کەم شەرمی و کەم ناموسیش ئەوەندە خراپ و مەترسیدارە، لەباسی ناموسیشدا چەند فەرمودەیەکی پێڕۆز هەن.

* باش بزانن، بۆ ئەوانەی ناموسیان دەپارێزن بەهەشت هەیە. (حاکیم)

* ئەو موسوڵمانەی خۆی لە زینا دەپارێزێت، دەچێتە بەهەشت. (بەیهەقی)

* بۆ ئەوەی لەخراپەکاری پارێزراو بن، بەخێزاندارى و عیففەتەوە بژین .(ابن عساکر)

* ئەوەی خێزانی کەسێك لەڕێ دەربکات (لەڕێ لای بدات) لەئێمە نییە. (حاکم، احمد ابن حنبل)

* هەر ژنێك پێنج نوێژەکەی ئەنجام بدات و ناموسی بپارێزێت و، گوێڕایەڵی هاوسەرەکەی بێت، دەچێتە بەهەشتەوە لەو دەرگایەی کە خۆی بیەوێت.(ابن حبّان)

* ئەوەی ئەم شەش شتە بەجێ بهێنێت، دەبمە کەفیلی چوونە بەهەشتی: ئەو کەسەی لەگوفتاردا ڕاستگۆ بێت، بەڵێنەکانی جێ بەجێ بکات، پارێزگاری لەئەمانەت بکات، ناموسی بپارێزێت، چاوەکانی لەحەرام لادات و دەستی لە خراپە بگەڕێنێتەوە. (احمد ابن حنبل)

وەك لەفەرموودەكاندا ئامازەی پێ كراوە، ئافرەتان زیاتر لەپیاوان لەپێویستی شەرم و حەیادان، ئەگەر وانەبوایە ڕەفتاری زۆر پیس و نەشیاو بڵاودەبویەوە، ئەوەتا دوژمنەكانی دین كە ئاگاداری ئەمەن هەر لە منداڵیەوە هەوڵی ئەوە دەدەن كە شەرم لە كچەكانمان داماڵن و كۆمەڵگایەكی چاوبرسی و دوور لەحەیا بهێننە كایەوە هەر بۆیە ئافرەتی موسوڵمان پێویستە لەخەمی شەرم و حەیاكەیدا بێت.

ئەم بابەتە لەفەرموودەكاندا بەم جۆرە ڕەنگی داوەتەوە:

- حەیا جوانە، بەڵام لەئافرەتدا زۆر جوانترە(دەیلەمی)

عیففەت لەكچێكی گەنجدا یان هەر ئافرەتێكدا نرخەكەی گەوهەرێكە كە بە پارە مەزەندە ناكرێت، هەر كوڕێك كە لە خوای خۆی نەترسێت، هەموو شەیتانێتی خۆی بەكاردەهێنێت بۆ دەست كەوتنی ئەو گەوهەرە. دەبێت زۆر سەرنجی ئەمە بدەین چونكە كە عیففەت و شەرم نەما، زینای چاو دەست پێ دەكات كە ئەویش سەرەنجامەكەی دیار نیە لە كوێدا دەوەستێتەوە. ئەگەر پارێزگاری نەگیرێتەبەر، كۆمەڵگاكەمان لە بنچینەوە هەڵدەوەشێت، هەر وتەیەكی ئەو خانمە وەكو بۆمبایەك لەمێشكمدا دەتەقیەوەو پارچەكانی بەر ئەو گوناهانەم دەكەوت كە لە ڕابردوودا ئەنجامم دابوون.. ئەو خانمەش كە بەرگەی ئەم وتانەی نەگرت و بەگریانە بەرزەكانی كەشێكی خەماوی لە ژوورەكەدا دروست كردبوو، منیشی پەرێشان كردبوو لەڕاستیدا ئەوەی دەگریا تەنها ئەو نەبوو، بەهۆی

ئەو گوناهە زۆرانەمەوە کە وەکو خەنجەر دەروونمی پارچە پارچە دەکرد، ئەگەر لەبەر شەرم کردنم لەو کەسانە نەبوایە، وەکو منداڵ هەر لەوێدا دەکەوتمە سەر زەوی و بەگریان خۆمم خاڵی دەکردەوە. پوختەی باسەکە ئەوە بوو کە هەر دەبێت تاقیکردنەوەی "عیففەت" کە لەم ڕۆژگارەماندا زۆر بەرجەستەیە ببەینەوە، ڕەنگە لەبەر ئەمە بوو بێت کە مستەفام زۆر خۆشویست بوو، چونکە ئەو قارەمانێکی عیففەت بوو، هەرگیز نەدەکەوتە ئەو هەڵەیەی بە "زینای چاو" ناسراوە.

ئەو ڕۆژە دیدێکی نوێم بۆ دروست بوو، بڕیارم دا کە دەبێت ئیتر ژیانێکی پاک و ئارام و هەڵهاتوو لەحەرام بەسەر بەرم و ڕێگەم لەگەڵ ئەو کوڕانەی دەمناسین جیابکەمەوە. لەدوای ئەو پەڕۆشییە زۆرەی گفتوگۆی ئەو ڕۆژە پێی بەخشیم گەڕامەوە ماڵەوە ڕۆشتمە بەر ئاوێنەکەم و پەنجەم بۆ چاوەکانم درێژ کردو بەخۆمم وت:

– ئەم دەوروبەرو دۆستانەت بۆ تۆ هەڵێکن کە دەبێت نرخیان باش بزانیت، ئەگەر نا دەکەوێتەوە ناو هاوڕێ خراپەکان و بێ شەرمی و کەم حەیایی خەجاڵەتبارو داڕزاوت دەکات، ڕەنگە پەروەردگار لەهەر کاتێکدا کەسێکی نموونەیت بۆ بنێرێت... دەبێت خۆپارێزی بکەیت و نرخی ئەو دۆستانەت بزانیت!"، ئەم بیرکردنەوەیەم لە مێشک و دەروونمدا دەنگی دەدایەوە:

بەعیففەت بوون! ئیتر دەبوو خۆم دوور بگرم لە زینای چاو کە دڵ دەمرێنێت...

بەشی سێیەم

ئەو فریشتەیەی چاوەڕێم دەکرد سەرسامی کردم

خۆم بۆ خزمەت و چاکە یەکلایی کردبووەوە:

مانگ تێدەپەڕی بەڵام من ئەو هەواڵە خۆشەی چاوەڕێی بووم پێم نەدەگەیشت، نە لە فریشتەو نە لە مستەفاوە کەمترین نیشانە دەرنەدەکەوت، بەڵام زانینی ئەوەی کە مستەفا لە ژیاندا ماوە بۆ من بەس بوو، نازانم بۆ هەموو کات هەستم بەدەرکەوتنی سێیەرەکەی دەکرد لە پشتمەوە!

بەم سۆزو حەسرەتەوە دوو ساڵم تێپەڕاند، لەدەورو بەرەکەی خۆمدا بوو بوومە ژنە بازرگانێکی باش، دڵستی تازەو هاوەڵی تازەو دەوروبەری تازە....

باوکم چەندە بەرەنگارم ببوایەتەوە، من دەمتوانی لەسەر پێی خۆم ڕابوەستم... لەم ماوەیەدا دەیان گەنج دەهاتنە مالّمان و داوایان دەکرد ببمە هاوبەشی ژیانیان، بە ڕێزۆ هەست بەرزییەوە دەرگاکەم نیشانی یەکەیەکەیان دەدا. ئەوان نەیان دەزانی کە ئیتر ئیلکای لە ڕۆحیدا ژیانێکی لەسایەی قورئاندا بنیات ناوەو خۆیشی لەدنیادا بەمستەفا بەخشیوە. لەبەر ئەمە بوو کە چاوم هیچ کەسی نەدەبینی و هیچ کوڕێك سەرنجی ڕانەدەکێشام، سەرقاڵی هەناردەکاری بووین بۆ شارێکی بچوکی ئەنادۆڵ کە تیایدا کارەکانمان دروست کردنی خوێندنگەو شوێنی نیشتەجێ بوون و نەخۆشخانە بوو بۆ خێزانە هەژارەکان، هەروەها یارمەتی دان وانەوتنەوە بوو بە قوتابیە هەژارەکانی ئەو شارە، بەهۆی ئەمەوە دیسان لەناو ئەو کەشە سیحراویەی ئەنادۆڵدا کە بەر لەچوار ساڵ تیایدا ژیابووم، دووبارە پیاسەم دەکردو لەو هەوا پاکەی ئەوێدا هەناسەم دەدا کە دەبووە دەرمانێکی مەعنەوی بۆ ئازارە دەروونیەکانم.

لەگەڵ تێپەڕ بوونی ڕۆژدا، خۆشەویستی ئەنادۆڵ و عەشقی مستەفا، لەگەڵ پێ نانم بەهەر گەڵایەکی وشك هەڵتوودا گیانیان بەبەرمدا دەکردەوە، دەبوو نزیکەی هەشت کاتژمێر بەپاس گەشت بکەم، لەخۆشحاڵیمدا وەکو چۆلەکە دەفڕیم، وەك ئەوەی دۆستە گیانی بەگیانیەکانم چەند ساڵێك بێت چاوەڕێم بن، هەستێکی خۆشم هەبوو، بەجۆرێك لەسێبەری هەر دارێکدا لە بەرزایی هەر شاخێکداو

لەبێدەنگی دەشتەکانیشدا هەستم بە بوونی ئەوان دەکردو حەسرەتی بینینی ئەوان لە دەروونمدا زیادی دەکرد.

لەگەڵ ڕۆیشتنی ئۆتومبێلەکەو فڕینی ڕۆحی منـدا، لـەناو قـوڵایی ئەو هەرێمـە فراوانـە لـە ئاسـوودەیی کـە مەسـتی کردبـووم بـە بـۆنی دەروونـە پاکـەکانی ئـەو مرۆڤـە سـاف و سـادانەو ئـەو خـانوو ماڵـە دارینانەیان دەچوومەوە بـۆ ئـەو پـەڕی ناسکی و ڕەسـەنایەتی، ئـەو کەسـانەی ئـەوێ ئەوەنـدە ڕۆح شـیرین و سـیما نـورین بـوون کـە لـە هەریەکێکیاندا خۆشەویستیەکی سەیر هەستی پـێ دەکـرا. لـە دڵـەوە حەزم دەکـرد بـۆ دامرکانـەوەی حەسـرەتی ئـەو دوو دۆسـتە ئـازیزەم ئەمان لەئامێز بگرم.

ئەو ڕێگەیـەی کـە نەمدەویسـت کۆتـایی بێـت، لەکەنارێکـدا تـەواو دەبوو خۆمم لەناو چەپڵە ڕێزانی ئەو کچە نازدارانەدا بینیـەوە کـە بـۆ پێشـوازیمان ئامـادەبوون، گرنگیپێـدانی بـێ ئەنـدازەی ئـەوان و بایەخدانیان بەمیوان لەناخەوە خۆشەویستیان تیـا دروسـت دەکـردم. باوەشیان پیادەکردین و بـەخێرهاتنیان دەکـردین دەمـوت:" خودایـە ئەمـە خـەون نـەبێت" بـەجۆرێك ئاسـوودە بـووم لەناویانـدا کـە دەپارامـەوە ئەمـە خـەیاڵ نـەبێت، ئـەو ڕۆژە قوتابخانەیـەك و نەخۆشخانەیەك و بەشە ناوخۆییەکمان دەکردەوە.

لـەناو ئـەو قـەرەبالغی و خەڵکـە زۆرەی دەنگەکانیشـیانم لەیـەك جیانەدەکردەوە، ئەو قوتابیانەی بـۆ خوێندن پـارەم بـۆ خـەرج کـرد

بوون و ناویانم نەدەزانی و نەمبینی بوون، بەگوڵەکانی دەستیان و ئامێز گرتنە گەرمەکانیان و بانگ کردنەکانیان بەدایەو دادە منی مەست کردبوو...ئەی ئەو ماچە بچووکانەی لەسەر گۆنام جێیان دەهێشت، تەواو هۆشمی برد بوو...خودایە....

فریشتە، کە منی لەخۆم سەند بوو...

ئەو ئێوارەیە لە کۆنفرانسێکی خێزانی نووسەرێکی پەروەردەبیدا کە کتێبەکانیم زۆر دەخوێندەوە بەشداریم کرد، دواتر خانمێك نۆرەی قسەکردنی هات، باسی ناپەحەتی و ئاستەنگەکانی ژیانی خانمێکی کرد، وەکو کارەبام لێ بدرێت کاری لە دەروونم کرد، چیرۆکەکەی فرمێسکی بەهەمووان باراند.

بەندەیەکی خوا نەمابوو کە بە بەسەرهاتەکەی هەستیار نەبووبێت لەکوێ بمزانیایە ئەو سوپرایزەی چاوەڕێم دەکرد، لەوێ دەیدۆزمەوە؟ بێ ئاگا لەهەموو شتێك کچێکی تازە پێگەیشتوو کە چاوەکانی نەیدەبینی و بەناپەحەت رێی دەکرد هێنایانە تەنیشتم... وتیان:

– ئیلکای خان، ئەمە ئەو خانمەیە کە مامۆستاکەمان باسی دەکرد، لەسایەی ئەو یارمەتیەی ئێوە، دەستی بەژیانی کردووەو زۆرپش سەرکەوتووە...

بەو ڕووە شیرینەیەوە بەرەو لای من دەهات، هەرچەندە نەشی دەبینیم، بەدەستەکراوەکانیەوە لەلامەوە دانیشت، بەدەنگێکی فریشتە ئاساوە وتی:

– ئەم (جەوشەن) ە دایکم بۆی ناردوون، وتی ئەمە ئێوە دەپارێزێت،" ئەو بە پارەکەی ئێمەی پاراست، خوای مەزنیش بەم جەوشەنە ڕۆح و گیانی بپارێزێت، إن شاء الله پێغەمبەریشﷺ گەورەترین پارێزەری دەبێت".

زیاتر خۆم پێ ڕانەگیرا کە بەم هەست و سۆزەوە ئەم کچە نازدارەم بینی لەدڵەوە لەئامێزم گرت، ئەویش بەو شێوازە ناسکەی خۆی وتی:

– تکایە بۆ ئێمە مەگری ئێمە لەحاڵی خۆمان ناڕازی نین، خوا وای ویستووە، ئەی ئەگەر هیچی پێ نەدایناید؟ یان ئەگەر لەحاڵێکی لەمە خراپتردا بووینایە؟

دەستم هێنا بەسەریدا:

– من بەقوربانت بم... تەماشای ئەو ئیمان و تەوەککول و قەناعەتە بکە...خوایە گیان!

سوپاس گوزاری و ڕازی بوونی ئەو بەندە بێ دەسەڵاتە قەناعەت و باوەڕ پتەوی لەبەرامبەر ئەو ناڕازی بوون و گلەییانەی ئێمە سەرەڕای ئەو هەموو نیعمەتانە وەکو تیر دابووی لەسەرم.

– تۆ وانەی ژیانت پێ دام، وتەکانت وەکو نێردراوێك لەمێشکمدا جێی گرتووە، خۆزگە هەموو کات ڕابەرێکی نیەت پاك و باوەڕ پتەوی وەك تۆم هەبوایە، خۆم بۆ چەماندەوە لەدڵەوە داوام لێکرد:

– دەبیتە کچی من؟

بەدوو دڵیەکەوە وتی:

– نەخێر

– بەڵام بۆچی؟ من دەتوانم یارمەتیەکی باشت بدەم

– من خۆ پێویستم بەهیچ نیە...ئەو پارەیەی پێت بەخشیووم بۆ خۆشم و دایکیشم بەسە.

هەروەها من ئەگەر ببمە کچت، دەبمە بار بۆت...ئێوە بەم حاڵەمەوە بەرگەم ناگرن، دوای ئەوەش من هەرگیز لەدایکم جیانابمەوە.

– دایکیشت بانگ دەکەین..

– نەخێر، ناتوانین ئەو بهێنین...

– بۆچی؟

– چونکە ئەو ئیفلیجە، ناتوانێت لە جێی خۆی هەستێت، ئەم جارە ئیتر هیچ توانام نەما:

– ئااەە...ئێوە لە گەورەترین بەندەکانی خوان....

دایکت ئیفلیجە لەجێی خۆی هەڵناستێت، تۆش نابینیت سەرەڕای ئەوەش هیچ گلەییەکت نییە و لەسەر هەموو شتێك سوپاسی خوا

دەکەیت... چی دەبوو یەک لەسەدی ئەو سوپاسگوزارییەی ئێوە لەمنیشدا هەبووایە...! وەک ئەوەی ئەو کچە جوانە حەسرەتێک بێت کە هەموو تەمەنم چاوەڕێم کردبێت لەئامێزم گرت.

– ببورە کچم ....تەنانەت بیرم چوو کە ناویشت بپرسم؟

– ناوم(فریشتە)یە.

ئیتر هۆش لەسەرمدا نەما، دەست و قاچم دەستیان بەلەرزین کرد، بەزۆر خۆم ڕاگرت تا هۆشم بمێنێت بەو پەرۆشیە زۆرەی چەند ساڵ بوو چاوەڕێی ئەو ڕابەرە بووم. پێم وت:

– کەواتە تۆ ئەو "فریشتە"یەیت! من شەو و ڕۆژ چاوەڕێی فریشتەیەکی وەکو تۆ بووم. خێرا هەستامە سەرپێ بەو ئاگرەی دەروونمەوە:

– هەستە دەمەوێت بمبەیتە لای دایکت، دەبێت باشتر بتان ناسم، وەک ئەوەی خۆشترین مژدەی ژیانم بیست بێت، لەگەڵ کچەکانی ترو فریشتەدا ڕۆشتینە ماڵیان.

لەخانوویەکی نزمی یەک ژووریدا ...خانمێکی تەمەن مام ناوەند، بەڕووخسارێکی زەرد هەڵگەڕاوەوە، بەڵام چاوەکانی هاواری فیداکاری و ئیمان پتەویان بەرزدەبوەوە لە جێگەکەیدا پاڵ کەوتبوو.

دایک و باوک و کچ پێکەوە تووشی کارەساتێک بوون، باوکیان هەر لەوێدا ڕۆحی سپاردووە، دایکیان بۆ هەمیشە تووشی ئیفلیجی بووە... کچەکەشیان چاوەکانی و هەردوو قاچی لەدەست داوە،

پەروەردگارم! تاقیکردنەوەکانی تۆ هەمیشە پڕ لە حیکمەت و دانایین، ئەم دایك و کچە کە لەم هەموو بێ چارەییەیاندا بەدڵخۆشی و ئاسوودەیی بەرگەی هەموو شتێك دەگرن چۆن نابێتە پەندو حیکمەت بۆ کەسانی بەدنمەك کە لەبەر داخستنی بچوکترین دەرگا ناشکوری دەنوێنن....!

خوا هەیە، خەم نییە:

لەو خانووە یەك ژووریپەیاندا، بەدیوارەکەوە تابلۆیەك هەڵواسرا بوو کە وێنەی باوکی بوو... لەخوارەوەی وێنەکە ئەمە نووسرابوو.." خوا هەیە، خەم نییە"... بۆخاتری خودا تەماشای ئەم ئیمان و تەسلیم بوون و هێزە مەعنەویە بکەن..! سەرەڕای ئەوەی گەورەترین کارەساتیان بەسەرهاتووە ئارامگرو سوپاسگوزارن..! وەکو پتەوترین شاخ بەرامبەر ژیان ڕاوەستاون...! لەڕاستیدا ئەمەیە کە پێی دەڵێن ئاسوودەیی ڕاستەقینە...لەپشت سەری ئەو خانمەوە چەند کتێبێك هەبوون... قورئانی پیرۆزو تەفسیر لەگەڵ کتێبێکی بچوك کە "پەیامی بیماران" بوو بەگریانێکی زۆرەوە لێیان پاڕامەوە کە بۆ چارەسەر وەرگرتنیان یارمەتی خۆی و کچەکەشی بدەم، بەڵام دایکی پەسەندی نەکرد:

– نەخێر... پەروەردگارم ژیانێکی پێ بەخشیوین ئەگەر ئەم ژیانە بگۆڕینەوە بە لەش ساغی شادببینەوە ئیتر نەفسمان تێر ناخوات و

داوای زیـاتر دەکـات، نامانـەوێت لەگـەڵ نەفسـمان ئاشـت بینـەوەو تاقیکردنەوەکەی بچێژین ئەم چوار دیوارە دەمان شارێتەوەو ناهێڵێت گوناه ئەنجام بدەین.

– ئێمـە لـەحاڵی خۆمـان پازیـن، ئێـوە بگەنـە هاوکـاری ئەوانـەی کـە گلەیی لەحاڵیان دەکەن.

ئـای دنیـا... ئـای مرۆڤایـەتی... ببیسـتن.. گوێیـەکانتان بـۆ ئـەم قسانە باش بکەنەوە، ئەی ئەو هاوسەرانەی لەبەر بچوکترین کێشە لـە هاوسـەرەکەتان جیابوونەتـەوە، ئـەو کەسـانەی لەبـەر کـەمترین ناڕەحەتی بـێ ئارامیتـان تووشـی خـەمۆکی کردوون، ئـەو کەسـانەی بەبێ هۆکار تاوانیان کردووە، هەموو ئـەو کەسانەی دنیایـان کردۆتـە جێیەک کەژیانی تیا نەماوە...وەرن ببیستن...!

وەرن وانـەی خۆشـبەختی لـەم دایـک و کچـە فریشـتە ئاسـایە وەربگرن، هەردووکیانم توند لەئامێز گرت.

دایکی وتی:

– زۆر دوعا بۆ تۆ دەکـەین، ئـەو کاتـەی پارەکـەی تۆمـان پێگەیشت بەڕاسـتی لەپێویسـتیەکی زۆردا بـووین. ئـەو پڕۆژەو ئێسـتاش ئـەم دوعایانەت بۆ دووبارە دەکەینەوە "خوایـە لەتەمـەنی ئێمـە هـەڵگرەو تەمەنی ئەو درێژ بکە، هەموو ژیانی تووشی خێری بکە، لە کەموکوڕی و گوناهەکانی خۆشبە...ئیمانێکی پێ ببەخشە کە بەدرێژایی تەمـەنی دەستی بێ چارەکان بگرێت...!"

هەردوو دەستم بەرووخسارمەوە گرت لەبەرامبەر ئەو دوعا جوانەیاندا، دواتر دەستەکانیم ماچ کرد.

– دڵنیام کە بەدوعاکانی ئێوەیە من بە پێوە ڕاوەستاوم. ئێوە فریشتەن لە شێوەی مرۆڤدا! ئەم هیدایەتەی منیش لەسایەی نزا وەرگیراوەکانی ئێوەیە.

من ئەوەی لەدنیاو لەهەر چواردەورمدا بۆی دەگەڕام، لەخانۆچکەیەکدا و لە دوو مرۆڤی گەورە، دایك و کچێکی وەك ئێوەدا دۆزیمەوە.

تەداوی دەردی من لەلای دایکێکی ئیفلیج و کچێکی نابینا بوو!.. چەندین کاتژمێر نەمدەتوانی ئەو دایك و کچە جێ بهێڵم، هەر بەجیابوونەوەم لێیان... ڕێنماییم بەبەردەستەکانم دا کە مانگێکی جوان بۆ فریشتە و دایکی بکڕدرێت... بەدەر لەوانەش ئۆتۆمبێلێك دابین بکەن کە هەموو ڕۆژێك فریشتە لە ماڵەوە بگەیەنێتە قوتابخانە.

ئەو شەوە تا بەیانی ناوچەوانم لە سوجدە بەرز نەکردەوە. لەخوا پارامەوەو فرمێسکم ڕشت، ئیتر گەورەترین گەنجینەی دەوڵەمەندی من ئەوان بوون، کە گەڕامەوە بۆ شوێنی کارەکەم بڕیارم دا ئیتر دەبێت هەموو داراییم لەم ڕێگەیەدا خەرج بکرێت، هەموو سانگێك ناحیەیەکم هەڵدەبژاردو بۆ دابین کردنی خوێندنێکی باش بۆ هەژارەکان هەموو هەوڵی خۆمم دەدا، بەتایبەتیش گرنگیدان بەقوتابییە زیرەك و بلیمەتەکان. مادام نەگەیشتم بەو مستەفایەی

تەمەنی بۆ ئیمان و قورئان دانا بوو. منیش بەیەکلایی کردنەوەی خۆم بۆ ئەم رێگەیە، بڕیارم دا سەرەتا ببمە بەندەیەکی باشی پەروەردگارم، پاشان هاوسەرێکی شیاو بۆ مستەفا. لەوانەیە ڕۆژێك لەڕۆژان لە داهاتوودا یەك ببینینەوە، بابزانێت من ژیانی خۆم بۆ ئەم کارە تەرخان کردووەو، تێبگات کە بەهاوسەرگیری نەکردنیشم خۆشەویستیەکەم لە لەکەداربوون پاراستوە.

باوکم بڕیاری سەرکوتکردن و زایەکردنی منی دابوو

باوکم لەبەر ئەوەی خۆشەویستی و گرنگی دانی من بەخواو دین بەئارەزوو هەوەسێکی کاتی تێگەیشتبوو، ئەو ماوە زۆرە لەسەر کارەکانم دەنگێکی لێوە نەهاتبوو. ڕەنگیشە ئەمەی لەپێناو بەدەست هێنانی ئەو گەنجە بەئەزموون و خاوەن توانایە" مستەفا" دا قبوڵ کردبێت، بەڵام خەریك بوو حاڵی دەبوو، من بوومەتە ژنە بازرگانێك و ئەمەش کە دێتە دەستم لەکاری خێرو بۆ پەروەردەو خوێندن خەرجی دەکەم.

بەشێوەیەکی هەست پێ کراو بەرەنگاربونەوەی خۆی دەردەخست. خراپ بوونی بارودۆخەکەش کاتێك دەستی پێ کرد، کە زانی من دایکیشم هێناوەتە لای خۆم و یارمەتی ئەو چینە دیندارەی کزمەڵگا دەدەین، ئەمەش پێچەوانەی فەلسەفەی خێزانی ئێمە بوو.

لەکارەکانمدا رێگری خێزانی دروست دەکردو لەهەموو بەگژدا چوونەوەیەکیشماندا باوکم بەتووڕەبوون خۆی دەرباز دەکرد، کەسێك کە هەموو ژیانی بەدوژمنایەتی خواو کەسانی دیندارەوە بەسەر بردووە هەرگیز چاوی لەخزمەتەکانی کچەکەی لەم بوارەدا نەدەپۆشی زۆر باش هەستم بەو لێپرسینەوانە کردبوو، باوکم کە لەبارەی منەوە چەندین هەواڵی هەڵەو درۆی پێ گەیەنرابوو، لەجیاتی ئەوەی ئەو کێشەیەم لەماڵەوە لەگەڵ باس بکات بانگی کردمە شوێنی کارەکەی خۆی، ئەمەش پلانێکی شەیتانانە بوو.

تا ئەو رۆژە باوکم بەو تووڕەییە نەدیبوو، بەڕوانینەکانی وادەردەکەوت بیەوێت گیانم لێ بستێنێت، بەهەموو جۆرێك نەفرەتی لێ دەباری، دایکم کە لەتەنیشتیەوە بوو، وەك ئەوەی پێشبینی هەموو شتێکی کردبێت، بەنیگا خەماویەکانی هەموو شتێکی تێ دەگەیاندم، وەکو ئەوەی بڵێت: "کچم نەکەی دەنگت لێوە دەربێت، هەرچی وت بڵێ بەسەر چاو، ئەو پیاوە بڕیاری داوە تۆ زایە بکات، ئەگەر بەبێ دەنگی گوێڕایەڵی بکەیت ڕزگارت دەبێت، ئەگەر نا پێت ناڵێت "کچم" بێ ڕەحمانە لەدەستت دەدات، چونکە ئەو ڕەت کردنەوەو بەگژداچوونەوەی پرنەسیپەکانی و بەبچوك تەماشاکردن لەهیچ کەسێکی دەوروبەری قبوڵ ناکات".

لەژوورەکەدا ڕاوێژکارەکانی بەڕێوەبەرو داروودەستەی کۆمپانیاکەی و تەنانەت هەندێك لەکاربەدەستانی کۆمپانیاکەی منیش ئامادەبوون،

ئەم ناوەندە کە بەتەواوی وەکو دادگا وابوو هەموو شتێکی باس دەکرد.

لەبەردەممدا دوو هەڵبژاردە هەبوو، یان لەدنیاکەی باوکمدا بە درێژایی تەمەنم رۆح و دڵم بەپارە دەفرۆشت و بەرامبەر خواو دین پادەوەستام یاخود لەگەڵ پازی بوون بەهەر سزایەك، وەکو کەسێك کە هەموو شتێکی لەدەست دابێت، دەگەڕامەوە ناو خەڵکە دڵ و دەروون پاکەکەی ئەنادۆڵ. ئەمە بۆ من بڕیارێکی زۆر سەخت بوو. کچێك کە لە هەبوونی و دەوڵەمەندیدا گەورە بووە، دروست کردنی ژیانێکی هەژارانە چەندە بارێکی گران بوو بۆم؟ ئەگەر تەنانەت خۆشم ئەوەم پێ هەڵسوڕایە، ئایا باوکم لەوە خۆش دەبوو؟!! بەو پیاوانەی خۆی کە ئیشیان خوێن ڕشتن بوو، بەسەد جۆر لەکارو شوێنی ژیانم دەری نەدەکردم؟ بەو هەموو پرسیارە ئاڵۆزو خەمە لێك ئاڵۆسکاوانەوە کە لە مێشکمدا دەهاتن و دەچوون بۆ هەموو شتێك ئامادە بووم، بەشێوەیەکی زۆر قورس تاوانبار دەکرام، کەسیش نەیدەوێرا بەرگریم لێ بکات، ئەگەر گوێم بۆ نەگرتایە، دوورنەبوو هەر لەوێدا بەتاوانبار کردنم، زۆر بەبێ دەنگی لەپەتی سێدارەی بدامایە.

چاوەکانم داخست، ئەو نووسینەم هاتەوە بیر کە لە مالّی فریشتە بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو:

" خوا هەیە، خەم نییە"...

ئۆۆۆۆ.. هەناسەیەکی قوڵم هەڵمژی .

تەسلیم بووم بەخواو لە دڵی خۆمدا وتم:"ئەگەر ئێوە هێزتان هەیە، ئەوا منیش خوام هەیە..." لەوکاتەدا کە خۆم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەموو تووڕەیی و قینەی باوکم ئامادە دەکرد، پووڕە فاطمە لەبەر چاوم دەرکەوت. بە ڕووە نورین و زەردەخەنە شیرینەکەیەوە.. باڵەکانی کردەوە وەک ئەوەی بیەوێت لەباوەشی میهرەبانی خۆیم بگرێت وردە وردە دەستی بە قسەکرد:

- کچم لەبیرت نەچێت، ئەوەی پشت بەخوا ببەستێت سەردەکەوێت... ئەوەش کە پشت بەبەندە ببەستێت دەدۆڕێت... ئەگەر خوا ویستی لە ئەنجامدانی شتێك نەبێت، هێزی هەموو مرۆڤایەتی کۆببێتەوە ئەو ئیشە بە ئەنجام ناگات، ئەگەریش خوا ویستی لەسەر شتێك هەبێت، هەموو خەڵکیش کۆببێتەوە ناتوانێت بەر بەو کارە بگرێت.. مەترسە.. دوژمنەکانی خوا، ناتوانن زیان بەبەندەیەکی خۆشەویستی خوا بگەیەنن. ویستم هەستم و تاو بدەمە دەستەکانی، بەڵام لەناکاو لەبەر چاوم فڕی و نەما...

ئەم دەست گرتنە مەعنەویەی پووڕە فاطمە لەسەختترین کاتدا بووە سەرچاوەیەکی هێز بۆم، ئیتر ئامادەی هەموو شتێك بووم لەدوای ئەم هێز پێدانەوە چی دەبێت باببێت...!

ئیتر با لەسەر کارەکەم لامبەن، لەماڵەوە دەرمبکەن، ئەگەر بیانەوێت با بەدەستی پیاو کوژێك بشمکوژن، مردن لەپێناوی خوادا جوان بوو.. من کە لەمردن نەترسم، لەهیچی تریش ناترسم...

بەتەواوی لەوکاتەدا بوو:

بەڵێ ئێتر باوکم کە بە هەموو پیاوەکانی منیان ئابڵۆقە دابوو، هەستایە سەرپێ و دەستەکانی بە هەموو تووڕەیی خۆیەوە ڕاوەشاندو وشە ڕەقەکانی کە دەتوت بۆمبایەك لەناو دەمیدا تەقیوەتەوە دانەدانە ڕیزی کردن:

– سەیری من بکە... من بۆ بەدەست هێنانی ئەم شکۆ و هێزە هەموو تەمەنم سەرف کرد، ئەو کەسەی دەبێتە میراتگری من دەبێت وەکو خۆم بێت، ئەگەر ئەم شتە پوچانەی وەك خواو دین و پێغەمبەر(أستغفر الله) لەمێشکت دەرنەکەیت، هەر ئێستا دەتدەمە دەست گورگە برسیەکان. ئێتر من منالێکم نییە..

من دەوروبەرێکی کراوەم هەیە، کە هەموان ئاگادرای فیکرو فەلسەفەی منن... دوورن لە دەمارگیری و کۆنەپەرستی ڕێگەی ئێمە خوا نا، بەڵکو ئەقڵ و زانست دیاری دەکات..... یان دەبێتە کچێك شیاوی من بێت، یان لەمڕۆوە هەموو شتێکت لێ دەسەندرێتەوەو فڕێ دەدرێیتە کۆڵان، یەك شانست پێ دەبەخشم. ئەگەر داواکاری و ویستەکانم ڕەت بکەیتەوە، ئەوا لەئەمڕۆوە لەلای من بەنەبوو هەژمار دەکرێیت... بەمەش تەواو نابێت، ماوەی دوو سالّ لەژێر چاودێری خۆمدا دەمێنێتەوە، ئەگەر بەدڵم بوویت ئەوە لەبەختتە، ئەگەر نەبوویت ئێتر دەبێت ئارەزووی مەرگ بکەیت.. ئێستا فەرمانت پێ

دەکـەم. لەگـەڵ کـاك فـاروقی پاوێژکارمـدا بـەزوویی هاوسـەرگیری دەکەیت و دەبیتە هاوسەرێکی باش بۆی، هـەموو پەیوەندیەکیشت لەگەڵ دەمارگیر و کەلەپەقەکان دەپچڕێنیت.

کە ناوی فاروقی بێ دینم بیست، ئیتر ئەوەی دوای ئەو هـیچ بـۆم گـرنگ نـەبوو... لەوکاتـەدا وەکـو دارێکـی نـاوبۆش پووخـام... خۆشەویستی مستەفا کە بۆ خولەکێکیش لەبیرم نەدەکرد پڕایەوە ناو دەروونم بەرگـەی هـەموو بـەڵاو فیداکاریـەکم دەگـرت بـەڵام هـەرگیز نەدەکەوتـە بـیری کەسـێکی تـر جگـە لـەو مسـتەفایەی خـۆمم بـۆ ئامادەکردبوو.

لـەو وتـە سـامناك و تۆقێنـەرو مـەرگ هێنانـەی لـە دەمـی بـاوکی سەختگیرم هاتنەدەر، ئەوەندە سڕو غەمگین بووم کە هێزی هیچم پێ نەمابوو جگەلەوەی بەهەموو بونمەوە لە ناوخۆمدا هاوارم دەکرد:

– پەروەردگارم...پزگارم بکە...

ئـیتر لەبـەر چـاوی هەمووانـدا و هـەر لەوکاتـەدا نـەو پووداوە چاوەڕوان نـەکراوە پوویـدا کـە هـەمووانی لەسەرسـامی دا هێشـتەوە، پووداوێکی پـڕ لـە ڕاز کـە پلانـەکانی بـاوکمی تێکدا و سـەرەو ژووری کرد..

لەو کاتەی نـەو وشـە ژەهراویانـە وەك فیشـەك یـەك لـەدوای یـەك لەدەمی باوکم دەردەچوون لەناکاو ڕەشاییەکم هەست پێ کرد کـە لـە

پشت منەوە هات و زۆر بەخێرایی گەیشتە باوکم بەڵام چی بوو؟ نەمزانی..!

باوکم کە کەمێك لەوە پێش بەتووڕەبوونەوە پەنجەکانی پادەوەشاندو هەڕەشەی لە من دەکرد، لەو ساتەدا بە بەرچاوی هەمووانەوە وەك خانوویەك داڕماو کەوتە سەر زەوی، هەمور پیاوەکانی لەچاو تروکانێکدا گەیشتنە سەری دایکیشم کە خەریك بوو لەهۆش خۆی دەچوو پای کردە لای و دەستی کرد بە هاوار کردن.

منیش لە ژێر باری ئەو شۆکە قورسەدا کەنەمزانی چی بوو! پاما بووم...بەڵام ئەو سێبەرە پڕنهێنییەم بە تۆڵەیەکی ئیلاهی دەزانی کەبەبێ دەنگی هاتە ژوورەکەوە... لەو سەرسوڕمانە زۆرەدا بەهەمور توانام هاوارم کرد:

– پەروەردگارم....!

ئەو خوایەم کە بەندەیەکی پشت بەستوو باوەڕ پتەو بەخۆی هەرگیز بەجێ ناهێڵێت! ئەو خوایەم کە مرۆڤە سەخت گیرەکانی بەجۆرێك وانە پێدەدات، کە ببنە داستانی سەر زمانی خەڵکی!

ماوەی کاتژمێرێك لەناو ئارەقی خۆمدا لەو بارە قورسەدا ژیام، دواتریش بەو پوودلوە جەهەننەمیە جارێکی تر لەشەرەف و نرخی بەندەکانی ئیمان پتەوی خوا و جیاوازی لەگەڵ ئەوانی تر تێگەیشتم، سەرەڕای ئەمانەش هەرچەندە ئەو دوژمنی خوا بێت، چەندەش پلان

دابڕێژێت بۆ هەڵگەندنی باوەڕو دینەکەم لەدڵمدا، بەڵام ئەو دیسانیش هەر باوکم بوو.

بەبینینی ئەو بەکەوتوویی لەناوەڕاستی ئەو ژوورەدا کە چەندەها دۆلاری بۆ ڕازاندنەوەی خەرج کردبوو، بەرگەم نەگرت و لەجێگەکەم هەستام و ڕامکردە سەری. ئەو هەموو هاوارو فریادو ڕاکردنەی ژوورەکەی پڕ کردبوو، دەردی باوکمی دەوا نەدەکرد. خەریك بوو دواپین هەناسەکانی دەدا. لەماوەیەکی زۆر کەمدا دەستەی سەلامەتی تایبەتی باوکم گەیشتن، هەموو لێهاتوویی خۆیان بەکار هێنا بەڵام تازە دەرهێنانەوەی لە چنگی ئیزرائیل مەحاڵ بوو.

ئای خوایە!! حاڵێکی ئەوەندە سامناك و تۆقێنەر بوو. باوکم جەستەی لەناو ئارەقدا نوقوم بوو بوو، وەك ئەوەی بیەوێت لەدەستی سەدان قەساب ڕزگاری ببێت بەڕادەیەك ڕەنجی دەدا و دەتلایەوە کە ناتوانم وەسفی بکەم...

نالەو هاوارەکانی لە قوڕگیدا پەنگیان خواردبوەوە، شینبوونەوەی ڕووخساری و ئەبلەق بوونی چاوەکانی دەریان دەخست کە لە چ سزاو ئازارێکدایە، ئەو حاڵە پەرێشانەی هەموو ئەوانەی ناو ژوورەکەی ترساندبوو، بەنیۆکەکانی زەوی هەڵدەکەند لەپێناو یەك هەناسەی تردا، وەکو منداڵێکی بێ چارە لەوانەی دەوروبەریەوە چاوەڕێی یارمەتیەك بوو، سەری بەلای چەپ و ڕاستدا دەهێناو دەبرد وەك ئەوەی بزانێت کە ساتەوەختی مەرگەو نەیەوێت خۆی بدات

بەدەستەوە...ئەمە سزایەکی ئەوەندە سەخت بوو بۆ باوکم، کەبەرگەی تەماشاکردنیشم نەدەگرت...

چاوە داچەقیوەکانی و سەیرکردنە بێچارەکانی کە موچرکەی بەلەشدا دەهێنا، هێندە پرپەندبوون پیاوەکانی چواردەوری تا پادەی هەڵهاتن تۆقاندبوو.

باوکم بەدرێژایی تەمەنی دژایەتی خوای کردووە، فریشتەی گیان کێشان بەشێوەیەکی زۆر ترسێنەرو بەرگەنەگیراو لەبەر چاوی هەموواندا سزای دەدا، ئاە باوکە! چی دەبوو ئەگەر پارەو ئەم ژیانە کورتەت بەهەمیشەیی نەزانیایە! چی دەبوو لەم دەوروبەرە بەرژەوەندی خوازەت دابڕایتایە! چی دەبوو دەرکت بەوەبکردایە کە ئەو زاتەی دروستی کردویت لەناوەختێکدا دەتباتەوە....! ئەی چی دەبوو دۆست و ئاشنا گەلێکت هەبوایە کە هەمووان دەست بە دوعا و نزا بونایە بۆت!! ئاخ باوکە..دژایەتی خوات کردو هەموو تەمەنت سەرقاڵی پێکەوەنانی پارە بوویت، بەڵام دەوڵەمەندی و سەروەتەکەت نەیانتوانی بەرەنگاری ئازارەکانت ببنەوە...لەوە تێنەگەیشتیت کە کاتێك لەدایك بویت پرست پێ نەکرا، بۆ مردنیش پرست پێ ناکرێت...

ژیانی دوای مەرگ هیچ گرنگیەکی بۆت نەبوو؟ بۆچی بیرت لەوە نەدەکردەوە ئەو دۆستانەت کە لەسەر دژایەتی خوا ڕایان هێناویت هاوڕێیەتیان تەنها تا دەرگای گۆڕەکەت دەبێت!

هەرگیز گوێت بۆ ئەوانە نەدەگرت کەدەیان وت: دەوڵەمەندی ئەوە نیە کە لە دنیادا بەجێی دەهێڵیت، بەڵکو ئەوەیە کەبۆ ئاخیرەتتی دەنێریت!

تۆ مالّ و ناوبانگت دۆزیەوە، بەڵام بەهەڵەو تاوانەکانت خوات ون کرد، هیچ بەڵایەك لەمە گەورەتر هەیە بۆ مرۆڤ؟! باوکە گیان، ئەوە بزانە ئەگەر گومانم ببردایە رۆحم بەکەڵکت دێ، پێم دەبەخشیت.. تۆ ستەمکردنت لە من بەشیاو زانی کە هیچ باوکێك نایکات، بەڵام من دیسان و بۆ هەمیشە گەردنت ئازاد دەکەم، بەرگەی ئەوە ناگرم لەبەر من لەئاخیرەتتدا سزا بدرێیت، إن شاء الله پەروەردگاریشم لە رەحمەتەکەی بێ بەشت ناکات.

لەوکاتەدا باوکم دەنگێکی زۆر ترسناکی بەوێنەی مرخەی ئاژەڵێك لەکاتی سەربڕیندا لێوە دەرچوو، ئەمەلای من وەکو وەڵامێك وابوو، کە دەیەوێت بڵێت:" من لەو رەحمەتە بێ بەش بووم، هیچ ئومێدێکم نییە"، ئەم دەنگە ئەوەندە تۆقێنەر لەژوورەکەدا دەنگی دایەوە، کە هەموو ئەوانەی بیستیان توند گوێیەکانیان گرت و بۆ ئەوەی ئەو دیمەنە نەبینن دەستیان بەچاوەکانیانەوە دەگرت، پزیشکەکانی پشت سەریشی لەسامناکی ئەو تابلۆیەدا دەلەرزین.

لەلایەك بۆ هاوارو ناڵەی باوکی لەزەویدا کەوتووم دەگریام، لەلایەکی تریش شت گەلێکی سەیر بەمێشکمدا دەهاتن: چەندین جار

ئەو وتەیەی لەدایکی فریشتە بیستم، لەدوا هەناسەکانی باوکمدا دووبارەم دەکردەوە:

" ئەوەی خوا بدۆزێتەوە ئیتر چی لەدەست دەچێت! ؟ ئەوەی خوای لەدەست بچێت ئیتر چی دەدۆزێتەوە؟! ئەگەریش بیدۆزێتەوە دەبێتە بەلا بۆی..".

ئەم وتە پڕ پەندە، بەتەواوی باسی لەباوکم دەکرد، لەبەر ئەوەی خوای لەدەست چوو بوو، هەموو ئەوانەی هەی بوو، بوو بوونە بەلا بۆی، بەلایەکی ئەوەندە گەورەبوو جگە لەوەی دۆستێکی لەدوای خۆی نەبوو، کارێکی خێرێشی بەنسیب نەبوو بوو. هەموو دیمەنەکانی ژیانی پڕ بوون لەبەرەنگار بوونەوەی دین و ئیمان و ئەنجام دانی هەڵەو تاوان ژیانی ئاخیرەتی ئەم جۆرە کەسانە تەنانەت بیرلێ کردنەوەشی تۆقێنەرە، لەدیمەنێکی مەرگەساتی وادا گیانیان دەکێشرێت کە دەبنە وانەیەکی پڕ پەندو دەکەونە سەر زمانەکان ئای لەو دواپین هەناسەیە...!

خوایە چ گیانێك بەرگەی دەگرێت!

کۆتا پوانینی بۆ فریادی یارمەتی، ئاڕاستەی دایکم کرد... دەستەکانی کردەوە وەك ئەوەی بپارێتەوە، بەڵام هیچی لێ نەبیسترا، وشەکان لەناو قوڕگیدا پەنگیان دەخواردەوەو بەرەو دیمەنێکی سامناکی خنکانیان دەبرد. پەروەردگارم.. ئەمە ئەوەندە ترسناك بوو. وەك بڵێی ئەو کەسەی لەژوورەکەدا گیانی دەدا، بەتەنها

ئەو نەبوو بەڵکو هەموو ئامادەبوانیش بوون، چونکە بینینی باوکم بەو جۆرە و بیستنی دەنگی پچڕ پچڕی مرخە مرخەکانی گوێیەکانی پارچە پارچە دەکرد.

چەندین ڕۆژ ئەو دیمەنەم لەبەر چاو نەدەڕۆیشت، بەردەوام بیرم لێ دەکردەوە، مالئاوایەک بوو کە تەنانەت نەدەچووە خەون و خەیاڵەکانیشمەوە، ئیتر لەو کاتەوە هەموو گەردیلەکانی لەشم مەرگیان دەرک کردبوو ئیتر مەرگ بووبووە بەشێک لە من، زۆر باش لەمە تێگەیشتم: چەندە پێویستە قوتابیەک بەهەموو توانایەوە هەوڵ و ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوەیەکی بدات، بەو جۆرەو بەشێوەیەکی زۆر ڕێکخراوتر لەوەش پێویستە ئامادەکاری بۆ مردن بکەین.

بێگومان ئەو ئامادەکارییەش تەنها بەئەنجامدانی پەرستشەکان و کردەوەی جوان دەبێت، ئەو کەسانەی ئەمە پشتگوێ دەخەن بەدڵنیاییەوە لەکاتی هاتنی ئیزرائیل و کۆتا هەناسەکانیاندا حاڵیان لە باوکم باشتر نابێت.

بەشی چوارەم

تاقیکردنەوەی ژیانم لەڕاستیدا ئێستا دەستی پێ دەکرد

چواردەورم بە خەڵکانی ناپاك، تەنرابوو:

تەماشای ئیشی خوا بکەن، لەگەڵ ئەوەی باوکم بەو هەموو هێزو دەسەڵاتەیەوە منی بانگکردە بەردەمی خۆی و لەبەر چاوی هەموو ئەندام و پیاوەکانیدا بۆ لێپرسینەوەم پلانی ئامادەکرد بوو، بەڵام خوای گەورە تەواو پێچەوانەی نیشانی هەمووان دا و منی کردە براوە..! لەبەر ئەوەی من تاکە میراتگری باوکم بووم، بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکە بەتەنها بۆ من جێ مابوو.

بەداخەوە ئاگاداری ئەو سوپرایزانە نەبووم کە بەهۆی ئەو کارەوە بەسەرم دەهات. کاتێک تێگەیشتم باوکم لەدەست گیرۆیی گرووپە خراپەکان و تێکەڵاوی بەپەیوەندییە پیسەکان دا پۆڵی بەرزی هەیە، بەڕاستی زۆر تووڕە و خەمبار بووم، هەر بۆیە بەگرتنە دەستی کارەکانم، یەکەمین و گرنگترین کار کە کردم گۆڕینی کادرو ئەندامە گرنگەکانی کۆمپانیا بوو بەکەسی متمانە پێکراو، بەڵام لەکاتی ئەنجامدانی ئەمەدا چەندە تووشی ناڕەحەتی بووم! ناتوانم باسی بکەم...چەندین جار هەوڵی لێ سەندنەوەی ئەو دەسەڵاتەم درا، چەندین جار پیلانی تێوەگلان بەفێڵەکانیانم بۆ داڕێژرا، چەندین جاریش هەڕەشەی مەرگم پێ گەیشت، لەدوای ئەو هەموو بەرەنگاربوونەوەو هەڕەشانەی لێم کرا ئەگەر نێستا بەپێوە ماوم بەتەنها لەبەر پارێزگاری پەروەردگارمە، ئەو کاتەی لەهۆکاری ئەو هەموو ڕووبەڕووبونەوە سەختانە تێگەیشتم بە هەموو مانایەک وەکو شێتم لێهات.

وەک دەردەکەوت، باوکم بەئابڵوقەدان و سنوردار کردنەکانمەوە ڕانەوەستاوە، بەڵکو تەنانەت ئەگەری کۆشتنیشمی لەبەرچاو گرتووە هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە من تەنها میراتگری ئەو بووم، لەبەر ئەوە لەوە ترساوە کە من دەست بخەمە کارەکانیەوەو ئەو پلانانەی لێ تێک بدەم...

باوکم هەر لە قاچاخچێتی چەکەوە تا بازرگانی مادەدەی هۆشبەرو تا بەشداری کردن لە چەندین جۆری تر کاری نایاسایی و تەنانەت پەیوەندی کردن بەچەتەکانیشەوە خەریك بووە...!

بۆ ئەم کارانەش چەندین پیاوی چەتەی هەبووە کە تێری کردوون و بۆ ئەم کارانەی بەکارهێناون. ئەوانە دەهاتنە لام و داوای حەق و پارەی چەند وەختێ لەوەوپێشی خۆیان دەکرد، من سەرسام و پەرێشان بوو بووم. چەکی بەهەموو رێکخراوە تیرۆرستییەکان فرۆشتووە، بەشداری کاری هەموو رێکخراوو لایەنێکی کارە خراپ و دوور لە رەوشتەکانی کردووە کە بە وتەی خۆی وتویەتی:" ئیلحاد خەریکە لەدەست دەچێت"، بۆ ئەمەش خەرجی هەموو بەرەنگاربوونەوەیەکی ئەمەی داوە. زۆر بەتایبەتیش خەرجی ئەو رێکخراوو لایەنانەی کە دژی دین بەیاسایی یان نایاسایی کاریان کردووە کێشاوە. دیارە کە باوکم بۆتە داردەستی ئەو بیرمەندە تاریك بینانەو وەکو سەربازی شەترەنج یاریان پێ کردووە، لەلایەك بەبێ دەست پاراستن لەحەرام پارەی بەلێشاو بەدەست هێناوە، لەلایەکی تریش بەو پارەیە پێویستی دارایی ئەو کەسانەی گرتوەتە خۆ، کە کار بۆ هەڵکەندنی حەق و ڕاستی و بڵاوکردنەوەی چەواشەکاری لەناو خەڵکیدا دەکەن. هەر کە هەستم بەم رێکخستن و پلانانەی باوکم کرد بەتوندی ڕووبەڕووبومەوە. کاتێك تێگەیشتن داواکاریەکانیان لەمنەوە بەدەست ناخرێت، سەرەتا بەهەڕەشە کردن و دواتر هەوڵیان بۆ

کوشتنم دا. پەروەردگارم رێگەی بەم هەوڵانەیان نەدا، ئەمجارە تەقەلای ڕووخاندن و پوکاندنەوەی کۆمپانیاکەیان دەدا.

ئەوان درکیان بەوەکرد بوو کە دەورووبەرم بەمرۆڤی لێهاتو و چاونەترس پڕکردۆتەوە هەر بۆیە پلانی ئەوەیان دادەڕشت کە ئەمجارە دانەدانە لە ڕیز دەریان بکەن و لەناویان بەرن.

هەندێکیان تووشی کارەساتی ئۆتۆمبێل دەبوون، هەندێکی تریان هاوسەرەکانیان مالّیان جێ دەهێشت، ئەوانی تر بەڵا بەسەر منداڵەکانیان دەهات، هەمووان مەترسی و پەشێویان تێکەوتبوو.

بەهەموو توانامەوە لەناو ئەو بارە قورسەدا هەنگاوم دەنا، شەوان تا بەیانی بۆ ڕێگە چارەی دەرباز بوون لەخوا دەپارامەوە، ئەمە لەکاتێکدا من دەست کەوت و دەسەڵاتەکانی کۆمپانیاکەمم بەتەنها بۆ ئەنجام دان و خەرجی کارە خێرخوازییەکان بە ڕاگیرکراوی دەهێشتەوە ئەگەر نا من و دایکم ژیانێکی ئاسایی و سادەمان بەس بوو، هەر ئەو ناپاکانەی کە ئاگاداری ئەم نیەتەم بوون، دەیانویست بەربەست بۆ کارەکانی کۆمپانیا دروست بکەن.

ڕازی ناو دەنگی بانگ...

لەلایەک ئەم کۆششەم بۆ کارەکانم بەردەوام بوو، لەلایەکی دیکەشەوە هەر لەبیری موستەفادا بووم، ناتوانم بیدرکێنم کە چەندەم پێویست بە شارەزایی "مستەفا" هەبوو لەم مەسەلانەدا. ئەگەر لەبەر

دووبارە هێزپێدانەوەم و بەرزکردنەوەی وردەی پووخاویشم بوایە، زۆر ئـارەزووی بینینـم دەکـرد، هـیچ یـەکێك لـەو داخـوازی کارانـەی لەدەرگایان دەدام جێگەی مستەفایان نەدەگرتەوە، لەبـەر ئـەوە بـەو چـاوەوە تەماشـای هـیچ کەسـێکم نـەدەکرد، چـونکە هـەر لـەڕۆژی یەکەمی پووبەڕووبونەوەمانەوە، ئەوینی مستەفا لـەناو دەمارەکانمـدا دەسوڕایەوەو لە ڕازاندنەوەی خەونەکانم بەردەوام بوو.

لـــــە ســـــەختترین کاتەکانیشـــــمدا لەناڕەحـــــەترین بەرەنگاربوونەوەکانیشمدا بەرگەم دەگرت و بەخەیاڵی ڕۆژێك گەیشـتن بەو بەپێوە ڕادەوەستام...

بـۆ کـەمێك دوورکەوتنـەوە لـەو کەشـە خنکێنـەرەی ژیـانی کـارو بـەدابین کردنـی خـەرجی پێویسـت بـۆ سـەدان قوتـابی لەلایـەن کۆمپانیاکەمانەوە بڕیاری ئەوەمان دا بەسەردانێك بچینە (چەنەکالێ)، چـەند ژنـە بازرگانێـك و دوو مامۆسـتای پـەروەردەش هاوڕێیـەتیان دەکردین، پاسەکەمان بۆ ئەنجامـدانی نوێـژی نیـوەڕۆ، لەمزگـەوتێکی بچـوکی کـەنار بـەکێك لـەو شـارانەی هاتـە ڕێمـان ڕاوەسـتا، دوای ئەنجامـدانی نوێژەکـەمان لـەوێ دەکەوتینـەوەڕێ بـەڵام ئـەو دەنگـی بانگـەی کـە بیسـتمان زۆر بـەخێرایی کـاری لەهـەموو گیـانم کـرد و پەرۆشـیەکی گـەورەی لەدەروونمـدا چـاند بـەو هـەموو هەسـتە سەیرانەمەوە خۆم لەدنیایەکی تردا دۆزیبوەوە.

ئای خوایە گیان! ئەو دەنگە چەندە لەدەنگی مستەفا دەچوو! بەپەلە دەست نوێژەکەمان گرت و نوێژەکانمان بەجێ هێنا. دەمویست بەرلەوەی مەلا دەربچێت، بگەمە لای، لەبەرئەوەی قوتابی و هاوڕێیانم گومان نەکەن، وام تێگەیاندن کە لەبارەی باسێکەوە دەمەوێت پرس بەئیمام بکەم، کاتێك لەدوای نوێژ دانە دانە نوێژ خوێنان دەردەچوون منیش کە دڵم زۆر بەخێرایی لێی دەدا، لە چاوەڕوانی ئەو ئیمامەدا بووم کە بە مستەفام دەزانی...! ئای خودایە، هەستێکی زۆر سەیرم بۆ دروست بوو، دەترسام لەهۆش خۆم بچم، کاتێك لەگەڵ ئەو ئیمامە گەنجەی کە من بە مستەفام دەزانی و لەدوای هەموان هاتە دەر ڕووبەڕووبوونەوە، حاڵم زۆر شپرزە بوو، مامۆستا کە ئەو حاڵە پەرێشان و ڕەنگ پەڕیوەمی بینی، بە ڕێزێکی زۆرەوە وتی:

– پرس و داواکاریەکتان هەبوو خانم؟! بەرلەوەی وەڵام لەمنەوە وەربگرێت، بەبۆکردنەوەی چاوەکانی سەرنجێکی وردتری دا.. وتی:

– دەبێت ئێوە ئیلکای خان بن! ئێوەم لە ئیتالیا بینیوە، باستان لەکارەکانتان دەکرد بۆ یارمەتی دانی قوتابیە هەژارەکان، من ئەو کاتە قوتابی بووم، لەزانستە سیاسیەکاندا سەرقاڵی خوێندنی دکتۆرا بووم، یارمەتی زۆری قوتابیەکانی ئەوێتان دا، بیرم نایەت چەندەم دوعا بۆ ئێوە کرد... بەڕاستی پیرۆزبایێتان لێ دەکەم، خوا لێتان

پازی بێت، ولاتەکەمان پێویستی زۆری بەکەسانی وەکو ئێوەیە. بەبەخشینی دارایی و تواناکانتان بەبواری پەروەردەو فێرکردن دەبنە خاڵی بەرەنگاربوونەوەو خۆڕاگری کۆمەڵگایەکی پووخاو لە مەعنەویاتدا، بناغەی پاگری بەهاکان لە کۆمەڵگەدا بەپارێزراوی دەهێڵنەوە دوعاکانمان هەمیشە لەگەڵ ئێوە و کەسانی تری خێرخوازی وەکو ئێوە دەبێت.

زۆر شەرمەزار بووم... لەکوێ بمزانیایە، ئەو خزمەتە بچوکانەی پێی هەڵدەستم بەو جۆرە بەگرنگیەوە چاودێری دەکران! ئەو لاوە خوێن گەرمەی بەرەفتارە جوانەکانی هەر زوو کاری لەمرۆڤ دەکرد، بەردەوام بوو:

– ببەخشن... بەبێ پرس کردن بەئێوە لەپەرۆشیمدا کەوتمە قسە... ئێستا چی دەکەن لێرە؟ دووبارە بۆ کاری خێرە؟ دوو دڵ بووم لەنێوان وتن و نەوتنیدا...دواتر بینیم لەوتنی پاستیەکە زیاتر قسەیەکی ترم نیە، بۆیە وتم:

– بانگ خوێندنەکەتان زۆر کاری تێکردم. ماشاء الله زۆر بە ئیخلاصەوە دەیخوێنن یەکسەر کار لە مرۆڤ دەکات. بۆ ئەمەش ویستم پیرۆزبایبیتان لێ بکەم.

– أستغفر الله بەڕێزم...إن شاء الله ئەم خواستەتان دەچێتە حوکمی دوعاوەو بەو جۆرە دەبێ کە ئێوە وتتان.

– تایبەتمەندیەکی تر کە سەرنجی ڕاکێشام، چوونیەکیی دەنگتان بوو لەگەڵ دەنگی برایەکەم بەناوی مستەفا.

– نەکا مەبەستتان مستەفا عوسمان ئۆغلو بێت؟!

یەکسەر بەپەرۆشیەکی منالانەوە وتم:

– نەکا ئێوەش ئەو بناسن...!

– بەڵێ زۆرباش دەیناسم.

– ئەو یەکەمین ڕێ نیشاندەرم بووە لەم خزمەتەدا.

– تەماشای ئیشی خوا بکە.... ئێمەش کاتێك لە قوتابخانە پێکەوە قوتابی بووین، کاکە مستەفا دەستی منی گرت بۆ وانەکانی قورئان و ئیمان.

لەوێدا خەریك بووم دەبورامەوە لە پەرۆشیمدا... زامە ساڕێژنەبووەکەی ناخم دووبارە کولایەوە، دووبارە دەروونم پڕ بوو لە هەست لەپەلەیی وەرگرتنی وەڵامدا بووم، بەزوویی وتم:

– ئێستا لەکوێیە؟

– ماوەی ساڵێك دەبێت لەمۆسکۆیە، ئومێد دەبەخشێتە موسوڵمانەکانی ئەوێ و بۆ ناساندنی ئیسلام بە پووسیەکان ڕۆیشتووە. ئاشکرایە بەهۆی شارەزایی باشی لەزمانەکانی ئینگلیزی و پووسی دا، گەورەکان ئەوەیان بەگونجاو زانیوە لەوێ کاری خزمەتی پێ بدەن، هەڵبەت خۆیشی زۆر لەخەمی ڕزگارکردنی گەنجە پووسیەکاندا بوو کە لە بۆشایی و کەم ئیمانیدا دەیان نااڵند.

دەیویست ببێتە تیشکێکی ڕووناکی بژیان هەروەها لەبەر ئەوەی باپیرەکانیشی لەوێوە هاتبوون ئەمیش هەستی بە قەرزاری وەفایەك دەکرد بۆ ئەوان.

کاکە مستەفا ژمارەکەی لای من هەیە ئەگەر بتانەوێت پێتان دەدەم.

وەك ئەوەی دەروونم بخوێنێتەوە....

منیش بەدەنگێکی وەکو پاڕانەوەوە پەرۆشی خۆمم دەرخست:

– زۆر مەمنونتان دەبم.

پارچە کاغەزێکی لەگیرفانی دەرهێنا، ژمارەکەی لەسەر نووسی و دایە دەستم. بەوەرگرتنی ئەو پارچە کاغەزە، بەزۆر خۆم ڕاگیرکردبوو تاکو نەکەومە سەر زەوی.

ئیتر هەموو دنیا هی من بوو، خودایە ئەو خۆشحاڵی و ئارامیەم وەسفی دەکرا!؟ ئیتر خەریك بووم باڵە فڕەم دەکرد بەرەو مستەفا کە لەسەرو هەورەکانەوە بوو، هیچ کەسیش نەیدەتوانی ڕام بگرێت...

خودایە، یارمەتیم بدە دڵم نەوەستێت:

هەر لەدوای جیابوونەوەم لەگەڵ ئەو گەنجە خوێن گەرمە خاوەن ڕێزو بەئەدەبە، بەخێرایی دەستم دایە تەلەفۆنەکەم، نازانم چۆن ژمارەکانم وەرگرت..! بەبێ ئەوەی بزانم لەدوای وەڵامدانەوەی

تەلەفونەکەم من دەبێ چی بڵێم! بەبێ ئارامی چاوەڕێی ئەو دەنگە بووم بیبیستم..

ئەگەر وەڵامی بدایەتەوە لەدوای چەندین ساڵ دەنگیم دەبیست! لەو چەند خولەکەدا چی بەخەیاڵ و مێشکمدا نەهات!! دەبێت هاوسەرگیری کردبێت؟ ئەو پرسیارەم لەئیمامەکە نەکرد چەند جار هاتە سەر زمانم، بەڵام لەبەر ئەوەی هەڵە تێنەگات نەمپرسی...

بەزیاتر لێدانی دەنگی تەلەفونەکەو تێپەڕبوونی کات، پەرۆشی ئەوەندەی تر دایدەگرتم و زیاتر لەناو خۆمدا خۆم دەخواردەوە. خودایە! چۆن بەرگە بگرم یارمەتیم بدە هێزو توانام پێ ببەخشە.. بەحەسرەتێکەوە کە تاشە بەردی ئارامیم پارچە پارچە کرد بوو، چاوەڕێی وەڵامدانەوەبووم، کە بیستم وەڵامم دراوەتەوە بەپەرۆشیەکەوە وەک ئەوەی بەبایەخ ترین شتم دوای لەدەست دان، بەدەست هێنابێتەوە بێ ئەوەی خۆم کۆنترۆڵ بکەم وتم:

– مستەفا..

وەڵامم لەدەنگێکی نامۆو ساردەوە بیست:

– ئێوە کێن؟

– من ئیلکای.

ترسام لەوەی ئەو دەنگە ساردە خەتەکە بپچڕێت بۆیە خێرا وتم:

– چی دەبێت.. دەپارێمەوە یەک خولەک گوێ بگرن زۆر شتی گرنگم هەیە کە بیڵێم تکا دەکەم... ئەگەر ئێستاش ناتوانن لەکاتێکی

گوندجاوی تردا پەیوەندی دەگرم، لەبەر خاتری خوا گوێم بۆ بگرن، چەندین ساڵە چاوەڕێی ئەم دەرفەتەم، ئەگەر کەمترین میهرەبانی دەنوێنن گوێم بۆ بگرن..دووبارە بەساردیەکەوە وتی:

– گوێم گرتووە.

– بوونە تیشکی ڕووناکی بۆ من، ڕێگەتان نیشان دام، تا بەردەرگای ژیانێکی نوێتان بردم، لەسایەی ئەمەشدا " ڕاستییەکانی ئیمان و قورئان" م ناسی. ڕوومکردە پەروەردگارم. هەوڵی ئەوە دەدەم هەموو ژیانم بکەمە وەقفی خزمەتی ئیمان. ئێستاش لەگەڵ دەیان قوتابی لەگەشتێکی چەنەکالێ داین.

کەمێك دەنگی بەرەو نەرم بوون دەچوو:

– پیرۆزباییتان لێ دەکەم... ئەمانەم دەزانی. پەروەردگارم بەردەوامیتان پێ ببەخشێ، سەرکەوتوو بتان هێڵێتەوە.

– لەجیهانی من دا، ڕابەرو نوور پێشەوا تۆ بوویت... من بااڵو گۆشت و ئێسکی تۆم خۆشنەویست من ڕێزو گەورەیی و ڕۆحی تۆم خۆشویست، بەخەیاڵاتێکی گەنجانەی کچانەوە نەماتووم عەشق تاقی بکەمەوە، من لەحەسرەتی قارەمانێکدام کە خوا خۆی پێی ناساندم و کردیە ڕابەرم.

ئەو خۆشەویستییەی بۆ تۆ هەمە هیچ پەیوەندییەکی بەچێژە دنیاییەکانەوە نییە، من شێتی عەشق نیم بەڵکو من لەبەر ڕەزامەندی خوا، بەکەسایەتی و پاکی و ئیمانی تۆ کاریگەر بووم، دەمەوێت لەژێر

سایەی تۆ ئەم دنیایە بەشەرەفەوە بەرەو حزووری خوا جێ بهێڵم. من دەمەوێت بەدرێژایی تەمەنم خزمەتی بەندەیەکی خۆشەویستی خوا بکەم، لەگەڵ ئەوەی هەموو ئەمانە دەزانیت، لەبەر چی بە پێداگریەوە لەمن پادەکەیت؟

خوا ئاگاداره، کە هیچ لەخەونەکانم و خەیاڵەکانم نەڕۆیشتوون، لەدوای هەموو نوێژێکم دەستەکانم بەرزکردۆتەوەو نزام بۆ تۆ کردووەو فرمێسکم ڕشتووە، بەبێ تۆ لەم ژیانەدا زۆر تەنهام، ئەگەر بەدەنگ منەوە نەیەیت، کەسە نیەت خراپەکانی دەوروبەرم دوورنییە لەدۆزەخی گوناهدا منیش بەند بکەن، چی دەبێت ڕەتی مەکەرەوە، ئەمە تەنها داواکاریمە، بەبێ ئەوەی خۆم ڕابگرم دەستم کردە گریان.

بەنەرم و نیانیەکەوە وتی:

– وادەزانی من ئەمانە نازانم ؟! وابیردەکەیتەوە تۆم بیرچۆتەوە؟

منیش هاوارم کرد:

– ئەی کەوایە بۆچی لەمن ڕادەکەیت؟

– من لەتۆ ڕاناکەم... من لەبەندایەتی ئەوانی تر و سەر داخستن بۆیان و گوێ ڕایەڵ بوون بۆ کەسانی یاخی لەخودا ڕادەکەم.

– هەموو شتێك گۆڕاوە..... چی دەبێت دەمەوێت بتبینم، زۆر شتم هەیە تێتبگەیەنم... ئیتر ڕامەکە لەدەستم چی دەبێت؟ دووبارە دڵم پڕ بووەوە لە گریان.

ئەویش وتی:

– ببورە من ئێستا ناتوانم قسەبکەم، پەیوەندیت پێوە دەکەمەوە.

خۆمم لەدەست دابوو:

وەک ئەوەی من نەبوو بێتم، نەمدەزانی ئەوەی لەو چەند خولەکەدا پوویدا چی بوو! ڕەنگە لەبەر ڕێزی ئەم گەنجە پاکانە بووبێت کە خوای مەزن لە ناڕەحەتترین ڕۆژەکانمدا ڕووناکیەکی نیشاندام.

خەریک بووم لەخۆشحاڵیمدا وەکو باڵندە دەفڕیم، دنیام لەباوەش دەگرت کاتێک هاوڕێکانم هاتنەوە لام، من گەیشتبوومەوە بەوکەسەی چەندین ساڵ بوو لەحەسرەتی دووربیدا دەژیام، نەمدەزانی تا تەلەفۆنی دووەم دێت، چۆن دڵم بەرگە بگرێت چرکەکان بوو بوونە ساڵ و خولەکەکانیش سەدەیەک.

کەوتبوینەوە ڕێ و لە نزیک چەنەکاڵێ بووین چاوەکانم هیچیان نەدەبینی و گوێیەکانم هیچیان نەدەبیست، ئاگاداری هیچ شتێکی دەوروبەرم نەبووم، لەژیانمدا هیچ کاتێک ئەوەندە بە بایەخەوە چاوەڕێی بیستنی دەنگی تەلەفۆنەکەم نەبووم.

دەموت ئەگەر ئەمڕۆ ئەم تەلەفۆنە لێی نەدا ئەوا بەدڵنیاییەوە بەرگە ناگرم و خۆم دەگەیەنمە مۆسکۆ...بۆئەوەی ئەو قسە نیوەچڵەم تەواو بکەم...

بەڵام نەهات و نەهات.....

خـەریك بـوو دەمارەکـانی مێشـکم لەچـاوەڕوانیدا دەپچـڕان، لەپەڕۆشیەکی تـەواودا تەلەفۆنەکـەم لەدەسـتم دانـە دەگرت بەتـەنها گوێم نا، بەڵکو بەچاوو هەموو ئەندامەکانی تریشم چاوەڕێی بیستنی دەنگی ئەو تەلەفونەمان دەکرد کە دەنگێکی لێوە نەدەهات...!

بەگەیشـتنمان بـۆ چـەنەکالێ قوتابیـەکان لـە شـوێنی خۆیـان جێگیرکران، منیش لەژووری تایبەتیەکەی خۆم ئامادەکاریم بۆ نوێژی عیشـا دەکـرد، هێـزم دایـە بـەرخۆم و وێسـتم بـەجوانترین شـێواز نوێژەکەم ئەنجام بدەم تاکو ئارام ببمەوە.

ئەو حەسـرەتەی چـەندین سـاڵە دەیچێژم یـەك لەسـەدی ئـەوەش نـەبوو کـە لـەو چـەند کاتـژمێرەدا تیـای ژیـام، لـەو کاتـەی وتم "دۆزیمەوە" ئەو وەکو خەیاڵێك فڕی و ڕۆیشت.

" چوومە سوجدەوەو لەناو کەشی مەعنـەوی نوێژەکەمـدا دەرووم بۆ خوا کـزدەوە، بەهەموو هەستەکانمەوە هانام بردو پاڕامەوە..

دەمزانی خوای گەورە(جل جلاله) چارەی بێ چـارەکانەو شـیفای دەردە دارەکانـە.. بـەر لـەوەی دەسـتم دابگـرم و بەهەسـتە هەڵقوڵاوەکانم و نزا گەرمەکانم و چـاوە تەڕەکانمـەوە دوعاکـانم تـەواو بکەم، زەنگی تەلەفۆنەکەم لێی دا...

لەگەڵ بیستنی دەنگی تەلەفونەکـە ئـامینم بـۆ نزاکـان کـردو بـەو حاڵەمـەوە خـۆم گەیانـدە تەلەفونەکـەم کـەدەنگی مستەفام بیست،

بەشکور کردنێك لەدڵەوە سیەکانم پڕ کرد لەهەوا و هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا بەدەنگێك کە دەروونمی دەلەرزاند وتی:

– ئەو کاتەی پەیوەندیت کرد سەرقاڵی کۆبونەوەیەك بووم لەگەڵ دۆستەکانم لەبەر ئەوە ناچار بووم لەنیوەدا بیپچڕێنم، داوای لێبوردن دەکەم... ئێستاش فەرموون گوێتان لێ دەگرم ئیلکای خوشکم.. کە بە "ئیلکای خوشکم" دەستی پێ کرد، ئامانجێکی ڕوونی هەبوو، بەو مانایەی "من وەکو خوشکی خۆم دەتبینم، لەبەر ئەوە درێژەدان بەم باسە مانایەکی نییە "...

چاوەڕێشی دەکرد کە منیش بڵێم :" مادام بەم جۆرەیە، ئەم بابەتە لێرەدا تەواو دەکەین! "

بەڵام ئەمە گونجاو بوو؟! ئەو خۆشەویستییەی چەندین ساڵە وەکو ئاگر دەمسوتێنێ و خەیاڵ و خەونەکانم دەڕازێنێتەوەو لەیەکەم بینینەوە ژیانمی گۆڕی و منی بۆ خزمەت و دۆزینەوەی پەروەردگار پەلکێش کرد، دەکرێ پێی بڵێم "باشە باوابێت! ئەم بابەتە کۆتایی پێ دێنین؟! " من بەردەوام بووم:

– مستەفا ... ئەمە دووبارە دەکەمەوە تکا دەکەم گوێ بگرن من پێویستم بە دەروونێکی گەرم کراو بە ئارەزووە گەنجانەکان نییە. تەنها ئامانجم مانەوەیە لەتەنیشت تۆو ژیانە لە پێناو ڕەزامەندی خوادا... تۆ دۆزینەوەی ڕێگاو بەدەستهێنانی ڕۆحێکی ساف و پاك بەتەکنیك و فیکرەکانی، ئەوە بزانن کە مرۆڤ ئەو کارەی پێی خۆشە

دەیکات، هەنا بۆ ئەو کەسە دەبات کە خۆشیدەوێت، دەیەوێت لەو جێگەیە بێت کە پێی خۆشە... دەی تاکە حەسرەتی منیش ئەوەیە لەژێر نیکاحی تۆدا بەرەو گۆڕ بچم. بەم ئاسوودەیی و سوپاس گوزاریەوە بەرەو لای پەروەردگار بگەڕێمەوە.

بۆچی ئەمە بۆ من بە زۆر دەبینیت؟ بۆ هەمیشە ڕووت لێم دەردەگێڕیت؟ بۆچی ئەم داواکاریە پاکەم دەگەڕێنیتەوە؟

– ئیلکای خان " من هێشتاش باسی خۆمم نەکردووە، من ئامادەی چوونە ژێر باری قورسی هاوسەرگیری نیم، من دەستم بە بانگەوازەکەمەوە گرتووە، ئیتر هاوسەرگیریم پێ ڕاناگیرێت، ئەمە بەمانای نەویستن و خۆشنەویستنی تۆ نایەت، تکادەکەم تۆش لەمن تێبگە ئیتر...

دەمەوێت تەمەنێك خزمەت بکەم لەپێناو پەروەدگارم کە مرۆڤ بوونی پێ بەخشیوم، زۆر نیعمەتی بەسەرمەوە هەیەو تەندروستی ژیانی کردوەتە نسیبم، نیازی من هەر ئەوەیە کە شەوو ڕۆژم لەم خزمەتەدا تێپەڕێنم، نامەوێت هێزو توانای گەنجیم بە سەرقاڵی و کەوتنە ژێرباری بەرپرسیاریەتیەکانی خێزانەوە بەسەربەرم، چونکە ژیانم بەخشیوەتە ڕۆشن کردنەوەی ژیانی ئەو گەنجانەی لەچاوەڕوانی دەست گیرۆییەك و ڕابەرێکدان ئەگەر ٢٤ کاتژمێر خەریك بم هێشتاش کەمە. دەمەوێت هەموو کاتەکانم بەم عەشقە پڕ بکەمەوە...تۆش داواکاری هاوسەرگیریم لێ دەکەیت؟؟!

ئەگەر منیش بڵێم "بەڵێ" ئایا پێویست نیە بۆ دروست نەبوونی بەربەست لەبەردەم ئەم خزمەتەدا تۆ بڵێیت " نەخێر"..؟!

- کەواتە تۆ بڵێ... ڕێیەك بدۆزینەوە!.. من هەر ئەوەندەم بەسە لەژێر نیکاحی تۆدا مارەکرابم.. ئیتر نابمە باری سەرشانت هەر ئەوەندە بزانم من دیاری کراوی کێم!.. هەرگیز ناڕەحەتت ناکەم، تەنها بە هاوسەر بوونی تۆ گەورەترین شەرەفە بۆم تەنها جارجارە دەنگت ببیستم و دوعاکانتم پێ بگات ئەوەندەم بەسە.

قسەکانی پێ بڕیم:

- هەرگیز شتی وا قبوڵ ناکەم... مارەبڕین واتە بەرپرسیاریەتی. مارەکردن و دروست کردنی ماڵ و ژیان لەگەڵ کەسێك و دواتریش ژیان لەدوو دنیای جیاوازدا، ئەمە پێچەوانەی هاوسەرگیریە هەرگیز ژیانێکی وا دروست ناکەم!

ئاە خوایە گیان! هەموو ڕێگەو هەموو ئەگەرەکان دانە دانە دادەخرێن و مستەفاش بەجۆرێك لەو سوتانەی ناخم تێناگات، بەمانایەکی تر ئەو ئاگادار نییە بەم وەڵامانەی چ سزایەکی پۆحیم دەدات. مستەفا کە ئیتر بەرگەی ئەوەندە پاڕانەوەو گریان و داواکانمی نەگرت، بەکردنەوەی دەروونی پڕ لە میهرو سۆزی خۆی کۆتایی بەم بێنەو بردەیە هێناو وتی:

- کەواتە دەتوانم پەیمانێکت پێ بدەم.

- چییە؟

– ئەگەر ڕۆژێک هاوسەرگیرییم کرد، بزانن کە یەکەمین کەس لەدەرگای بدەم ئێوە دەبن، ئەگەریش هاوسەرگیرییم نەکرد و کۆچم کرد بۆ ئاخیرەت ئەوا لەناو دەرگای گۆڕدا چاوەڕوانت دەبم.

ئیتر ئەمە بۆ من بەس بوو، ئەوەندە بەس بوو، ئەوەندە بەس بوو کە ئیتر وەکو خەیاڵێکی کچانەی گەنجانە لەسایەی ئەودا ژیانێکی ئەفسوناویم لەخەیاڵ دروست دەکرد، ئەگەر لەم دنیاش بەنسیب نەبوایە، لەئاخیرەتدا، کە زانیم ئیتر دەیەوێت کۆتایی بە قسەکانی بهێنێت، دوا ئومێد کە بەئەقڵمدا هات دووبارە هێزی قسەی پێدام:

– یەک خولەک ... کەواتە بۆ بەردەوامی ئەو ئومێدەم بۆ هەموو تەمەنم، با قسەکە ببڕێنینەوە، هەر ئەوەندەی بزانرێت ئێمە بۆ یەک دانراوین بۆ من جێگەی هاوسەرگیری دەگرێتەوەو لە دوای ئەوەوە بۆ هەمیشە چاوەڕوانی تۆ دەبم.. ئەمەم ئەوەندە بەپێداگریەوە داواکرد، کاتێک وشەکانم ڕێکخست هەنسکەکانم تێکەڵیان دەبوون...

ئەویش وتی:

– باشە مادام گەورەترین ویستی تۆ لەم دنیا ئەمە بێت، بۆ ئەوەی ژیانت نەکەمە زیندان، با بەو جۆرەبێت کە تۆ دەڵێیت..

ئەمجارە ئیتر بەبێ ئەوەی خۆم کۆنترۆڵ بکەم:

– کەوایە من دێمە مۆسکۆ... ئەم ئیشە بەزوویی تەواو دەکەین ئەگەر نا من لەپەرۆشیدا دەمرم.

زۆر شڵەژا بووم، بەسەرسوڕمانەوە وتی:

– هەر وابەزووییی..؟

– بەڵێ... تەنانەت ئەگەر بکرێت هەر ئێستا..

– کەوا بێت، سەرەتا ڕەزامەندی خێزانەکەت وەربگرە ئەگەر نا من بەرگەی سەرزەنشتەکانی باوکت ناگرم.

– زۆر باشە هەر ئێستا...

فڕیم...فڕیم... لەناکاودا هەستم کرد گەردوونم لەباوەش گرتووە لەخۆشیەك دام کە دەگاتە سەروو هەورەکان بەئاسوودەییەکی زۆرەوە ئەو دنیا پڕ ناڕەحەتیەم جێ هێشت بوو، دەستم کرد بوو بەتەماشاکردنی هەسارەکان و ئەستێرەو کاکێشانەکان... خودایە ئەوە یەکەمین جار بوو لەو حاڵەدا بژیم...؟

هەستەکانم گۆڕا بوون بە گەردەلولێك کە دانەدەمرکایەوە. تا بگریامایە ئاسوودەترو تا فرمێسکم بڕشتایە زیاتر ئارام دەبوومەوەو تەنها داواکاریم لەخوا ئەوە بوو:

ببمە بەندەیەکی شیاوی خۆیی و هاوسەرێکی گونجاو بۆ مستەفا.

داوەکانی مەرگ:

ئەو بەیانییەی کە خۆم بۆ فڕین بەرەو مۆسکۆ ئامادە دەکرد، ڕاوێژکارەکانم لەکۆمپانیاوە پەیوەندیان کرد، ئەو هەواڵانەی پێیان دام، دەستپێکی شەڕی مردن و ژیانیان نیشان دەدا، بەدواخستنی

ئیشەکەی مۆسکۆم بۆ چەند ڕۆژێکی تر بەخێرایی گەڕامەوە بۆ کۆمپانیا.

بەگەڕانەوەم بۆنی خوێن و مەرگم دەکرد بێ شەرمی ئەو باندو گرووپە بەدکارانە نە مرۆڤایەتی نەیاساو نەئینساف نەیدەگرتەوە، وەکو ئەمانە زاڵم و خیانەتکار بەرامبەر وڵات و نیشتیمانی خۆیان لە هیچ جێیەکی دنیا بوونی نییە. ئەنجامدانی هەموو ئەو کارە قێزەونانەشیان بەناوی نیشتمان و میللەتەوە، مرۆڤ شێت دەکات. ئەو کەسە ساویلکانەی بڕوایان پێ دەکردن یاخود ئەو کەسە خراپە خوازانەی پشتیوانیان دەکردن بریتێکی پیسی سەر ئەم کۆمەڵگایە بوون، ئەو پەیامەی پێیان دام بەم جۆرە بوو:

– یان لەگەڵ ئێمە کاردەکەیت و جێگەی بۆشی باوکت پڕ دەکەیتەوە یان لەگەڵ کۆمپانیاکەت کۆتاییت پێ دێت و دەڕوێت کاتی زۆرت نەماوە، ئەمە دوایین ئاگادار کردنەوەیە:

کەسانێك کە بەسەر خوێنی خەڵکەوە سەڵتەنەت و بوونی خۆیان بەردەوامی پێ دەدەن، دڵنیام پەیوەندیەکیان بە مرۆڤ دۆستی و مرۆڤایەتییەوە نییە... درکم بەوە دەکرد.

ئیتر هەڵبژاردنەکە بەرووتی لەپێشم بوو. یان بە گوێڕایەڵ بوون بۆ ئەوان سەرم بۆ هەزاران گوناهی تر دەکێشا، یان بۆ پارێزگاری کردن لەیەك ڕیزی و پاك مانەوەی خەڵك و هاوڵاتیانی نیشتمانەکەم مردنم لەبەرچاو دەگرت.

ئەو شەوە بۆ ئەو باسە لەگەڵ گەورەیەکی بەڕێزی کۆمپانیاکەم ڕاوێژم کرد، بەپێشنیارەکانی ئەو نەخشەڕێگەیەکم دیاری کرد، ئەوەش بەمانایەك دەهات کە دەبێت وەکو مرۆڤێکی کفن ئامادەکراو بژیم، ئەوەشم لەبەر چاو دەگرت بۆ وەستانی هەڵەکانی باوکم کە چەندین ساڵ بوو دابینکەری خەرجی ماددی ئەو قاچاخچی چەك و بازرگانی ماددەی هۆش بەرو ئەو کەسانە بوو کە سااڵنێکە بۆ بەدەست هێنانی دەسەاڵت برا لەبرا جیادەکەنەوەو پێ لە ماف و حەقی خەڵك دەنێن و لەژێر چەتری دەوڵەتدا دەست بۆ هەموو کارێکی نایاسایی دەبەن، پلانێکم ئامادە کرد بوو..هەواڵم بۆ ناردن کەبێن و یەکتر ببینین زۆری پێ نەچوو پیاوەکانیان داباربن

" ئامادەکارییم بۆ قبوڵ کردنی هەموو داواکاریەکانیان نیشان داو، پێم گوتن کە لەمەودواش کاریان لەگەڵ دەکەم. ئەوانیش ئەم قایل بونەمیان قبوڵ کرد.

زۆر باش ئاگاداری پلانەکەی ناو خەیاڵیان بووم هەم خەرجی لەمن داوا دەکەن، هەمیش لەبەرێوەبردنی کۆمپانیاکەدا کەسانی خۆیان دەهێنن و بەزۆر کردن لەمن لێرە دایان دەنێن بەم جۆرە کۆمپانیاکەم لەدەست دەردێنن و یاریەکە کۆتایی دێت، ئەو کۆمپانیایەی بە ڕووکەش من خاوەندارێ دەکەم، لەڕاستیدا دەگۆڕا بەمۆڵگەو ئامێری پارە دروست کردن بۆ ئەو مرۆڤە پیس و چاو برسیانە.

دانه دانه ئەو مرۆڤە دەروون تاریکانەی چەند سالێك بوو لەم کۆمپانیایەوە پارەیان پێ دەگەیشت جێگیرم کردن پەیوەندیم لەگەڵ زۆرینەی گەورە باوەڕپێکراوەکانی ئەو ئاژاوەگێڕانەی وڵات و ئەو خوێن ڕێژ و پیاوکوژانەدا بەست.

ئیتر کاتی بزوتنم هاتبوو. بەر لەوەی ئەو ئاژانسانەی کە دانرا بوون وەکو سێبەر چاودێریم بکەن، بەئاگا بێن من دەبوو کارەکەم تەواو بکەم.

سەرەتا ناو و پەیوەندی و هەموو زانیارییەکی ئەو کەسانەی لەبەر دەستم بوون دامە پارێزەرەکەم تەنها بەوەوە نەوەستام، بەڵکو نموونەیەکم لەم بەڵگە نامەو زانیارییانە نارده سەرۆکایەتی وەزیران، سەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی و هەموو سەرۆکایەتیەکانی تر.

دواتریش بەو نرخەی کە لەو کاتەدا بەردەست بوو کۆمپانیاکەم فرۆشت و دایکیشم نارده جێیەکی باوەڕ پێکراو لە ئیتالیا.. خۆشم کەوتمەڕێ بەرەو ئەو شوێنەی چەند ڕۆژێك بوو بەتاسەوە چاوەڕێی بووم، بەرەو مۆسکۆ.

بەشی پێنجەم

خودایە ژیانێکی لەم جۆرە!
رۆح بەرگەی ئەمە دەگرێت!

رۆحی گرفتار:

ئیتر من و دایکیشم ژیانمان لەمەترسیدا بوو، بچوومایەتە ناو کونی دەرزیەوە منیان دەدۆزیەوە، هیچ گومانم نەبوو کە تۆڵەدەکەنەوە، بەڵام بەپشت بەستن بەپەروەردگارم بەرامبەر ئەو مرۆڤە بچوکانەی دەیانەوێت ئەم نیشتمانە بکەنە دۆزەخ لەخەڵکی هەژار، بەرەو پێشەوە هەنگاوم دەنا. وەکو کەسێکی کفن ئامادەکراو لەهەر ساتێکدا ئامادەی مردن بووم. دڵنیا بووم ئەگەر ویستی خوای لەسەر نەبێت هیچ کەس ناتوانێت بچوکترین زیانم پێ بگەیەنێت، ئەگەر ئەو

ڕێگە بە مردنم بدات هەموو دنیاش بمپارێزێت کارێکیان لەدەست نایەت. وتەکەی دایکی فریشتە" خوا هەیە، خەم نییە" بووبووە گەورەترین پشتیوان و باوەڕی پتەو بۆم.

لەگەڵ بەیەکداچوونی ترس و ئومێد، خەم و خەیاڵ، ئاسوودەیی و بێ ئارامیەکانم، بەحاڵێکی پەرێشانەوە سواری فڕۆکەکە بووم، لەتەنیشت خانمێکی داپڕشراوەوە دانیشتم.

ئەو خانمە تابلێی موحتەشەم و ڕوو بەخەندە بوو، بەدرێژایی گەشتەکەمان گفتوگۆیەکی شیرین و خۆشی سازاند. ئەو خانمە لەبەر ئەوەی ئینگلیزی و ڕووسی زۆر باش دەزانی بۆ کارکردن دەچوو بۆ یەکێك لە قونابخانە تورکیەکان لە ڕووسیا. دوای سێ مانگ لە هاوسەرگیری هاوسەرەکەی لەدەست دابوو سەرەڕای ئەو بارە قورسەی تیایدا ژیا بوو بۆ خزمەتی ئەو باوەڕە پتەوەی، کەوتبوەڕێ تاکو ڕۆحێکی نوێ بکاتەوە بەبەری قونابیە ڕووسەکاندا.

لێم پرسی: ئەوە زۆر سەخت نەبوو بۆت؟

– هاوسەرەکەم کاتێك دەڕۆیشت بۆ یەکێك لەو قونابخانانەی لە ئەفریقا دەکرایەوە، بەڕەحمەت چوو. لەو ڕۆژانەدا لە خەونمدا هاوسەرەکەمم بینی، بەچاوە پڕ حەسرەتیەکانیەوە ئەمەی پێوتم: " من تۆم زۆر خۆشویست، بڕۆ بۆ غەریبی، بۆ ئەوەی لە ئاخیرەتدا ئەم غەریبیە نەچێژین، تەمەنت لە خزمەت باوەڕدا بەسەر بەرە با غەریبیمان لە ئاخیرەت کۆتایی بێت"

که ئەم پەیامەم پێگەیشت لەو برایانە پارامەوە کە منیش بنێرنە جێگەیەك بۆ خزمەت کردن. من ژیانی خۆم بەم پەروەردەیە ببەخشم سا بەڵکو بەدوعای ئەو منداڵانە پەروەردگاریشم دەرگای بەهەشت بۆ ئێمە بکاتەوە. لەبەرامبەر بیرکردنەوەی ئەو خانمە گەنجەدا کە نووری عیففەت و پاکی و دروستی و وەفا لە ڕووخساریدا دەدرەوشایەوە، من بچوك دەبومەوەو خەریك بوو بەناخی زەویدا ڕۆدەچووم، مانای وایە ئەم جۆرە کەسانە، لەبەر ڕەزامەندی خواو خۆشەویستی قورئان و پەیامەکانی پێغەمبەرمان ﷺ ئەوەندە فیداکاری دەکەن کە تەنانەت تەمەنی گەنجی و خۆشەویستی و عەشق و توانا ماددیەکانیشیان لەوپێناوەدا دەکەن قوربانی، ئەم مرۆڤە ئیمان و خاوەن باوەڕو بەوەفایانە لەپێناو نەبینینەوەی درامایەکی تر لە شێوەی ئەفغانستان و عێراق و فەلەستین بەتەنها لە ئەنادۆڵ نا، بەڵکو لەهەر جێگەیەکی دنیا کەدەستیان پێی بگات قوتابخانە دەکەنەوەو چالاکی ئەنجام دەدەن لە پێناو پێگەیاندنی نەوەیەکی ئیماندارو ڕەوشت پارێزراو... بۆ ئەمەش هەزاران گیان و ژیانی خۆیان دەخەنەلاوە.

یارمەتیدانی ئەم کاروانەو گرتنی جێیەك لەناویاندا، لانی کەم خۆش ویستنی ئەم دۆستانەو کارەکانیان شوکرو سوپاسگوزاری پەروەردگاری پێویستە کە بە ئێمەشی بەخشیووە.

لێم پرسی:

- خێزانەکەتان چی دەکات؟

– خێزانەکەم مەسیحین. هاوسەری پەحمەتیم بووە هۆی ئەم ناسینەم بۆ ئیسلام و گرتنەبەری ئەم خزمەتەشم.

ئەم چیرۆکە زۆر پڕ پەند بوو. منیش بۆ ئەوەی وانەی باشی لێ وەربگرم پرسیاری زیاترم لێ دەکرد:

–ئەمە چۆن بوو ؟ خێزانەکەت بەئاسانی ڕێگەیان دایت؟

– بۆ ڕازی کردنی خێزانەکەم هەموو ڕێگەو شێوازێکم بەکارهێنا، بەڵام قایل نەبوون، منیش هاوسەرەکەم هەڵبژاردو جێم هێشتن.

– یەعنی ئەوە خۆشەویستیەك بوو کە دایك و باوکت بەجێ هێشت لە پێناویدا؟

– لەبەر بەجێ هێشتنی دایك و باوکم نەبوو، بەڵکو لەبەر جیانەبوونەوەم بوو لە جوانیەکانی ئیسلام کە مااڵم بەجێ هێشت.

ئەو خاتوونە گەنجە کە ناوی بە کوبرا گۆڕی بوو، لەناکاو فرمێسك لەچاوەکانی هاتنە خوار، بەدڵێکی کراوەوە لەباسەکەی بەردەوام بوو:

– هاوسەرەکەم هەمیشە زیرەکترین قوتابی بووە، بەپلەی یەکەم بەشی یاسای تەواو کرد بوو، هیچ کات تەماشای کچانی نەدەکرد، ئەدەبەکەی بێ ئەندازە بوو. لەکاتی قسەکردنیشدا ڕووی وەردەگێڕا یاخود سەری دادەنەواند کاتێ لەهۆکاری ئەم ڕەوشتەیم کۆڵیەوە تێگەیشتم کە ئەهلی ئیمان و ئیسلامە و گەنجێکی دینداره، لەبەر ئەوەی سەرسامی کەسایەتی خۆی بووم هەر بەو جۆرەش کەوتمە ژێر

کاریگەری باوەڕەکەیەوە، پەروەردگارم لوتفی کردوو هاوسەرەکەم بووە وەسیلەی ئیمان هێنان و ئاشنا بوونم بە هەموو جوانیەکانی ئیسلام، لەناخەوە شوکرانەبژێرەکی قوواڵم کرد .

منیش وتم:

– ئەمە بەتەواوی چیرۆکی ئێمەیە، مانای وایە کەسەکانی ناو ئەم خزمەت و ئەم بانگەوازە سەرەتا بەتاقیکردنەوەی عیففەت و شەرمدا بە سەرکەوتوویی تێپەڕ دەبن و، دواتر بەرز دەبنەوە بۆ پلەی خۆشەویستەکانی پەروەردگار. بەدرێژایی ڕێگەکەمان بەرەو مۆسکۆ بەسەرهاتی ژیان و هاوسەرو عەشق و بانگەوازی کوبرا خان زۆر کاری تێکردم.

سوپرایزێکی گەورە...

کاتێك لەفڕۆکەخانەکە دابەزین، بەمالّئاواییەکی گەرم لەو خانمە هاوڕێیەم جیابوینەوە. سواری تەکسیەك بووم و بەرەو ئەو ناونیشانەی پێم درا بوو بەڕێ کەوتم.

بۆ ئەوەی مستەفا پێی نەزانێت پێشتر لەڕۆژی چوونەکەم ئاگادارم نەکرد، لەبەر ئەوە وەکو داری بی دەلەرزیم و لەمێشکمدا پلانم بۆ یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەم دادەنا کە چی بکەم!

لەو ناونیشانەی پێم درابوو هاوڵێك پێشوازی لێ کردم، ڕوخسارێکی کزو چاوەکانی شێدارو لە ڕوانینەکانیدا خەمێك

دەخوێنرایەوە، کە ئەو حاڵەیم بینی یەکسەر دڵم داخورپا، بۆ ئەوەی ڕوون کردنەوەیەك بدات، چاوەکانم لەچاوی بڕی ئەویش کە لە پەرێشانیم تێگەیشت وتی:

– ئێوە دەبێت ئیلکای خان بن!

بەترس و دوودڵیەکەوە وتم: بەڵێ.

– بۆنەیەکی نیشانەکردنمان بۆ ئێوە ئامادە کردبوو، بڕیاربوو کە ئێوە هاتن بەم بۆنەیە پێشوازیتان لێ بکرێ، واتە کاك مستەفا کە ئێوەی زۆر خۆشدەویست، سوپرایزێکی جوانی ئامادە کردبوو.

– ئێ ئێ ...ئەی چی بوو؟

سەری بۆ زەوی داخست و وتی:

– براکەمان، باوکمان، پارێزەرەکەمان، ڕابەرەکەمان لێ بزر بوو.

ئەم شۆکە دای لەمێشکم و حەپەسام ئەوەندەم توانی بڵێم:

– ئەمە واتە؟!

– مەترسن خراپ نییە، تەنها..

یەکسەر بێدەنگ بوو.. بەقوڵی لەچاوەکانیم ڕوانی، بەپارانەوەوە وتم:

– چی بووە بۆ خاتری خوا؟

– ئێمەش تێنەگەیشتین... چەندین ڕۆژ بوو لەچاوەڕوانی تۆدا ئامادەکاری دەکرد، دوێنێ ئێوارە لەبڕیارێکی کتوپڕدا بەرەو " مەدینە" فڕی، هۆکارەکەشی بۆمان ڕوون نەکردەوە، بەڵام ئەو

حاڵەی وەك بڵێی بۆنی مەرگی لێ دەهات. وادیار بوو ئەو چوونەی گەڕانەوەی بەدوادا نایەت! وەك ئەوەی نیشانەیەکی غەیبی پێگەیشتبێت، زۆر بەپەلە بوو.

ئەو هەواڵە کتوپڕەی وەکو ژەهرێکی سڕکەر دای لەدەروونم، هێزی پێ نەهێشتم، ڕووخاندمی وەکو بەفر توامەوە. هیچم نەدەبینی و نەدەبیست و هەست پێ نەدەکرد، تا دەهات ئەو هەستە بەسوێیە لەزەینمدا زیاتر پەنگی دەخواردەوەو هەناسەکانمی دەبڕی لەناکاو هەستم دەکرد هەموو شتێکی دەوروبەرم دەخولێتەوە، بەشێوەیەك شتەکان لەبەر چاوم دەخولانەوە. ئەو تاریکیەی چاومی داپۆشی بوو وای کرد کۆنترۆڵم لەدەست داو کەوتم، دوای ئەوەشم بەبیرنایەت. هەر کە هاتمەوە هۆش خۆم یەکسەر هەستامە سەرپێ. ئیتر یەك چرکەشم کات نەبوو بەفیڕۆی بدەم، ئەگەر لەدوا هەناسەشیدا بێت، دەبێت بگەمە لای و بەچاوی سەر ببینم. بەو حەسرەتەوە کە دەروونمی ئاگر تێبەردا بوو، بەو ئازارەوە کەوتمەڕێ لەکوێوەو چۆن بوو نازانم! بەبێ بیرکردنەوە دوای چەند ڕۆژ خۆمم لە "مەدینە" بینیەوە.

هەر ئەوەندەی هەنگاوم نایە هەرێمی ئەو خۆشەویستی خۆشەویستانەﷺ و هەواکەیم هەڵمژی، بەبێ وەستان خۆم گەیاندە حزووری و کەوتمە سەر زەوی .

– ئازیزمﷺ من گوناهبارێکی ئوممەتەکەتم کە تۆی زۆر خۆشدەوێت، بەدوای بەندەیەکی خواو عاشقێکی تۆ بەناوی مستەفا دەگەڕێم،

تکادەکەم شەفاعەتمان بۆ بکە، بیرم نایەت هیچ کات لە ژیانمدا بەو پادەیە پاڕابێتمەوە و فرمێسکم ڕشت بێت، چەندە خۆش بوو مانەوە لە خزووری ئەو خۆشەویستەدا چەندەش بەئازار بوو بێ مستەفایی....!

لەگریان و پاڕانەوەکانمدا تەواو پەرێشان بوو بووم، نازانم چەندە کات تێپەڕی کە لە حزووری خۆشەویستی دڵانﷺ مامەوە، ئافرەتێکی پیر دەستی گرتم و یارمەتی دام هاتمەوە سەرخۆو هەستامە سەر پێ.

بەمێشکێکەوە کە وەک مەیدانی جەنگی لێهاتبوو، بەهەر جۆرێک بوو خۆم گەیاندە ئوتێلەکەم، نەمدەزانی لەکوێوە دەست پێ بکەم و چی بکەم و بچمە لای کێ بۆ پرسیار کردن ! تەنها شت کە دەمزانی کەمی کات و بەدڵنیاییەوە دۆزینەوەی مستەفا بوو.

ئەی ئەگەر مردبێت؟!

ئەو شەوە تاکو نوێژی بەیانی لە دەرگای پەروەردگارم لە سوجدەدا پاڕامەوە:

– پەروەردگارم با لای مستەفا ئاشکرا بێت، گەڕانم لە دووی ئەو سوتانم بۆی، هاتنیشم بۆ ئێرە لەپێناو دۆزینەوەی ... ئەوم پێ بگەیەنەرەوە پەروەردگارم تاوەکو ئەم ئازارە بەسۆیەشم تەواو ببێت. خودایە چی دەبێت، بەر لەمردن بەیەکمان بگەیەنە، لەلایەک بەئازاری

ئەوەوە لەلایەکی تریش لەنێو ترسی ئەو نیەت خراپانەی دەوروبەرمدا مەمهێڵەرەوە.

خوایە گیان، با هەموو ژیانم بەشانازی "من نیشانکراوی مستەفا"وە بژیم .. خوایە گیان مەولام، ئەم داواکاریەی ئەم بەندە گوناهبارەت بەزۆر مەزانە. لەگەڵ بانگی بەیانی ئەو جێگە پیرۆزەو دوای ئەنجامدانی نوێژی بەیانیم لەسەر بەرماڵەکەم هەستام، بەئومێدێکی زۆرەوە بەرەو مزگەوتی پێغەمبەرﷺ بەڕێ کەوتمەوە.

لەنێوان کوڕەکاندا کەمێك چاوم گێڕا، بەڵام نیشانەیەك لەمستەفا نەبوو..! بەدڵمدا هات:

" خوانەکات، خوانەکات... دەبێ چی بەسەرهاتبێت!"... بیرکردنەوەش لێی ئازاری دەدام، تاسەحەری بەرەبەیان سەرم نایەوە سەر زەوی،دڵم بەخشیە پەروەردگارم و پاپاڵمەوە، تا ئەو کاتەش هەواڵێکم لێی نەبوو، بڕیارم دابوو بەمردن و ژیان بەرلە دۆزینەوەی لێرە ناڕۆم، مزگەوتم بەجێ هێشتوو ڕۆشتمە سەر مەزاری پیرۆزی ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی تەمەنیان لەخزمەتی ئەم بانگەوازەو لەتەنیشتی پێغەمبەری خواﷺ بەسەر بردە، لای ئەوانیش زۆر پاپاڵمەوە... بەئەندازەیەك فرمێسك لەچاوەکانم دەهات، ئەوەندە نزاکانم بەکۆڵ بوون کە تەنانەت ئەو کەسانەی دەوروبەریشم ئاوڕیان بەلامدا دەدایەوە بەچاوێکی بەزەییەوە تەماشایان دەکرد، نازانم چەندە بەئازاری دووری مستەفاوە گریام، نازانم چەندە پاپاڵمەوە لە لای ئەو

هاوەڵە مژدە پێدراوانەی بەهەشت کە خوا لێم خۆش بێت و باقی تەمەنم بۆ خزمەت کردن تەرخان بکەم، ئەوەشم بەبیر نایەت، لەوکاتەی خۆم کۆکردەوەو نیەتی ڕۆشتنم هەبوو لای ئەو هاوەڵانە، لەناکاو لەدنیای مردوومدا ئەو دەنگە گیان بەخشە بیسترا:

– ئیلکای خان ....

بەهاوارێکەوە کە لە تەواوی دەروونمەوە هاتە دەر:

– مستەفا... تۆ لەکوێیت!

بەبالأیەکی چنراو بەپەرستش و سیمایەکی نورینی لێو بەخەندەوە کە بەقوولی کاری لە مرۆڤ دەکرد، لەبەرامبەرمدا ڕاوەستا بوو تەماشای دەکردم، پەروەردگارم! ئێستا کاتی سوجدە بردنە... یەکسەر چوومە سوجدەو نازانم کە چەندە مامەوە بۆ سوپاسگوزاری... وەك ئەوەی پڕ بایەخترین مژدەی گەردوونم پێ درابێت، مستەفا دووبارە بەناو خوێن و دەمارەکانمدا گوزەری کردو هەموو شتێك لەلام تازە بوەوە، وەکو مرۆڤێك کە ئەقڵی لەدەست دابێت، خۆم دا بەسەر پێکانیدا ئەویش بەڕەوشت بەرزیەوە گەڕایە دواوەو وتی:

– بڕوە ئیلکای خان....نابێت تۆ دەزانیت ئێمە هێشتا ماڕە نەکراوین...

من هۆشم لەدەست دابوو...هیچم نەدەبیست...! جگە لەو ئەوینەی لە ناخمدا جێگیر بوو بوو، هەستم بەهیچی تر نەدەکرد،

چەندین کاتژمێر هەوڵی هێورکردنەوەو هاتنەوە سەر خۆی منی دەدا،... بەترسێکەوە لێم پرسی:

- بۆچی لەناکاو هاتویت بۆ ئێرە؟

بەبیرکردنەوەیەکی قوواڵەوە چاوەکانی بڕیە مزگەوتەکەی پێغەمبەرﷺ وتی:

- ویستم خۆشەویستمانﷺ شاهیدی نیکاحەکەمان بێت، ئەگەر لەم دنیاش ئەم هاوسەرگیریە بەنسیب نەبێت، لەئاخیرەتدا دیسان سەرداری هەردوو دنیاﷺ شاهیدمان بێت، بۆ ئەوەی زیاتر من لەو پەرۆشیەدا نەهێڵێتەوە پرسی:

- تۆ چیرۆکی " حیفا خاتوون و صوهەیب" ت خوێندۆتەوە ! ؟

- بەڵێ، هەموو وشەکانیشم لەدڵمدا هەڵگرتووە.

- من ڕازیم ببمە صوهەیب.تۆش دەبێتە حیفام؟!

لەخۆشحاڵیمدا فڕیم.. بۆ بیستنی ئەم مژدەیە بەتەنها گیانێك نا، ئامادەبووم هەزار گیان ببەخشم.

- ئەوەندە بەسە من دڵنیابم کە هی تۆم...هەموو فیداکاریەك لەپێناو ئەم بەندە خۆشەویستەی خوادا دەکەم.

ئەوشەوە بە شاهیدیی مەعنەوی سەروەرمانﷺ نیکاحەکەمان بەئەنجام گەیاند، بۆ ئەو جێگە بچوکەی بۆمان ئامادە کرابوو ڕۆیشتین.

لەجۆش و خرۆشی خۆم، دەست و پێم دەلەرزی، نەمدەزانی دەبێت چی بڵێم و چی بکەم..!

هەر بۆیە لە مستەفا پاڕامەوە:

– ئەمڕۆ بۆ من ڕۆژێکە لەو دیووی خەیاڵەکانەوە. تکا دەکەم مستەفا لەبەر هەر کەموکوڕیەکم ببووڕە، بەو میهرو سۆزەیەوە کە بەهەشتێکی لە ئاسوودەیی لەناو دەروونی مرۆڤدا دەخوڵقاند قسەکەی پێ بڕیم:

– من بۆ گەڕان بەشوێن کەموکوڕیەکانی تۆدا هاوسەرگیریم نەکردووەو من بە فەرمانێکی مەعنەوی سەروەرمان ﷺ هاتمە ئێرەو بەفەرمانێکی مەعنەوی ئەویش نیکاحەکەمانم ئەنجامدا. تۆ ئێستر ئەمانەتێکی مەعنەوی ئەویت لەلای من... من چۆن بۆ کەموکوڕیەکانی تۆ دەگەڕێم؟!

پەروەردگارم ! ئاهـ خودایە ! ئێستر گیانم لێ بسەنەرەوە تاکو لەمەودوا گوناهو کەموکورتی ئەنجام نەدەم.. سەرم خستە سەر قۆڵەکانی و ئێستر ئەو کاتە کاتی گریان بوو، بەمە دەڵێن گریانی خۆشحاڵی، چەندین کاتژمێر لەخوا پاڕامەوە:

– خودایە شیاوم کە...شیاوی ئەم هاوسەرگیریە بم....خودایە ...پەروەردگارم دەپاڕێمەوە هەردووکمان بەبەندەی شایستەی خۆت قبوڵ کە....!

لەیەکەمین شەوماندا، پەیمانم دا ببمە حیفا خاتوون

یەکەمین شەو کە ئەقڵی ون کرد لە مێشکمدا، خۆشحاڵیی گۆڕی بەسەرسوڕمان و خۆمی لەبیر بردمەوە...

مستەفا وتی:

– خوای مەزن کە ئەمڕۆی کردە نسیبمان، ئێمەش دەبێت وەکو حیفا خاتوون و صوهەیب بکەین، دەزانیت کە صوهەیب سەرەڕای هەژاری و بێ کەسییەکەی لەگەڵ حیفا خاتوونی ناسراو بەجوانی و دەوڵەمەندی دا هاوسەرگیری کرد، قسەکانی یەکەمین شەوی صوهەیب لەبیرناکەم.

لەناکاو مستەفا چاوەکانی پڕ بوون و لێوەکانی دەلەرزین.

صوهەیب وتبوی:

– ئەی حیفا...دەزانیت لەبەرامبەر ئەم نیعمەتانەدا، من دەبێت سوپاسگوزار بم و تۆش ئارامگر بیت، دەتەوێت ئەمشەو بەپەرستش بەسەر بەرین.. وەك پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی: " لەبەهەشتدا کۆشك و ساباتێك هەیە، لەوێ بەتەنها سوپاسگوزارو ئارامگرەکان دادەنیشن"، مستەفا لەناو هەنسکی گریاندا ئەمانەی دووبارە دەکردەوە.

– هەرواشیان کردبوو... بەتەڕ کردنی بەرماڵەکەیان بە فرمێسکەکانی چاویان، دڵەکانیشیان بەزیکر ڕۆشن کردبوەوە، جوبرەئیل (علیه

السلام) ئەوەی کە پووپدا بوو، بۆ حەزرەتیﷺ گێڕابوەوە، هەروەها مژدەی بەهەشتی لە خوای مەزنەوە بۆیان هێنا بوو.

صوهەیب کە ئەمەی بیست بوو، یەکسەر چوو بووە سوجدەوەو پاڕابووەوە لەخوا:

– پەروەردگارم ...تۆ کە لە من خۆش بویت، کەوایە بەر لەوەی تێکەڵی گوناه ببمەوە گیانم لێ بسێنەوە. ئیمانی ناو ڕۆحی ئەوەندە جۆشی خوار دبوو، کە مەولای گەورە ئەم داوایەی قبوڵ فەرموو بوو، هەر لەناو سوجدەدا گیانی کێشا بوو.

حەزرەتﷺ مەوالێ پڕ پەندی ئەم چیرۆکەی کە چۆتە ناو مێژووەوە، لەدوای ئەوە ئاشکرا کردبوو، لەوکاتەدا حیفا خاتوونیش ڕۆحی بەحەق سپارد بوو، مستەفاش کە فرمێسک وەکو باران لە چاوەکانی دەباری، زیاتر بەرگەی نەگرت چووە سوجدەوە، ئەوەندەی توانی پاڕایەوە:

– ئەی پەروەردگارم !منیش بکە بەصوهەیب.

چاوە سوورببوەوەکانی بەگریان، بەرەو لای من وەرگێڕا:

بێگومان تۆ نابێتە حیفا و منیش نابمە صوهەیب، بەڵام هیچ نەبێت دەبێت لەسەر ڕێگەی ئەوان ئاواتی ئەو ڕۆیشتنە شەرەفمەندانەیە بخوازین.

دوایین هەناسە لەسوجدەدا :

ئێمەش هەر وامانکرد.. هەردووکمان تا بەیانی نوێژی شکورو سوپاسگوزاریمان خوێند. تەسبیحاتمان کرد. دواتریش ڕۆیشتینە مزگەوتی پێغەمبەر و لەناو ئەو هەوا مەعنەویەی ئەوێدا لەنوێژی بەیانیدا ڕۆچووین.

لەدوای نوێژەکەمان، پەلەی ئەوەم بوو بگەڕێینەوە شوێنەکەی خۆمان و قسەی چەند سالێ کە هەمبوو بۆ مستەفای بکەم، بەڵام ئەو بەجۆرێك هەر نەدەهات لەگەڵم.

نزیك بوونەوە لە نیوەڕۆ، مستەفا کە لەباسی عەشق و خۆشەویستی دنیادا صوفەیبی بە نموونە وەرگرتبوو زانیم کە لە حزووری پێغەمبەردا ﷺ بەڕشتنی فرمێسکی سوپاسگوزاریەوە ڕۆحی سپاردووە.

ئەم کارەساتە گەردوونی بەسەرمدا ڕووخاند، گیان و ڕۆحمی لەیەك جیاکردەوە وەکو خەنجەرێك لەدڵم درا، پەلە قاژەو تەقەلای ئاژەڵێك لەکاتی سەربڕیندا، ئازاری جیابوونەوەی ڕۆحی چۆنە، جیابوونەوەی منیش لەو ئەوینە هەمیشەییەم بەو جۆرە بوو.

بۆ ئەوەی منیش مەحروم نەبم لەو کەشە مەعنەویەی کە مستەفا تیایدا توایەوەو دوایین هەناسەی بەخشی، لە حەزرەتمان ﷺ دەپارامەوە ببێتە شەفاعەتکارم، دەستم لە دەرگانەی پەروەردگارم

بەرزکردەوە، چەندین کاتژمێر سەرم لە سوجدە هەڵنەگرت. لەخوا پارامەوە ئەوەش بکاتە نسیبی من... لە کۆتاییدا لە هۆش چووم و بورامەوە....ئاە خۆزگە هەڵنەسامایەتەوە... ئەو ئیمانە لەکوێیە لەمندا! کۆتا هەناسە لەسوجدەدا هەروا ئاسانە؟!

شەرەفی گیان سپاردن لەسوجدەدا و لە حزووری هەزرەتداﷺ ئاخۆ بە چەپڵەو پارەو ناوبانگێگ دەپێورێت؟! کامە دبلۆم و کامە پسپۆڕی پێی دەگات؟ ئەو خوای خۆی زۆر خۆشویست، پەروەردگاریش ڕۆحی ئەوی لەشیاوترین پێگەو جێگەدا بۆ لای خۆی بردەوەو بەرەو بەهەشت هەڵی فڕاند.

بەر لەوەی مستەفا دەستی بەردەستم بکەوێ، وەکو صوهەیب ڕۆیشت بەرەو مەنزڵی هەمیشەیی، بەڵام بەداخەوە نەبوومە حیفای شایستە بەو، تەنها دڵنەوایی من ئەوە بوو کە بوویووم بە مارەکراوو هاوسەری بەندەیەکی زۆر خۆشەویستی خوای مەزنم، ئەو ئەگەر خۆیشی بڕوات، ناو و ئەوینی لەلای من دەمێنێتەوە، کەسایەتی ئەو دەبووە گەورەترین شەرەفی من لەژیانمدا، ئیتر بەدرێژایی تەمەنم بەخەیاڵی گەیشتنەوە بەو لەئاخیرەتدا دەژیام، ڕۆژەکانم یان لەسەر مەزاری مستەفا یاخود لە مزگەوتەکەی حەزرەتداﷺ بەسەر دەبرد.

ئیتر بڕیارو پەیمانم بەخۆم دابوو کە دەبێت لەنێوان ئەو دوو دنیایەدا بمێنمەوە، ژیان و حاڵ و لانەی من لێرەبوو نەبەخەیاڵ و نەبەڕاستی بۆ چرکەیەك لەمستەفای نووری ژیانم جیانەدەبوومەوە،

بەڵام ئەو پەیامەی لەستەفاوە هات، هەموو شتێکی سەرەو ژوور کرد.

ئەو ڕۆژە دیسان چوومەوە حزووری حەزرەتﷺ بەهەمور بوونەوە دەپارامەوەو داوای شەفاعەتم دەکرد:

خۆشەویستی خۆشەویستەکانﷺ.. یەکێک لە ئومەتەکەی خۆت کە زۆری خۆشویستیت بەرەو لای تۆ بەڕێکرا، خۆت شەفاعەتی بۆ بکە تا لە سایەی ڕەحمەتی پەروەردگاردا بمێنێتەوە، من ئەوم زۆر خۆشویست، تۆش ئەوت خۆشبووێت، ئەو شەوە دیسان تا بەیانی لە مزگەوتی پێغەمبەر و لە حزووری حەزرەتداﷺ بۆ دوعاو پاڕانەوەکانم مامەوە، لەنزیکی بەیانیدا هەر لەسەر بەرماڵەکەم خەوەنوچکەیەک بردمیەوە.

خودایە، ئەوەی لەخەونمدا دەمبینی دووبارە باخچەیەک بوو لە بەهەشت، مستەفاو دایکی لەسەراو ساباتەکەیاندا دانیشتبوون. مستەفا پێی وتم:

– خەم مەخۆ.. ژیانی دنیا زۆر کورتە.. تۆ تەسلیمی خوا ببەو بۆ ئەو بژی، بیرت نەچێت ئەوەی پشت بەو ببەستێت دەیباتەوە، ئەوەی سەرپێچی بکات دۆزەخدویەتی...

خوای گەورەم، لەبەر ئەوەی تەمەنم کەمی مابوو، ڕێگەی بەهاوسەرگیریمان نەدا و، بێ ئەوەی چێژوو کەیفی دنیاییم پێ بچێژێت منی بردەوە لای خۆی و شیاوی چێژە بەهەشتیەکانی کردم،

بۆ چەشتنی لەزەتی ڕاستەقینەی هاوسەرگیری، من لێرە چاوەڕێت دەکەم، لەبیرت نەچێت کە ئەو کەسانەی لەدنیادا تەمەنیان بۆ خوا سەرف دەکەن و ناپەرژێنە سەر ڕێوڕەسمی ئاهەنگی هاوسەرگیریان. پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی لە بەهەشت ئەو ئاهەنگەیان بۆ سازدەکات، ئەو لێرە خەڵات و دیاریمان پێشکەش دەکات. هەموو ئەهلی ئیمان و قورئان دەبنە میوانی بۆنەکەمان، بۆ بەدەست هێنانی ئەم نیعمەتە نەبڕاوەیە هەزار جاریش بمرین هێشتا کەمە، لەجێی هاوسەرگیریەکی فانی، هاوسەرگیریەکی باقی چاوەڕێمان دەکات...

تۆ بگەڕێوە نیشتمان و لەوێ بەردەوامی بەخزمەتەکانت بدە، ئەوێ دڵی جیهانی ئیسلامییە ئەو ڕۆژەی ئەو دڵە ڕزگاری دەبێت، دنیای ئیسلامی هەڵدەستێتەوە سەر پێ، ئەگەر ئەو دڵە تووشی نەخۆشیەك ببێت، دنیای ئیسلامی لاواز دەبێت، خزمەتی ڕاستەقینە لەوێیە لێرە دڵت بەتەنها لەبەر خۆت لێدەدات، بگەڕێرەوە ئەوێ و تەمەنت لەپێناو سەلامەتی ئیمانی هەزاران گەنج سەرف بکە. ئەوێ سەنگەری پاراستنی ئیمانە، ئەم کارەش لەتۆ دێت....

لەدەرگای گۆڕدا چاوەڕوانیت دەکەم...

ئیتر نەخشە ڕێگام دیاری کرابوو:

بەنیازی بەدەست هێنانی ڕەزامەندی ئیلاهی، دەبوو شەوو ڕۆژ لە ڕێگەی خزمەتی ئەم قورئان و ئیمانەدا بژیم.. بۆ ئەوەی شیاوی سەرەتا پەروەردگارم پاشان مستەفا بم قورئان و سوننەتم کردبووە ڕابەر و بەرنامەی ژیانم.

ئەو مستەفایەی کە لەگیانی خۆم خۆشترم دەویست، سپاردم بە خۆشەویسترین زات و بۆ گەڕانەوەم بەرەو وڵات ئامادەکاریم کرد، دواییں جار کە چوومە سەر مەزارەکە لە چ حەسرەتێکدا ژیام تا مردن لەبیرم ناچێتەوە... لەوێ بۆ جارێکی ترو بۆ دواییں جار بەپارانەوەو ڕازی دڵ هەڵڕشتن دەرمانی ڕۆحمم کرد بۆ جارێکی تر لەسەر مەزارەکەی فرمێسکم ڕشت و لەخوا داوام کرد بەزووترین کات بەوم بگەیەنێتەوە.

کاتێک بیرم لەوە دەکردەوە بەناسوودەییەوە بەرەو وڵات بگەڕێمەوەو دەست بکەم بەخزمەتەکانم، بەرلەوەی سواری فڕۆکەکەببم، ئەو هەواڵەی پێم گەیشت دووبارە ڕووخاندمیەوە.

دایکم کە لە شارێکی ئیتاڵیا دوور لەچاوەکان لەلایەن چەند دۆستێکەوە دەپارێزرا، دەستی ناپاکەکانی پێ گەیشتووەو بۆتە قوربانی هەڵەکانی باوکم.

ئاه دایکە...!

من چاوەڕوانی ئەم هەواڵەم نەدەکرد...لەبەر ئەوەی زیانت پێ نەگات تۆم ناردە ئەو جێگەیە کە بەباوەڕ پێکراوم دەزانی بەڵام وا نەبوو...

ئەو خوێن مژانەی لەمڕۆڤایەتیدا پشکێکیان نەبۆتە نسیب، بۆ ئەوەی هەڕەشەیەك بەمن بگەیەنن، سەرەتا بێ ڕەحمانە دەستیان گەیاندۆتە تۆ...

بەم هەواڵە چەندە خەفەتم خوارد. چەند گریام و نارەحەت بووم.. تاکە ئومێدو تاکە هاوڕازو هاوڕێشم لەدنیادا ماڵئاوایی لێکردم.

لەدەستدانی مستەفاو دایکم هەموو هێزو توانایەکی لێ سەندبوومەوە وەکو جەنازەیەکی زیندووم لێهاتبوو.

لەدوای ئەو کوشتنە دڕندانەیەی دایکم، دەمزانی کە نۆرەی من هاتووە... ئە مرۆڤ کۆڕە چاوبرسیانە دایکمیان لە ئیتاڵیا دۆزیبوویەوەو لەپەنایەکداو دوور لەچاوی خەڵکی کوشتبوویان، دەمزانی بۆ گەیاندنی منیش بەهەمان سەرەنجامی دایکم، هەرگیز دەست هەڵناگرن، هەر بە دابەزینم لە فڕۆکەکە پەیوەندیم بە دۆستە باوەڕپێکراوەکانمەوە کرد، لەبەرامبەر ئەو زانیارییانەی دەستم کەوتبوون، ڕۆژانێکی سەخت و بێئامان چاوەڕێم بوون لە ژیانمدا، چونکە کەسانێکی زۆر بەقیافەو ڕوخساری جۆراو جۆرەوە بۆ دۆزینەوەی من، جێگە نەمابوو سەری لێ نەدەن و، ناونیشان نەمابوو بۆی نەچن... ئیتر دەمزانی هەر کاتێك بێت و بەهەر فێڵێك بێت.

لـەپێناو تۆڵەسـەندنەوەدا کەسـانێکی چـەکدار دادەبارنـە سـەرم. بەکورتیەکەی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی بۆنەیەکی خۆشناوی هـەموو شـتێك ئامادەبوو، ئەم بارودۆخە هەستیارە تەواو ناڕەحەتی کرد بووم و لـەو کاتەدا کە بـیرم دەکردەوە چی بکـەم و بچمە کوێ! لـەو ئۆتێلـەی تیایدا دەمامەوە تەلەفونم بۆ هاوڕێیـەکم کـرد، بـەڵام ئـەوەی لـەوەوە بیستم، بەجارێك ڕەنگی هەموو شتێکی گۆڕی.

فریشتە و دایکـی زۆر ناڕەحـەتی مـن بـوون و هـەر بەگەرانـەوەم داوای سەردانی کردنـی منیـان کـردووە، ئـەو دایك و کچـە کـە وانـەی ژیانیـان بـەمن دا، لـەو کاتـەی لـە سـەختترین، بـاری ژیانمـدا بـووم پەیامـەکانیان منـی پاراسـت و هێـزی پـێ بەخشـیم، وادیسـان پـەروەردگارم وەکـو گـەورەترین پـاڕێزەر بـەرەو لای ئـەوان ڕەوانـەم دەکات.

لەو خانووە تازەیەدا کە بۆمـان ڕێکخسـت بـوون کاتێك بەدیداری ئەو دوو مرۆڤە ڕۆح پاکە شادبوومەوە، وەك بڵێی لەخۆشحاڵیدا هەموو شتێکم بیرچووەوە، بەبینینی ئەوان هەموو ئەندێشەو ئـازاری دەروونم سڕایەوەو چوومە دنیای پڕ لە ئاسوودەیی ئەوانەوە.

بەدۆستایەتی و حەسرەتێکی گەرمەوە، وەکو دایکێکـی میهرەبـان ئەو خانمە لاوازە کە لەسەر جێگەکەی پاڵکـەوتبوو لەباوەشـی گـرتم و بۆنی پێوە دەکردم:

– بەقوربانت بم بەخێر هاتیت....چەندە لەخەمی تۆدا بووین، ئەی ئەو پاکیزەیی وناسکیەی لە فریشتەدا هەبوو! خودایە ئەوە لەکەسێکی تردا دەبینرێت؟!

ئەم دوو مرۆڤە هیچ لەبیری دەردە دنیاییەکاندا نین، وەکو مرۆڤە خەیاڵاویەکان لەهەست بەرزی و ئیمانی ئەمانە ڕامابووم.. لەناو ئەمانەدا بم هیچ کەس ناتوانێت بمدۆزێتەوەو دەستی پێم بگات.

دایکی فریشتە وتی:

– خوشکەکەم مەترسە.. بە بێ ویستی خوای گەورە هیچ کەس زیانت پێ ناگەیەنێت، بەڵام ئەو کاتەی پەروەردگارم ویستی گیان کێشانی کەسێکی هەبوو، هەموو مرۆڤایەتی پێکەوە هەوڵ بدەن، ناتوانن ئەو سەرەنجامەت بگۆڕن، ناخی دەخوێندەوە، وەک باڵێی هەنگاو هەنگاو بەسەر هاتەکانم دەزانێت..

– ئێتر لێرە پارێزراویت... کوشتنی ئێمە، دەبێتە خۆکوژی خۆیان چونکە پەروەردگار بەندە بێ کەس و بێ پارێزەرەکانی بۆ کەس بەجێ ناهێڵێت، بەڵکو بەتایبەت خۆی پارێزگاریان دەکات.

کەمێك چاوەکانی گێڕاو دواتر ڕوانینەکانی هێنایەوە سەر من و لەناکاو دەستی کردە گریان..

– خوشکەکەم، دەزانیت زۆر ئێرەییم بەتۆ برد.

– أستغفر الله...من کێم کە ئێرەییم پێ بەرن؟ من تەنها بەندەیەکی گوناهبارم، هەر ئەوەندە.

– بۆ مستەفای برایشمان زۆر گریام، زۆر ناڕەحەت بووم، منیش دووعام دەکرد خوایە منیش لەسوجدەدا بگەڕێنەوە لای خۆت بەڵام من لەکوێ وئەو ئیمانە لەکوێ؟

سەرلەنوێ بریندەکانم کولانەوە، سەر لەنوێ ئاگری هەستەکانم بڵێسەیان سەندەوە، ئەو هەر بەردەوام بوو لەقسەکانی:

– ئەو بەسەرهاتەی دایکیشت زۆر کاری تێکردم...

بەسەرسوڕمانەوە چاوم لەچاوەکانی ڕوانی و بەو مانایەی پەرۆشی ئەوەم بزانم ئەو چۆن ئاگاداری ئەو بارودۆخەی من و دایکم بووە!

چونکە باسی کوشتنەکەی دایکم هێشتا بەنهێنی مابوەوە، ژانیاریەکی تەواوی باوەڕپێکراوم لە ڕووداوەکە پێنەگەیشتبوو.

– دایکت لەدوای مردنی باوکتەوە، باوەڕێکی هێنا بوو کە ئەگەر ئەو ئیمانەی دابەش بکرایە، بەشی سەدانی وەکو منی دەکرد. ئەوەندە بەم قسانەی پەرۆشی کرد بووم..! ئاخر ئەو هەموو ئەوانەی چۆن دەزانی؟! ئەو هەر بەردەوام بوو..

– ئەی نرخی ئەو دوایین ساتانەی...!

ئیتر من بەبێ ئەوەی هیچ پرسیارێك بکەم خۆم ڕاگرت، گوێم بۆ ئەو باسانە ڕاگرت کە ئەو ئاگاداریان بوو.

– ئەویش وەکو مستەفا، دوا هەناسەی لە سوجدەدا بەخشیووە. پیاو کۆژەکان لە سوجدەدا دەستیان گەیاندوەتە ئەو و گیانی

سپاردووه، ئەو فیشەکەی داویانە لە لاشەی، پلەی ئەوی لە بەهەشتدا بەرز کردوەتەوە.

پەروەردگارم! ئەو بەندە زۆر خۆشەویستەی تۆ، چی دەوت؟ دڵی ئەو مرۆڤە نازیزە چەندە کراوە بوو، ئەو کەسانێکە لە لێواری مەرگدا ماوەتەوەو جگە لەناوی خوا شتێکی تر نازانێت، بەڵام وەک بڵێی هەموو پووداوو پێشهاتەکان لە شاشەی دەروونەوە وەکو فیلم تەماشا دەکات.

لە مەدینەش لەناو مزگەوتەکەی پێغەمبەردا ﷺ چەندین جار خۆییم بینی بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دڵنیا بووم کەسێکە ناتوانێت هەستێتە سەر پێ، دەموت لێرە چی دەکات! بۆیە وای بۆ چووم کە هاوشێوەیەکی ئەوەو گرنگیم پێ نەدا.

ئێستا لە هەموو شتێك باشتر تێدەگەیشتم، ئەم مرۆڤە لاشەی لەسەر جێگەکەی کەوتووە، بەڵام دڵ و رۆحی لەناو قوواڵترین نهێنیەکانی گەردوونـدا دەسوڕێتەوە، لە ئیکرام و ئیحسانی زۆر تایبەتی پەروەردگارا ئامادەبوو.

چەندین جار لەخودا پارامەوە کە لەجیاتی ئەوەی تەمەنم بەتەندروستییەکی باش و دەوڵەمەندی و خەیاڵ بڵاویەوە بەسەربەرم، لەتەنیشت ئەم خانەو لەگەڵ ئەم دوو مرۆڤەدا کە جگە لەخوا کەسێکی تریان نییە، منیش بژیامایە...

ئێستا لەژێر چاودێری مەعنەوی ئەم دوو مرۆڤە فریشتە ئاسایەدا پڕۆژەکانی ژیانم دەگوزەرێنم، مێشکیشم بەردەوام لەلای مستەفا وتەکانیەتی کە وەکو ئامۆژگاری بۆم بەجێ ماون...

– تۆ لەجێی خۆت بەئاسوودەیی بخەوە... بیرت بێت، کە من بەردەوام دەبم لە شەکاندنەوەی ئالاکەت، تەنانەت ئەوەندە هەوڵەکانم دەخەمەگەڕ، تا دەست بۆ ئەو خزمەتانەش دەبەم کە تۆ دەتویست ئەنجامیان بدەیت... ئاسوودەبەو چاوەڕێم کە... لەوادەی داهاتوومانداً لەگەڵ قوتابیە دەروون پاکەکانم بەرنامەڕێژیەکی چڕو پڕمان هەیە، لەهەموو نوێژێکمدا دوعا بۆ بەردەوامی ئەم کارانەم دەکەم تا لەژیاندا دەبم... ئەگەر لەسەر سکالاّو شکاتەکانیشم پرسیار دەکەن، منیش دەڵێم ئەوانەی کە دەیانەوێت ئەم مەملەکەتە بشێوێنن و بیری گەنجەکان وەکو دنیای تاریک و پیسی خۆیان تێک بدەن، ئەوا دانە دانە سزای کارەکانیان وەردەگرن، ئەگەر لەم دنیاش ڕزگاریان بێت، ئاخیرەت چاوەڕێیانە....

منیش لەهەر ساتێکدا چاوەڕێی میوانە پڕ ڕازەکەم کە دەرگام بکاتەوە.

وەرە... چی دەبێت وەرەو من بگەیەنە سەرەتا بەخەزەتی پاشان بە مستەفا...

وەرەو ئەوەندە لە چاوەڕوانیدا مەهێڵەوە..

زۆر بیری ئەوان دەکەم، زۆریش ....

پێڕست

پێشەکی..... ٥

بەشی یەکەم

هەموو شتێك لەئاگرێکەوە دەستی پێ کرد..... ٧

بەشی دووەم

لەناو ڕووداوە پڕ نهێنیەکاندا ون بوو بووم..... ٥٩

بەشی سێیەم

ئەو فریشتەیەی چاوەڕێم دەکرد سەرسامی کردم..... ١٣٧

بەشی چوارەم

تاقیکردنەوەی ژیانم لەڕاستیدا ئێستا دەستی پێ
دەکرد..... ١٥٩

بەشی پێنجەم

خودایە ژیانێکی لەم جۆرە! ئەمە گیان بەرگەی
دەگرێت!..... ١٨١

پێڕست..... ٢٠٦

SECDEDE SON NEFES

HALİT ERTUĞRUL

بەڕێز ماموّستا خالید ئێرتوغرولّ

من لە کەشێکی دوور لە بنەما ئایینیەکان گەورە بووم..

لە پێشانگایەکی کتێبدا، پەرتوکێکتان بە ناوی (دوایین هەناسە لە سوجدەدا) سەرنجی ڕاکێشام، لە دڵی خۆمدا وتم "باسەیرێکی بکەم" بۆئەوەی بزانم چی لەخۆگرتووە، گرتم بەدەستمەوە، بەڵام ئیدی نەمتوانی دەست بەردارى ببم..

عەشقێکی پاك وبێگەرد..

حەسرەتێکی ئەفسانەیی..

تەمەنێکی لە سوجدەدا دواهاتوو..

بە سەرسامیەوە وتم: "شتی وانابێت "

ئەو شەوە: لە نێوان لاپەڕەکاندا و لە ناو لافاوی هەستمدا نوقم بووم ، نەمدەتوانی ڕێ لە فرمێسکەکانم بگرم.

ئەو شەوە: لەگەڵ حەقیقەتی بوونمدا ڕوو بەڕوو بوومەوە، بەندایەتی خۆمم بیرهاتەوە.

ئەو شەوە: هەستم بەو ئاسودەییە لەباس نەهاتووەی سوجدە کرد.

ئەو شەوە: بە پەروەردگارم گەیشتم. چونکە ئەو شەوە بەبیرتان هێنامەوە کێم..

لەگەڵ ڕێزو سوپاسی بێپایانم

خوێنەرێکی بەهەستی کتێبەکانتان

ISBN 0-0100-0000-3

9 780010 000009

نرخی (۳۵۰۰) دیناره

ناوەندی ئارا بۆ بڵاوکردنەوە

ARA Media Center

ara.m@hotmail.com